
# دەوڵەتی
# ئیسلامی لەعێراق و شام
# (داعش)
# یان
# دەوڵەتی خێڵەکی عارەبی
# لەدەورانی مۆدێرندا



کاوە نادر قادر

# دەوڵەتی

# ئیسلامی لەعێراق و شام

# (داعش)

# یان

# دەوڵەتی خێڵەکی عارەبی لەدەورانی مۆدێرندا

کاوە نادر قادر

هەولێر _ کوردستان

٢٠١٦

## پێرست


پێشەکی ........................................................ ٧

بەشی یەکەم ..........................................

داعش کوڕی ڕۆژێک نییە......... ......................... ١٠

چۆنیەتی دروستبوونی داعش..... ............................ ١٣

تایبەتمەنییەکانی داعش.... .. ...... ......................... ١٧

داعش لە نێوان سروشتی دروستکراوەیدا.. ................. ٢٠

بەشی دووەم .......................................

مانەوەو و بەرفراوانی وەک ستراتیژیەتی داعش............ ٢٥

هەیکەلیەتی دەوڵەتی داعش..................................... ٢٧

گرنگترین سەرکردەی داعش،................................ ٣٢

گروپەکانی سەر بەداعش لە دونیادا.......................... ٣٥

بەشی سێیەم ..................

سروشتی خێلەکیەتی داعش ..................................... ٣٩

سوپای ئەلکترۆنی و راگەیاندنی داعش ........................ ٤١

راکێشانی کۆچەری رۆژئاواوە..................................... ٤٣

داعش سیاسەتی بەعێراقیبوون........................................ ٤٥
برەودان بە تەکفیر لە لای داعش........................................ ٤٧
سیاسەتی قوڵکردنەوەی تەوەحش ........................................ ٥٠
سەلفیەتی جیهادی  و خێڵەکی داعش........................................ ٥٣

## بەشی چوارەم ..............................

## رەگ و ریشەی فیکر و ئایدۆلۆژیای داعش

ئیدۆلۆژیای سەلفیەت لە سەدەیەکدا ........................................ ٥٦
داعش و ئەلقاعیدە لە ناکۆکییە سیاسییەکانیاندا ........................ ٥٩
دەقی سواوە و واقیعی ئالۆز ........................................ ٦١
تێکست ئەقل دەکوژێنێتەوە ........................................ ٦٤
کودەتای داعش و خیلافەت ........................................ ٦٧
تەکفیرکردنی موسڵمانان لەلای داعشدا........................................ ٧٣

## بەشی پێنجەم ........................

## شەڕی نێودەوڵەتی دژی داعش.

لەکشانەوەی ئەمریکاوە بۆ شەڕی دژی داعش........................ ٧٩
ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما- شەڕ لەدوورەوە........................ ٨١

ئەو وڵاتانەی بەشداری هاوپەیمانەتین................................٨٢
ئاستەنگەکانی پێش ستراتیژیەکە...................................٨٤
توانا سەربازییەکانی داعش........................................٨٦
دیلە سەربڕاو و سوتاوەکانی دەستی داعش..................٨٩
داهاتووی داعش پەیوەستە بە دەوڵەتی خیلافەت................٩٠
بەشی شەشەم ..........................................
تیرۆری جیهادی ئیسلامی و دروستکردنی ترس لە ئەوروپا
توندوتیژی و کرانەوەی رەوەندی ئیسلامی لە ئەوروپا............٩٣
خراپترین رەفتار لەنێوکۆمەڵگەی مۆدێرن...........................٩٧
کێشەی عەقل نەک دەق و "مۆسیقاژەنی تایتینگ...............١٠٠
ئاشتەوای لەنیوان ئیسلامی سیاسی و رەخنەگرانی..............١٠٢
بەشی حەوتەم...................
داعش بۆ هاتە کوردستان ....................................١٠٥
داعش شەڕ و گەلیش کوردستانیەتی دەبەخشی ............ ١٠٧
ژانەکانی شەڕی داعش سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە ...........١٠٩
کۆبانی و تێکشکانی دژە کوردستانییەکان.......................١١٢
شکستەکانی داعش و سەرەتای کۆتایی .....................١١٩

## بەشی هەشتەم................................


داعش بەرهەمێکی گۆڕانکارییەکانە ................................١٢٢

دەوڵەتی نامۆی داعش و میکانیزمی خیلافەت ...................١٢٥

داعش و بیدعە.......................................................١٢٩

ڕیزبەندیەکان لە سایە سەرهەڵدانی داعش ......................١٣١

داعش دەوڵەتی کفرە یان ئیسلام.....................................١٣٣


## بەشی نۆیەم.....................................................


رێگەی دەربازبوون.....................................................١٣٦

هۆکاری ناوخۆییەکان سەرهەڵدانی داعش......................١٣٨

هۆکاری دەرەکی.....................................................١٤٢

ئیرهابی فکری کۆڵەگەی سەرەکی داعشە .......................١٤٤

# پێشەکی

تاهێزە ئیسلامییە سیاسییەکان وا بیر بکەنەوە، کە چارەسەری لەڕێگەی هێزەوە دەبینەوە !!؟، ئەوا قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی قوڵتر دەبێتەوە و لەعەقلانیەت و چارەسەری واقیعیانە دوور دەکەونەوە!!، فۆبیای سەلەفگەری جیهادی!!وتەوزیفکردنی و بەکارهێنانی شێوازی وەحشیگەریانە بۆ مەرامی سیاسی و خۆسەپاندن بەسەر خەڵک ، کە داعش لەبەڕێوەبردنی هیچی نەشاردۆتەوە!!، رەفتاری وەحشیگەری لەئیدارەکردن کە ئینفسامیەتی لەگەڵ واقیع و دونیای تازەی پێشکەوتوو دروستکردوو، هەر هێندەیە ئەو وەحشیگەریەتییە دەوڵەتی خیلافەت وبە ناوی ئایین هەڵ دەسوڕێنێ! بۆیە ئیسلامگەراکان، ئەرکی لەخەڵکانێکی دیکە لەپێشترە بۆ ئەوەی راستی ئیسلام لەو وەحشیگەریەی داعش هاوێر بکات !!!!؟ و بوێرتر بێنە مەیدان و تەکفیریان بکەن!!! ، کاتێ خۆی لێ دەدزنەوە ، ئەوە وادەگەینێت کە خۆشیان تۆی داعشگەراییان تێدایە وئەوانیش دەرفەتی داعشیان هەبێت ، خلە لەبلە باشتر نابێت!!!؟. داعش یەکێ لەئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دژایەتی پرۆژەی نەتەوەیی کوردستانە و ئەوەی بە کۆنتراک لەتورکیایان گرتووە و ئێستا لەشەڕێکی خوێناویدایە لەگەڵ باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا، کە خۆشبەختانە مێژووی گووتی و میدییەکان خۆی نوێکردەوە بە تێکشکاندنی جەبەروت و دێوەزمەی داعش لەسەر دەستی شۆڕشگێرانی کوردستان!!! ، کۆبانی و کەرکوک و گرێسپی و شەڕەکانی ئەمداوییەی شنگال و بەنداوی موسڵ و حەسەکەو رەقەو جرابلس ،ئەو قسەی سەرەوەمان دەسەلمێنێ و پرۆژەی پەلاماردانی داعش بۆ سەرناوچە کوردستانییەکان، پرۆژەیەکی ئەردوگانی و سونەی عارەبیە!! مسۆگەریش ئەو ژانەی کە کوردستانیان بەدەستی داعش دەیچێژین ، ئەوا دەسکەوتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و هێماکان ئەوە نیشان دەدەن لەسەربەخۆیی و رزگاریی یەکجارەکی کوردستان نزیک دەبێتەوە!! .ئەم نوسینەشم ئەو کاتە دەستپێکرد کە داعش پەلاماری

باشووری کوردستان، به تایبه‌تی ناوچه‌ی شنگال و مه‌خمووری دا، ئه‌و کاته‌ی هه‌ستم به ئازارو ده‌رده‌سه‌رییه‌کانی شنگال و ئه‌وجا ئاواره‌کانی مه‌خموور کرد که له‌سه‌رده‌ستی ئه‌و داعشانه ئه‌نجامدران و مه‌رامی راسته‌قینه‌ی کۆنتراکته‌که‌یان روونتر بۆوه‌و خۆم کۆ کرده‌وه‌و که‌وتمه گه‌ڕان به‌دوای سه‌رچاوه له‌سه‌رماهیه‌تی و دروستبوونی داعش، لێتان ناشێرمه‌وه،ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی به‌رده‌ستمن زۆربه‌ی نووسه‌ره‌کان عاره‌ب بوون که له‌لایه‌ک کفتایی دڵمی نه‌ده‌ێخست و له‌لای دیکه زۆربه‌یان لایه‌نگیری عاره‌بچێتیان هه‌ست پی ده‌کرێت!!!! ، نووسه‌ره بیانیه‌کانێش زۆربه‌یان به گیانی دژه ئیسلام نوسیویانه و هه‌وڵم داوه خۆم له‌هه‌ردوو لادا بگرم و باباتیانه شێکردنه‌وه‌کان بنوسم ، ئومێده‌وارم نه‌که‌وتبمه ژێر کاریگه‌ری هیچ لایکیان و" کتێب نه‌ی بردبم " به‌لایکیاندا.

کاوه نادر قادر

هه‌ولێر_ کوردستان

ئابی ٢٠١٥

# بەشی یەکەم

- داعش کوڕی رۆژێک نییە
- چۆنیەتی دروستبوونی داعش
- تایبەتمەنییەکانی داعش
- داعش لە نێوان سروشتی دروستکراوەیدا

# داعش کوڕی ڕۆژێک نییە

دیاردەی داعش لەرووی فکر و رەفتاردا لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ، دەمێکە بەڕێگەوەیە ، نوسەرێک دەڵێ " وەک هەندێک ئەستێرەیە تیشکی ئێستا پێمان دەگات " ، رەگوڕیشەی زۆربەی رەفتارەکانیان بۆ دەورانێک دەگەڕێتەوە کە ئیسلام ناوی ناوە نەزانین (جاهیلی)ولەکاتی دەسەلاتی ئەمەوییەکان ئەو رەفتارە ئاوێزانی هەندێک لایەنی فقهە ئیسلامی بوو و ئێستاش لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە بۆیەکی ئایینی خۆی نمایشدەکاتەوە!!،" تیرۆر گەورەترین خزمەتی دوژمنانی ئیسلام دەکا، بۆتە نەخۆشیەکی گەورەی ئیسلام [1]،هەر ئایین کەلتوور دروست ناکات !، بەڵکوو کەلتووریش پێدزە دەکاو دەخزێتە ناو هەندێ جومگەکانی ئایین !!و ناهێڵێ ئایین بە پوخت و خاوێن لەمێشکی مرۆڤدا بمێنێتەوە! و بەڵکوو ماسکی ئایینی لەسەر دەکا و بەناوی خودا ئەو نەریت و کەلتوورانە ! دەکاتە بەشێک ئایین!! و لەراستیشدا ئەو جۆرە تێزانە،ئایینێکی بێ خودایە!!! کە (تعصب وغنیمة) تێکەڵ بە عەقیدە وشەرع دەکات! و هەر بۆیە ئەدینوسی شاعیری سوری گۆتەنی" تیرۆر بەشێکە لەمێژووی عارەب[2]، بە تایبەتی کەمرۆڤ بونەوەرێکی دینامیکییە ولەگۆڕان ناوەستێ،خوێندنەوەکانی بەرەو ئەو ئارەزووانە دەبات کە لەناو هەناوی خۆی دەژیت و بەرژەوەندی دێنێتە دی!! و"هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی دی[3] ،ئیسلام ئاراستەکانی بۆ عارەبی جاهیل بوو ، ئیسلام چەندە کاریگەری لەسەر مرۆڤی عارەبکردووە ، عارەبی جاهیلیش کە هاتە ناو ئایینی ئیسلام، هێندە کاریگەری کردە سەر هەندێک لایەنی ئایینی ئیسلام و

---

١ روجیە غارودی/الاصولیات المعاصرة اسبابها و مظاهرها تعریب د. خلیل احمد خلیل.......ص٧

٢ _ئەدینوس"عەلی ئەحمەد سەعید ئیسبەر" نازناوەکەی لە ئەفسانەیەکی فینیقی وەرگرتو شاعیرێکی سوریە و رای وایە لەوەتەی دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو ، لەشەڕی "هەڵگەڕاوەکان " بەو مەبەستەی " ئاسمان لەخۆ رازی دەکەن " لە ئیسلام ئەو دیاردەیە هەیە.

٣ حنة اردنت/ في العنف...................ص٣٢

لەدەروازەی فیقهە و شەرع خۆی خزاندە ناو هەندێ لەجومگەکانی ئایینی ئیسلام!!، تاڵان و بڕۆ کەیەکێ لەسیماکانی خێڵەکی عارەبییە، بەناوی ئایین لەفقهە ئیسلامی رەوایی زۆری پێدرا !!، لەکاتێکدا شەڕ ئەو کاتە لەئیسلام رەوایی دەبێ کە "هەڕەشەیەک بۆ سەر ژیان و کەسوکار و خاکی مرۆڤی موسڵمان هەبێت![4] ، کەچی سەلەفییە جیهادییەکان بێ قەید و شەرت کۆمەڵگەی ئێستای ئیسلامیان کردۆتە" دار سلام و دار الحرب " ،کە لە ئیسلامدا بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەی ئەرکەکانی ئایینی ئیسلام بە جێدەگەیەنێنن، بەڵام ئەوەی لەگەڵ تێزەکانیان نەبێ ، دەکەوێتە نێو دارالحرب ،!! بە "کۆمەڵگەی جاهیلی دادەنێ چونکە بە شەریعەتی ئیسلام دەسەڵات بەڕێوە نابەن[5] ، سەربڕین، زیندەبەچاڵ ، کۆیلەکردن..... هتد ئەمانە هەمووی نەریتی خێڵەکی عارەبی بووە نەک ئیسلامی!! بەرامبەریان بەڕێوە دەبرێت ، هەروەک عەلی وردی دەڵێ" مهنە لەمهانە یانی سوکایەتی" لەزمانی عارەبی هاتووە !!!، عارەبی بەدو، پیشە و کار بە شەرمەزاری بۆ خۆی دەزانێ ، بۆیە دەیەوێ بە زەبری شیر نان بۆ بژێوی ژیان پەیدا بکات!!!، "وێن العدو احنا البدو" بەجۆرێکی دیکە لەسەلەفیەتی جیهادی گوزارشتی لێکراوەتەوە!! ، مرۆڤەکان وەک یەک لەدایک دەبن ، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەر هەیە ئەو مرۆڤانە دەخوڵقێنێتەوەو زۆر جار دەیکاتە گورگ ئاسا "هەرجیناتی مرۆڤ دروست ناکات بەڵکوو ژینگەو پەروەردەش مرۆڤ دەخوڵقێنێ"[6]، تیرۆرستیش بە تیرۆرستی لەدایک نابێت بەڵکووبە"هۆی کۆمەڵێک هۆکاری ژینگەو کۆمەڵایەتی و سیاسی وعەقائیدی دروست دەبێت "[7] بەم شێوەیە مرۆڤێکی نامۆ دەردەچێ و"تووشی رەشبینی لەهەموو شتێک دەبێ تەنیا راستییەکان لای خۆی دەبینێ"[8]کاتێ مرۆڤ بە ئەقلی رابردوو

---

٤ - رضوان السيد/ سياسات الاسلام المعاصر ..... ص١٣٦
٥ هەمان سەرچاوە.............ص١٣٥
٦ گۆڤاری گوڵان/ ئازاد قەزاز_ داعش لە گۆشەنیگەی سایکۆپۆلتیکەوە......ل ٣٤-٣٦
٧ فرانسيس فۆکۆياما/نهايةالانسان و عواقب الثورة البيوتكنولوجية – ت احمد مستجير – ابريل ٢٠٠٢/ ص٦٤
٨ ابراهيم الحيدري/ سوسيولوجيا العنف و الارهاب – دارالساقى – طبعة الاولى ٢٠٠٥.......ص٢١٧

**شەقاو بۆ داهاتوو بنێ و هەر بە بەرهەمی مردووەکان بژیت و بیجوڵێنێ و ئەو تەڵبەندانەی کە بەدەوریدا کێشراون نەبینێ !!، ئازاد نابێ و ناتوانێ ئاراستەی مێژوو بگۆڕێ و هەر بە دیلی لەزیندان دەمێنێتەوە و پەیڕەوکردنی دەقی هەزاران ساڵ و لێکدانەوەی بیرمەندی مردووی چەندین سەدان ساڵە!!! ، کە بۆ ئەوڕۆ ئەفسانەیە ، دەرچوون لەو زیندانەش هێندە ئاسان نییە " تەسەورات هەنگەمە بۆ مرۆڤ دروست دەکات"** [٩] **،**
**بۆیەلەسەرهەڵدانی ئیسلام رواوە، وا ئاوی بدات بێ ئەوەی بزانێ ئێستا ئیسلام بۆتە پارک".** [١٠] **عەلی شەریعەتی گوتەنی "نەخوێندنەوەی پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامی بەو مێژووەی، چواردە سەدە فت دەکا** [١١] **و لاهوتییەتی ئیسلام هەر بە دۆگمایی دەمێنێتەوە وبەردەوام بۆ دواوە دەگەڕیتەوە "** [١٢] **، و هاشم سالحی جەزائیریش گۆتەنێ تا" ئەو دیاردانە نەیەتە سەر ئاو نەخۆشیەکە بە دەرناکەوێ "، بۆیە دەڵێین داعش "هەموو نەخۆشیەکە نییە بەڵکوونیشانەیەکی نەخۆشیەکەیە**

---

٩ هەمان سەرچاوە ............... ص٢٢٦
١٠ جدو كريشنامورتى/ الحرية من المعلوم ...............ص٧٢
١١ گۆڤاری گولان/ئازاد قەزاز_داعش لە گۆشەنیگەی سایکۆپۆلتیکەوە ل ٣٦
١٢ محمد اركون / نحو تاريخ مقارن للأديان التوحيدية- طبحة الاولى ٢٠١١......ص٢٥

- لە راستیدا تا ئەو کیتابە و (ادارة التوحش)ی ابوبکر ناجیم نەخوێندەوە باوەڕم نەدەکرد کەئەوتاوانبارانە بەو شێوە بێزەوەرەوە توانیویانە ئاینی ئیسلام وا نیشان بدەن کە تەنیا "ئاینی شەڕ و خوێنڕشتن و کاولکارییە"!؟ کە لەگەڵ روحیەتی ئاینی ناگونجێ! ، ئەوەی زیاتر دەبینرێ ئەو تێزەیە کەڵکی زۆری لەفقهە وەرگرتوە پشتی پێ بەستوە کە ئەوانەن فەزلی زۆریان داوەتە عارەب بەسەر نەتەوەکانی دیکە ، فقهیش عەقلی مرۆڤە بە تایبەتی مرۆڤی عارەبی وئایەتەکانیشی بە مەرامی خۆیان شرۆڤەی بۆ کردوەو بێ ئەوەی رەچاوی مەبەست وشوێن و کات وهۆکاری دابەزاندنی بکات! و لەراستیدا رەنگدانەوەی داخوازی زهنیەتی عارەبییە نەک ئایین ، بۆیە کە کەم هێما بۆ ئەو پەرتوکانە دەکەم وهەولم داوە بەپێی توانا بەپێی توانا خۆی لێیان لادەم!، لەبەر ئەوەی گەلەکم پێ یەزەوەرن بۆ سەردەمی ئیستا .

# چۆنیەتی دروستبوونی داعش

ڕەگ و ڕیشەی بیری داعش پتر لەمێژووی  چوارده سەدەی ئیسلام و نزیکە سەدەیەکی ئیسلامی سیاسی  ئاو دەخواتەوە !! ، بەڵام وەک ڕێکخستنی داعش لەساڵی  ٢٠٠٣ کە هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، عێراقیان داگیرکرد، ساڵی ٢٠٠٤ کاتێ ئەبوموسعب زەرقاوی لەگەڵ چەندین لێپرسراوی بەعسی و سەلەفی سەر بە ئەلقاعیدە کە لەسەر دەرپەڕاندنی داگیرکەری ئەمریکی!! و بە تاموبۆیەکی ناوچەگەریی  و لەژێر ناوی (جماعة التوحید والجیهاد ) هەماهەنگ بوون !!، زەرقاوی کە زۆر هۆگری" ئەبو عەبدوڵلا ئەلموهاجیری میسری " و پەرتووکە نامۆیەکەی بە ناوی ( مسائل من فقه الجهاد)* کە بە "فقهی خوێن" ناسراوە !!!، لای ئەو شێخەی خوێندوە و ڕێبازی جیهادی خۆی لەسەر ئەو فیقهە خوێناویە دامەزراندووە (١٣) و دوایی موبایەعەی بۆ  ئوسامە بنلادن و ئەلقاعیدە کرد و هەر لەبەر ئەوە،ناوەکەی کردە ڕێکخستنی(القاعیدة فی البلاد الرافدین)کە چالاکییەکانی زیادکرد  و بەهۆی ئەوەی لەسەنتەری ئەلقاعیدە دوور بوو بەکەمێک ئازادی لەو ڕێکخستنە، کاریان دەکرد ، تەنانەت لەنێو ئەو دوو ڕێکخستنە جودایی پەیدا بوو لەنامەکانی نێوان زەرقاوی و بنلادن دەردەکەوێت کە لەو ماوەیە ئەنجامیان دابوو!! و زەرقاوی هەڵوێستی توندی وەرگرتووە دژی شیعە و بە رافزینی(رافضین الصفوین)ی ناوزەدی کردن و  بە دەستی خۆی ئەندازیارێکی ئەمریکی لە ٥ی ئەیاری ٢٠٠٤ بە ناوی "نیک بیرگ" گۆشاوگۆش سەربڕی!!١٤ کە هەردووکی لەلایەن بنلادن و  ئەلقاعیدەوە  جێی ڕەزامەندی نەبووە! ئەمە و لەپەیوەندی لەگەڵ چەند دەزگایەکی

---

[13] - ئازاد قەزاز/ داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکییەوە .......ل ٤٧

[14] الحصاد – مجلة الکترونیة اسبوعیة من اصدار مکتب اعلام الاتحاد الوطني الکردستانی٢٠١٥......ص١٢٥

هەواڵگری دراوسێی عێراق و سەرچاوەی دارایی و لەژینگەی شەرعی لێکتر دوور کەوتبوونەوە ، و لەتەواوی ناوچە سونییەکانی عێراق هەوادارانی زیاد کرد ، ئەوە بوو لە١٥ی تەمموزی ٢٠٠٦ رێکخستنەکە کرایە ئەنجومەنی شورای موجاهیدن" کە لەو رێکخستنانە پێک هاتبوو (تنظیم قاعدة الجهاد فی بلاد الرافیدین ، سرایا انصار التوحید، سرایا الجهاد الاسلامی ، سرایا الغرباء، کتائب الاهوال ، جیش أهل السنة والجماعة) کە ئەبو مەیسەرە وتەبێژی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەعێراق لەسایتی "الحنین"ی جیهادی جاڕدانی ئەورێکخستنە نوێیەی راگەیاند بە زەعامەتی عەبدوڵلا رەشید ئەلبەغدادی ( ابو دعاء – شیخ الشبح)، هەر لەهەمان مانگ ،زەرقاوی کوژرا و "ابو حمزة المهاجر" کرایە رابەری ئەو رێکخستنە و ئەوەبوو لەناوەڕاستی تشرینی یەکەم لەلایەن ئەبوحەمزە هەڵوەشانەوەی ئەو رێکخستنەی راگەیاند و چوونە ناو رێکخستنی "دولة العراق الأسلامیة" بە رابەرایەتی "ابو عمرالبغدادی" ئەوەبوو لە ١٩ی نیسانی ٢٠١٠ ئەبوحەمزە و ئەبو عومەر بە جووتە لەناوچەی سرساری " نزیک رومادی سێ گۆشەی سونە"لەلایەن ئەمریکییەکان کوژران ، ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی ئێستای داعش بووە رابەری ئەو رێکخستنە و چەند کارێکی تیرۆرستی ئەنجامدا لێپرسراوەتی لەبەرامبەریان راگەیاند " تەقینەوەکەی بەغدا کە بووە کوژرانی ١٥٥ کەس و برینداربوونی ٧٢١ لە٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ ئەنجامدرا و تەقینەوەی بەغدا لە ٨ی ئەیلولی هەمان ساڵ کە بووە هۆی کوژرانی ١٢٧ و بریندار بوونی ٤٤٨ کەس و برینی بانکی مەرکزی عێراق لە ١٧ی حوزیرانی ٢٠١٠ و هێرش بۆ سەر کڵێسەی نەجات لەبەغدا کە بووە کوژرانی ٥٨ کەس ، لە ٢١ حوزیرانی ٢٠١٣ هێرش کرایە سەر گرتووخانەی ئەبوغرێب و تاجی و ٦ هەزار گرتووی خۆیانیان ئازاد کرد"(١٥)[١٥] !! و کارە

---

[١٥] ویکیپیدیا/ الحرب علی الدولة الاسلامیة

تیرۆریستەکەی سوید وفەرەنسا و ئەڵمانیا ، ئەمە و چەندین کاری تیرۆرستی دیکە کە ئەو رێکخستنە سەرپەرشتی دەکرد ، ئەوەبوو لەدوای روداوەکانی سوریا و دروستبوونی بەرەی نوسرەی سەر بە ئەلقاعیدە لەو وڵاتە ، تا لە٩ی نیسانی ٢٠١٣ هەردوو رێکخستن (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بەرەی نوسرە ) لەسەر زاری ئەبوبەکر بەغدادیی یەکگرتنیان راگەیەند بە ناوی( دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام) و تا لەلایەن "ئەبو محەمەد ئەلجولانی لێپرسراوی یەکەمی بەرەی ئەلنوسرە" ئەو فکرەیە رەتکرایەوە جارێکی دیکە نوسرە، موبایعەی ئەیمەن زەواهری و ئەلقاعیدە راگەیاندەوە، لەشوباتی ٢٠١٤ داعش پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئەلقاعیدە ، دوای ململانێیەکی هەشت مانگی ئەوجا ئەلقاعیدە رایگەیاند لەئاکامی " الاستعصاء سیء السمعة" پەیوەندی لەگەڵ بەرەی نوسرە پچڕاند و "زەواهیری لە١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤داعشی هەڵوەشاندەوەو ئەبوبەکر بەغدادیش رەتی بڕیارەکەی کردوەوە و گوتی داعش دەمێنێ!!![١٦] ، یەکێ لەکردەوە تیرۆرستییەکانی داعش لەکۆتایی مانگی ساڵی ٢٠١٣ و سەرەتای ٢٠١٤ تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئێران بوو لەبیروت لە ١٩ی تشرینی دووەم کە لە ٢٠١٣ رویدا تیادا ٢٣ کەس کوژران و ١٦٠ بریندار لەناویندا مولحەقی رۆشنبیری ئەو باڵوێزخانەیە بوو !!! و دەسبەسەراگرتنیشاری فەلوجە٥٠ کم دوور لەبەغدا ، لە ٩ی حوزیرانە ٢٠١٤ هێرشی بردە سەر موسڵ لەماوەی دوو و سێ رۆژدا شاری موسڵی بە تەواوی داگیر کرد بە تەواوی هێزەکانی عێراقی لەو شارە رایانکرد کە خۆی لەقەرەی ٦٠ هەزار کەس دەدا و هێزەکانی داعش بە پێی مەرصەدی سوری لە ٤ هەزار چەتەوە بۆ ٥٠ هەزار چەتە زیاد بوو، هەر لەدوای چڕ بوونەوەی شەڕی ئەهلی سوریا، داعش ناوچەیەکی فراوانی لەسوریا داگیر کرد کە زۆربەی ئەو ناوچانە بوون کە لەدەست سوپای ئازاد و بەرەی

---

[١٦] ابراهيم الحيدرى _سوسيولوجيا العنف و الارهاب ........ص١٧٥

**نوسره دابوون و لەرەقە و لە ٢٩ی حوزەیران ساڵی ٢٠١٤ داعش خیلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند و ئەبوبەکر بەغدادی خۆی بە خەلیفە ناساند و لە ٣ی ئاب هێرشی هێنایە سەر شنگال و ڕەبیعە و زومار و بەنداوی موسڵ و٧ی ئاب مەخمووری گرت لەماوەی چەند ڕۆژێکدا توانی ٥ قەزاو ١٠ ناحیە وپتر لە٣٠٠ گوندی باشووری کوردستان داگیر بکات!!!، بەڵام ئێستا هێزە کوردستانییەکان توانیویانە جگە لەشنگال ناوچەکانی دیکە بە زیادەوە ئازاد بکەنەوە ،واش مەزەندە دەکرێ "لەهەندێ ناوچەی لیبیا ڕاهێنان بە چەتەکانیان دەکرێت"**[17] ، **داعش موفاجەئەکی هەزارەی سێیەم بوو بۆ ئەوەی گروپە بچووکەکانی دیکەی جیهادی قوت بدات و خیلافەت ڕابگەیەنێ و ناکۆکی کەوتە نێوان قاعیدە و داعش لەسوریا و لەعێراقیش" لەسەر دەسەڵات بەڵام بە بۆیەکی ئایینی ڕەنگی داوەتەوە" (١٨) .** [18]

---

١٧ ویکیپیدیا / الحرب ضد الدولة الاسلامية ٢٠١٤

١٨ مارسيل غوشيه/الدين في الديموقراطية – ت. د.شفيق محسن الطبعة الاولى –بيروت ٢٠٠٧

# تایبەتمەندییەکانی داعش

دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام وەک رێکخراوی "داعش " نەک وەک " دیاردەکە" ، کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیمای خۆی هەیە کە لەوەو پێش لەگروپی ئیسلامییەکاندا نەبووە ، بە تایبەتی لەجۆری گەشەکردنی سیاسی و سەربازی و توانای دارایی و راگەیاندندا لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا ، بۆتە وێردی سەر زمانی دۆست و دوژمنەکانی!! و بەردەوام پانتایەکی فراوان لەهەواڵ و رووداوە گەرمەکانی ناوچەکە و دونیا دادەپۆشێ ، وا لێ هاتووە جغزی سنووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەزێنێ و خۆی لەسنوور و هێڵە سوورەکان بدۆزێتەوەو لەوێوە هەڕەشە و مەترسی دروست بکات !و پەیام بنێری بۆ دوژمنە دوور و نزیکەکانی!! و سنووری دوو دەوڵەت لەسەر نەخشە رەش بکاتەوە و قەوارەیەکی سیاسی نوێی نامۆ بە یاساو رێساکانی دونیا قیت کاتەوە بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام"!!!، ئەو مەترسییە هەر لایەنی ئایینی نەگرێتەوە وبەڵکوو فراوانخوازییەکەی ئەورپا و جیهانی کریستیانی دەگرێتەوەو مەترسی ئەوە لێک بدەنەوە کە ئیسلام هەڵدەکشێ و بەرەو روویان دەبێتەوە!!!!؟ ، بە پێچەوانەشەوە، ئیسلامگەرایی والێکدەداتەوە، کە شەڕی خاچپەرستی و سایکس پیکۆ بە رەنگ و بۆیەکی دیکە خۆی نوێکردۆتەوە، لەماوەی نزیکە سەدەیەکدا کە ئیسلامی سیاسی چەکەرەی کردوە و سەریهەڵداوە ، پتر لەچارەکە سەدەیەکی سەلەفییە جیهادییەکانی نێو ئەو رەوتە ، گروپێکی وا خوێناوی و خوێنڕێژ پەیدا نەبووە بە ماسکی ئایینەوە ، بتوانێ بەو خێراییە هێز لەخۆی کۆکاتەوە و پانتایی جوگرافیای بندەستی فراوان بکات، گەنج بەو قەوارەیە و رێژەیە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، نەک هەر گەنجی بێکار و بێ ئیش لەکۆمەڵگەی دواکەوتووی رۆژهەڵات و ئیسلامیدا، بەڵکوو لەو پەڕی رۆژئاوا ، ئەکادیمیست و خاوەن ژیانێکی مسۆگەری شاد و

پڕ لەماددیەت و دوور لەروحانییەت ، بهێنێتەوە لەو خۆشیە هەڵیقەنێنێ و تەوزیفی بکات بۆ روحانییەت و خۆکوشتنی پێ ئەنجام بدات بە ناوی شەهادە و بەهەشتەوە و "ژیان لەدەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی کفرە"[19]هەڵقۆستنەوەی سیاسی و تەنگژەی ئابووری و سەربازی و ئایینی بۆ بەرژەوەندی خۆیدا ، وەک داعش پەیدا نەبووە کە بە قازانجەکانی خۆیانی ببات لەو ماوەیە کورتەدا!!! و زۆر بە خێرایی گورز بوشێنێ!!" وەک مار لەناو تاشەبەردان جولە دەکات وزۆرترین زەرەری گیانی بگەیەنێ لەکاری تیرورستی بروسک ئاسا"[20]ئەوجا ئەو توانا ئیعلامییەی لەفرە کەناڵیدا بەکاری بهێنێ بۆ داکۆکیکردن لەخۆ و رەتدانەوەی بۆ ئەو رەخنە و دژایەتیانەی لەبەرامبەریان ئەنجام دەدرێت وئەو رقە مەزهەبییە برەو پێ بدا بۆ قازانجی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بەکاری بهێنێ کە تیایدا "بە سەرکەوتویی و لێهاتوویی و بەهرەمەندیی خۆی نیشان بدات و دوژمنی خۆی بخاتە گۆشەنیگای داکۆکیکردن نەک هێرش بردن"[21]

[21]و روداو و پێشهاتەکان بقۆزیتەوە و تەفاعلیان لەگەڵدا بکات بۆ مەبەستی خۆیدا و لەرووی دارییەوە توانیویەتی ئابووریەکی باش بۆ خۆی و کاربەڕێوەبردن وئیدارەکردنی دەوڵەت و رێکخراوەکەی خۆی دروست بکات و دەیان سەرچاوەی بۆ رابکێشێ کە هەندێکیان لەگروپی ئیسلامییەکان دوورە و ئەوجا ئەو پلانە مەحکەمە سەربازیانە دابڕێژێ و تیایدا سەرکەوتوو بێت و شەڕی چەند بەرهەم بهێنێ بە مرونەت و سەلابەت ، کە بتوانێ ببێتە ئەو پرۆژە گشتگیرەیە لەسەر ئاستی فیکری و فراوانخوازییەی ئاستی جوگرافی و ببێتە تاقانەی لێکدانەوەی ئایینی و هەرچی لەو لێکدانەوە و تائویلانەی ئەو دوور بێت بە کافری لەقەڵەم بدات و ئەو دەوڵەتەی کە

---

[19] مسائل من فقه الجهاد/ ابو عبدالله المهاجر ....... ص١٢

[20] باتریک کوکبیرن/ ترجمة میلثین حبیب/دار الساقی / طبحة الاولئ / بیروت٢٠١٥ ......ص٢٠

[21] The what/ العدد (١) مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود....... ص٢٢

**خۆی بە زەبری هێز و خوێن ڕشتن دایمەزراندوە !!!، باوەڕ بەو توێژە فراوانە بکات کە تەنیا دەوڵەتی باوەڕدارانە ، هەرچی لەدەرەوەی ئەو دەوڵەتە بێت ئەوا لەدەولەتی فاحشیە و کافرەو خوێنێ حەڵاڵە[٢٢]!!!، بوێریەکی زۆری تیدایە لەبەجێگەیاندنی بیروباوەڕو تێزەکانی خۆی و لەسەر ئەرزێ واقیعدا بە ماسکی ئایینیدا پیادەی دەکات!!!!.**

[٢٢] **ابو عبدالله المهاجر / ماسئل من فقه الجهاد.......ص٨**

# داعش لەنێوان سروشتی و دروستکراوەیدا

سەرهەڵدان و دروستبوونی داعش وەک رێکخراو ، گفتووگۆییەکی زۆری خوڵقاندوە لەسەر ئەوەی کە داعش بۆ مەبەستی دەرەکی دروست بووە یا خۆد لەژینگەی خۆی وەک وەڵامدەرەوەی ناوخۆیی خۆی سەریهەڵداوە!!! ، هەر یەکە و لەگۆشەنیگایەک لێکدانەوە و ئەنالیستی بەپێی بەرژەوەندی و جیهانبینیی خۆی بۆ دەکات! ، کە گەلەک جار ئەو ئەنالیستییە دیفاکتۆی دروستبوونی داعش وەک خۆی بە لاڕێ دەبات !! و وا نیشان دەدات کە داعش دەستکردە و بۆ مەبەستێکی دەرەکی هاتۆتە مەیدان، یاخۆد لەئاکامی هۆکارە ناوخۆییەکان بێ ئەوەی لایەنی دەرەکی لەبەکارهێنانی دەرەکی لەبەر چاو بگرن !، گرنگ ئەوەیە وێنایەکی راستەقینە و واقیعی نادەن لەلێکدانەوەکاندا ، لەراستیشدا ، دروستبوونی داعش هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی لەبەرهەمهێنانیدا خڕ بۆتە و هەر یەکە پێگەی خۆی هەیە بە تێکهەڵکێشراوی لەنێو رایەڵەی سەرهەڵدانی داعشدا! ، فەرامۆشکردنی هەر یەکەیەکی دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی لێکدانەوەی زانستیانە بۆ ئەو رێکخستەنە،لایەنی دەرەکی لەهۆکاری ئابووری بەتایبەتی لەهێلی هەژاری و بێکاری و نادادوەری دەسەڵاتداران و لایەنی کۆمەڵایەتی و مەزهەبیدا و بۆشایی دەروونی ،کە توێژێکی گرنگ و بەرفراوان تەیار بکا و لەئامێز بگرێ ،ئاراستەیان بکات بۆ ئەو مەبەست و مەرامانەی کە خۆی دەیخوازێ، ئەو توێژە وەک گرێکوێرەی و تێکشکانی مرۆڤی عارەبی لەبەردەم شارستانیەتی رۆژئاواو و دەسەڵاتە شمولییە ناوخۆییەکاندا و تێکشکانی و سەرنەکەوتنی رەوتە سیاسییەکانی دیکە لەخواستەکانیان، بەردەوام وەک فریادرەس وەربگیرێن بە هەموو کەموکوڕییەکان و باوەڕ نەبوونەوە!!!! ، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ ئەو بتانە بۆ مرۆڤی عارەبی ئیسلامی بشکێنێ و ئەو گرێکوێرانەی بۆ

بكاتەوە کە خوازیاریەتی !!!، عەلی وەردی گۆتەنی ،مرۆڤی عارەبی چەندە خۆی بە مۆدرین و پێشکەوتوو بزانێ ،هێشتا نەیتوانییوە خۆی لەو سایکۆلۆژیەتە "بدوي" یەی عارەبی رزگار بکات و شتەکان بە جۆری " ڤیدیۆیی نەک فۆتۆیی ببینێ "!! ، بڕوابوون بە چارەسەرکردنی مژارەکان بەهێز و لەزەت وەرگرتن لەخوێنڕێژی و کە تەبیعەتێکی نەفسی عارەبیەو پێدزەی کردۆتە نێو ئیسلام و ماسکی ئایینی پێدراوە!!! ، ئەم خواستە سۆسیۆلۆژییەو کۆمەڵاتییەو ئابوورییە وسیاسییە و فەرهەنگی و کەلتووری و نەریتی عارەبییە ، زەمینەی بۆ داعش و دیاردەی داعشیزم خۆشکردەوە لەسەر زەمینەی عارەبی و ئیسلامی بڕوێ و لەخەیاڵدانیدا تۆڵەی مێژوو لەشارستانیەتی رۆژئاوا دەکاتەوە !!! و کێماسییە کەسایەتییە نەتەوەییەکانی پێ پر دەکاتەوە!!، کە هێندێ لەو بە ناو موجاهیدانە شادە بە محەمەد ناهێنن، نوێژو رۆژو ناگرن و لایەنی ئایینی پاڵنەریان نییە و ئەوەش ناوەڕۆکی پرۆژە خێڵەکییەی داعشە نەک پرۆژەی ئایینی کە بانگەشەی بۆ دەکات!!. بێ ئەوەی هێزی دەلالەت لەفەلسەفەی داعش رەت بکەینەوە کە کردویەتە دێوەزمەی رۆژگار و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێ و ناکرێ ببەزێ !!!؟ کەچی ، دێوەزمەی "بەزیین نازانیین" لەسەردەستی هێزی پێشمەرگە و شەرڤانان ، توری تێهەڵدرا!!، ئەگەر بۆیەی ئایینی پێ نەدرێ ، مەحاڵە بتوانرێ مرۆڤ پەلکێشی بەکوشدان و خۆکوژی بکات !!، لەبەر ئەوەی " گەورەترین هێز کە دەتوانێ جولە بە مرۆڤ بکات هێزی ئایینە"[٢٣]!!!، بۆیە ناکرێ لایەنی عەقائیدی فەرامۆش بکرێ لەو نێوەندەدا وەک پاڵنەر نەک تەواوی هۆکارەکان.هۆکارە دەرەکییەکان بۆ مەبەستی سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندی هەندێ وڵاتی ئەقلیمی و باڵادەستی دونیا ، کەبەرژەندیان لەوەدایە بەردەوام باڵانسی سیاسی و سەربازی و ئابووری بەو هەڕەشانە رابگرن لەناوچەکەدا، وەک ئەندەر سنودەنی سەر بە وەکالەتی سی ئای ئەی کە

---

[٢٣] هەمان سەرچاوە...........ص٢١

**لەسایتێکی ئینترێت بڵاوکراوەتەوە " داعش بە هاوکاری ئەمریکاو ئیسرائیل و بەریتانیا بۆ ئەوە دروست بوو تاوەکوو بتوانێ توندڕەوانی ئیسلامی لەپێگەیەکی دیاریکراو کۆ بکاتەوە پێی بگوترێ هێلانەی زەردەواڵە"[24]کە تیادا دروشمی توندڕەوی ئیسلامی بەرزکاتەوەو ململانێکان لەبری ئاراستەی ئیسرائیل، ئەوا ئاراستەی ناوخۆی ئیسلام دەکات!، سیبل دەنیز ئیدموندز لەچاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (ئارتی) رووسی ، راوێژکاری پێشووی نوسینگەی لێکۆڵینەوەکان ، دەڵێت: "داعش دروستکراوی ئێف بی ئای و ئەمریکایە هەر وەکو قاعیدە کەپێشتر بۆ شەڕی یەکێتی سۆڤیەت دروستکرا[25]هەر ئەو لێپرسراوە دەڵێ "داعش نە مەترسی بۆسەر ئەمریکا هەیە نە ئەمریکاش لەداعش دەترسێت(٢٦)[26]!؟، بەڵکوو داعش بۆ ئەوە دروستکراوە بازاڕی ئابووری ئێستای جیهان بگۆڕێت و چەکەکانی ئەمریکا بازاڕی جیهانییان بەهێز بێت، چونکە ئەگەر شەڕ نەبێت بازاڕی چەکیش نابێت وئەوەتا خۆ بە ئاشکرا فڕۆکەکان دەنیشنەوەو پێداویستی سەربازی بۆ داعش دابین دەکەن" . هەروەها گوتی "داعش داخوازییەکەی ئەمریکای هێنایە دی و داخوازی ئەورپاییەکانیش لەوەدایە کە ئیسلام بە تیرۆر ببەسترێتەوە[27]. فرۆکەی بارهەڵگر بە تەقەمەنی و چەک، لەفڕۆکخانەی تەلەعفەر نیشتیتەوە و هاوکاری سەربازی داوە بە داعش!!!؟ و ئەوەتا سەرچاوەیەک لەسوپای عێراق ئەوهەواڵەی داوە کە " دوو هەلیکۆپتەری سەربازی لەناوچەکانی سەر بە پارێزگای دیالە ، چەکداری لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دادەگرن[28] جۆرە هەوڵانە چەندین جار دووبارەکراوەتەوە!!!، ئەم لێدوانانەی سەرەوە هەمووی قسەی موخابەرایەتین و تەنیا ئەوەندەیە وڵاتانی ناو هاوکێشە**

---

[24] ایج پرس سایتێکی ئیلکترۆنییە ........ ٢٠١٥/٧/١٤

[25] **هەمان سەرچاوە ٢٠١٥/١/١٤**

[26] **هەمان سەرچاوە**

[27] **شرۆڤە/سایت ئین ئار تی روسی...... رۆژی ٢٠١٥/١/٢٤**

[28] **SNN تۆڕی هەواڵی سلێمانی ٤ /٢٠١٥/٢**

ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوورەوە کەڵک لەهەبوونی داعش وەردەگرن!!!؟، لەراستیشدا لەناوبردنی تیرۆر "پێویستی بە هاوکاری هاوبەش هەیە، کە تیادا ئامانجە لەپێشینەکانی ئەو لایەن و وڵاتانە لەبەرچاو دەگیرێن کە تیایدا بەشدارن[29]، لەگەڵ ئەوەش وەک دیڤید کلارک راوێژکاری حکومەتی کرێکاری بەریتانی پێشوو گۆتەنی "پەلاماردانی تیرۆرستان پێویستی بەهەڵمەتی سەربازی بۆ لەناوبردنی تاوانباران و هەڵمەتی سیاسی بۆ گۆشەگیرکردنیان هەیە ، کەچی لەشەڕی دژە تیرۆردا هیچیان لەبەرچاو ناگیرێ [30] ، هەر بۆیە شەڕی تیرۆر هەندێ ئەولەویاتی هەیە بە ئاشکرا دەبینرێ ، زۆر گومان دروست دەکات!!!؟ ، کە ئامانجی نهێنی هەبێت لەهەبوون و بەڕێوەبردنیدا ، ئەوەتاسعودیاو پاکستان تا سەر ئێسقان لەپەیوەندیدان لەگەڵ سەلەفییەکان، کەچی گەورە لێپرسراوانی وەک جۆرج بۆشی باوک و دیک چینی وکۆندۆلێزا رایز،پەیوەندی بازرگانی پتەویان هەیە لەگەڵ دەوڵەتی سعودیاو لەهەڵمەتی وشککردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆرستان،خۆگنخاندن دزینەوە لەگەڵ سعودییەکان،هەستپێدەکرێ و ئەمریکییەکان ساڵی ٢٠٠٢ داگیرکردنی کابولیان پێ ئەولەویەتتر بوو لەدیلکردنی بنلادن !!!؟ " [31]

---

[29] دیڤید کین / حرب بلا نهایة .......ص ٥ _ هەمان سەرچاوە ١٠٥

[30] هەمان سەرچاوە ....ص١٠٥

[31] هەمان سەرچاوە ......ص ١٠٥

# بەشی دووەم

## مانەوەو و بەرفراوانی وەک ستراتیژیەتی داعش

## هەیکەلیەتی  دەوڵەتی داعش

## گرنگترین سەرکردەی داعش

## گروپەکانی سەر بەداعش لە دونیادا

# مانەوەو فراوانبوون وەک ستراتیژیەتی داعش

"دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام"(داعش) دەوڵەتیکی ئایینی توندڕەوی"سونی ثیوکراتییە"دەزگاکانی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی سەلەفی توندڕەوی بەڕێوە دەبەن ، لەکاتێکدا لەئیسلام "بە جودایی ئایین و رەگەز و بیرکردنەوە ،دەکرێ لەدارالسلام ژیان بکات ، ئەگەر کێشەکانی جوولەکەکان لەمەدینە سەری هەڵنەدابایە دەوڵەتی ئایینی لەدەورانی پێغەمبەر نەدەبوو[٣٢] و بە"ئارەزووی خۆشی ئیسلام هەڵبژێرێ"[٣٣]، کەچی لەلای داعش پێچەوانەکەی راستە ، ئەوەی لەنێو خیلافەت نەژی و موسڵمان نەبیت، بە موسڵمان دانانرێ ولێی قەبوڵناکرێ،و سەرکردەکانیشیان کە زۆربەیان کۆنە ئەفسەری بەعسی رووخاون ، لەناو جەرگەی کاری تیرۆردا هاتونەتە نێو مەیدانی ئەو دەوڵەتە و بە هەمان هەناسەی توندڕەوی پەروەردە و شارەزایی بوونیان پەیدا کردووە، کەتەنیا لەدروستکردن و هێز بەکارهێنان هیچی دیکە نازانن ، تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٤ سێیەکی سوریا ورۆژئاڤای کوردستان و ٣٢% عێراق وباشووری کوردستانیان لەدەست بووەو ئەو دەوڵەتە توندڕەوە بە سەرکردە توندڕەوەکان بەڕێوە دەچێ و بە هەزاران چەکدارانیان هەیە هەندێکی لەژیانخۆشی ئەورپا هێناوەتە نێو خیرافاتی داعش، هەرچەندە پێکهاتەی داعش هەجینەو ئامانجی بەرفروانکردنی جوگرافییە، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن.هاتنە مەیدانیان لەراستیدا راگەیاندنی قۆناخێکی نوێی توندڕەوی جیهادی، ئەوهاتنە مەیدانە بەتەنیا نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ هەندێک دەسکەوتی سیاسی، جاڕی دەوڵەتی خیلافەی ئیسلامیشیاندا،بە قۆزتنەوەی ململانێیە تایفی و خاڵە لاوزەکانی بەرامبەرەکانیان وچاندنی ترس و بەکارهێنانی تاکتیکی پراگماتیکانە بۆ قازانجی ستراتیژیەتەکەیان،هەر رێکخستن نەمانەوە، بەڵکوو بوونە دەوڵەتیش، پێش دەچێ بەکارهێنانی ئایدیولۆژیەتی مردن لەشەرعی

---

[٣٢] مجموعة من باحثين/ االدولة الاسلامية – سولة الخليفة...........ص٩

[٣٣] فايزعزيزمحمداسماعيل/ الاسلام و تجديد دين الامة فى عصر العولمة.....الاسكندرية –مصر ص١٥٨

ئیسلامی هەڵهێنجراو مەبەست نەبێ، بەڵکوو هۆکارە بۆ بینای دەوڵەت و مانەوەیان وەک یەکەی ئیداری و ئابووری و سیاسی و سەربازی.داعش چەندە خاڵی مانەوە و خۆڕاگری هەیە ، هێندەش خاڵی لاوازی لەنێودایە، پێکهاتە تێکەڵاوییە هەجینەکەی کە لە٨٠رەگەز خەڵک لەدەوری خۆی کۆکاتەوە[٣٤]،شێوەی دەسەڵاتە توندڕەویەکەی،کێشەی زۆری بۆ دروست کردوون،ئەگەرچی لەهێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان رووبەرێکی زۆری لەدەستداوە لەو خاکەی کەدەوڵەتی خیلافەتی تیادا راگەیاندبوو ، لەگەڵ ئەوەی هێشتا بیرۆکەی مانەوەو بەرفراوانکردنی پانتای جوگرافی ودەسەڵاتی ئیسلامی لەمێشک دەرنەچووە!!.

---

[٣٤] لینا الخطیب / استراتیجیة تنظیم الدولة الاسلامیة – مرکز کارینغی للشرق الاوسط ٢٩ی حوزیران ٢٠١٥

# هەیکەلیەتی دەوڵەتی ئیسلامی

١ – خەلیفە : (ابراهیم بن عواد بن إبراهیم بن علي بن محمد، البدري القريشي الهاشمي الحسيني) ناسراو بە ئەبوبەکر بەغدادی ساڵی ١٩٧١لەسامەڕا لەدایک بووە و دەرچووی زانکۆی ئیسلامی بەغدایە وماستەر و دکتۆرای هەر لەو زانکۆیە هێناوەتەوە، لەخانەوادەیەکی سەلەفی پەروەردە بووە و خۆشی لەسامەڕاو بەغدا و باعقوبەوە هەر بە سەلەفی تەکفیری ناسراوە و ماوەیەکی باش مامۆستای هەمان زانکۆ بووە و داعش ( ئەنجومەنی شورا و أهل عقد وحل) ئیدعای ئەوە دەکەن کەهەر سێ مەرجی خەلیفایەتی تیایە، "رەچەڵەکی قوڕەیشییەولەزانایی وزانستی شەرعی موتەکامیلە و لەتواناییدایە یەکێتی موسڵمان و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ!!!؟، و بەرزترین دەسەڵاتەو دەبێ هەموو دەزگاکانی ئەو دەوڵەتە ملکەچی دەسەڵاتەکانی بن بەشێوەیەکی هەرەمی، لە ٢٩یحوزەیران ٢٠١٤ ئەبو محەمەدی ئەلعەدنانی کە وتەبێژی داعشە، بەخەلیفەی هەموو موسڵمانی راگەیاند !!!، ئەم سەرکردەیە یەکجار نەناسراو بوو لەلایەن گروپە جیهادییەکان ، بەڵام دوای کوژرانی زەرقاوی و نەوەی سێیەمی جیهادییەکان هاتنە پێش لەوانەش ابو دوعاء"ابوبکر" کە" لەنێو قاعیدە دەستی بە جیهاد کرد و لەزیندان لەگەڵ بەعسییەکان نزیک بۆوە و ئێستا خوازیاری ئەوەیە دەوڵەتە ئیسلامییەکەی بگەیەنێتە رۆما"[٣٥]، پەرتووکی" اداره التوحش" کە مەزەندە دەکرێ هی ئەو بێت وبینای خیلافەتەکەی بەئەوپەڕی وەحشیگەرای لەسەر کۆمەڵکوژی و فراوانخوازی راگەیاندەوە .

---

[٣٥] انصات/ مجلة" المجلة" اللندنیە ٢٠١٤/٨/٣ ئەنصات ئاپی ٢٠١٤/ ژمارە ٥٩٥٣

٢- ئەنجومەنی شورا:  گرنگترین دامودەزگای داعشی ئێستایە و هەرچەندە چەند گۆڕانکارییەکی بەسەر هاتووە لەسەردەمی ئەبوبەکری بەغدادییەوە بەڵام هەر هەمان ئەنجومەنی سەردەمی زەرقاوی و ئەبوعومەر بەغدادی وئەبو حەمزەیە و ئێستا ئەبو ئەرکان ئەلعامری لە ٩_ ١١ کەس پێک دێت وبە پێی زروف و پێویستی زیادو کەم دەکەن و بە تەزکیە لەلایەن خەلیفە دروست دەبێت و مافی لادانی ئەمیرەکانی هەیە ئەنجومەنی شەرعی تیایە کە لەشەش کەس پێک دێ و خەلیفە سەرۆکایەتی دەکا و بە حوکمی تەبیعەتی ئایینییەوە دەسەڵاتی زۆری هەیە و چاودێری تەواوی ئەنجومەنەکانی دیکە دەکات لەرووی شەرعییەوە   .

٣_  ئەهل حەل و عەقد :  ئەمەش ئەنجومەنێکی شەرعییە و لەو کەسانەوە دروست دەبێ کە ئەندام و لایەنگرانن بە مشاوەرە لەگەڵ ئەنجومەنی شورا، خەلیفە هەڵدەبژێرێ .

٤_ئەنجومەنی شەرع:ئەو ئەنجومەنە بەسروشتی ئایینەکەیەوە پێگەیەکی  گەورەی هەیە لەناو هەیکەلیەتی داعشدا ، ئێستا "أبو محمد العانی" سەرۆکایەتی دەکا و لەسەردەمی زەرقاوی "ابو انس الشامی" و لەسەردەمی "ابو عمر بغدادي"یدا عوسمانی کوڕی عەبدولرەحمان ئەلتمیمی ئەو پۆستەی لەدەست بوو ، زۆربەی نوسراو و نامەکانی و وتارەکانی خەلیفە دادەڕێژی  و لایەنی راگەیاندن وسرود و فلیمەکان دەست نیشان دەکا بۆ نمایشکردن لە راگەیاندنەکاندا  و لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە یەکەم : تەنزیمی دادگای شەرعی  و قەزا بۆ" فەسلی نیزاعات "و دەست نیشانکردنی سنوور و پشت بە عارەب و بێگانەکان دەبەستێ  بە تایبەتی لەخەڵکی کەنداو وەک "ابوبکر القحطانی وابو همام الاثری " "ترک بن مبارک بن عبدالله" خەڵکی بەحرین و"عثمان بن نازع العسیر"ی خەڵکی سعودی.

٥_ئەنجومەنی راگەیاندن؛ ئەنجومەنێکی گرنگە و زیاد لەپێویست لەسەر ئەو بوارە دەوەستن، بەتایبەتی  لەوەڵامدانەوەی

**نەیارو رەخنەگرانیان لەتۆڕی ئەنتەرنێتەکاندا تەنیا بەجیهادی ئەلکترۆنی ناوزەدی دەکەن و داعش لەهەموو گروپە سەلەفییە جیهادییەکان گرنگی بەو بوارە دەدەن.**

**٦_ بیت المال: ئەو دەزگایە بە کاروباری دارایی هەڵدەستێت و لەلایەن داعش گرنگی پێ دەدەرێت و تەنانەت داعش توانیویەتی لەهەموو گروپە ئیسلامییەکانی دیکە دەوڵەمەند تر بێت وتوانایەکی ماددی بە فرۆشتنی نەوتی خاوو بە "صدقات و زکات" پەیداکرد و پارەی ئازادکردنی بێگانەکان و دەسکەوتی شەڕ و سامانە سروشتییەکان وباج و پارەی حکومەت و پارەی کشتوکاڵ قازانجی بازرگانی و داهاتی ناوخۆ لەلایەن "موفق مستەفا ئەلکرموشی" بە سەرپەرشتی خەلیفە سەرۆکایەتی دەکات.**

**٧_ئەنجومەنی سەربازی: داعش گرنگی زۆری بەبواری سەربازی داوە و تەنانەت لەماوەی ساڵ و نیوێکدا توانی ژمارەی چەکدارانی لەچوار هەزارەوە بگۆڕێ بۆ پتر لە ١٠٠ هەزار چەکدار[٣٦] و دەیان چەکی قورس ، کە زۆر بە خێرایی زیاد دەکەن ، سەدان تانک و رۆکێت و مودرعە و هەمەر و چەندین ئۆتۆمبێلی چوارینی و چەکی جۆراو جۆر و فڕۆکەی جەنگی بێ فرۆکەوان وبەفرۆکەوان و .... ، کە زۆربەی ئەو چەکانە لەسوپای عێراق و سوریا گرتووە ، سەرۆکی باڵای سەربازی، خەلیفەیە و پشت بە ئەفسەرە سەلەفییە جیهادییە باڵاکانی عێراقی دەبەستێ، لەوانە، حاجی بەکر وعەبدولڕەحمانی بیلاوی، ئەوانە کە زۆر پرۆفشیناڵیانە بە وردی کاریان دەکردوو لەژووری عەمەلیات مرونەت و خێرایی و دیسپلین و سەلابەت لەپرۆسەی سەربازییەکان بەجێگەیاندوە و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ بەرەکانی شەڕ و گۆڕینی تاکتیکی سەربازیان هەیە و لەلایەنی ئەمنی پشتیان بە ئەڵقەی تورکمانی تەلعەفەری بەستووە لەسەروی هەموویان" ابو علی الانباری" ، سەرۆکەکەی جێگری خەلیفیە ، کە ئێستا حاجی بەکر "سمیر عبد محمد الخلیفاوی "، دوای ئەوەی لەکانونی یەکەم ٢٠١٤ لەسوریا**

---

[٣٦] The what/ العدد (١) ، مجلة الكترونية تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود........... ص٢٦

کوژرا و "عدنان اسماعیل البیلاوی" جێگەی گرتووە و لەحوزەیرانی ٢٠١٤ کوژرا و ئێستا "ابومسلم الترکمانی _ فاضل الحیالي" لەشوێنی دانراوە . ئەو ئەنجومەنە لەچەند کەرتێک " قاطع" ێک پێک دێت وهەر کەرتێک لەسێ کەتیبە و هەر کەتیبەیەک لە ٣٠٠_ ٣٥٠ چەکدارو هەر کەتیبەیەک بۆ چەند سریەک کە لە ٥٠_٦٠ چەکدار پێکدێ[٣٧]. ئەو ئەنجومەنە، دابەش دەبێتە سەر دەستەی سالاری"هیئة ارکان" و هێزی ئیقتیحام و هێزی ئیستیشهاد و هێزی پشتیوانی لۆجستی وهێزی قەنس و تەفخیخ و کە بە هەموو کاروباری سەربازی لەدانانی تاکتیک و ستراتیجیەتی سەربازی و ئیدارە و لۆجستی شەڕ ، پرۆسەی چاودێری و سەرپەرشتی ، هەڵسەنگاندنی کاری ئامێرە سەربازییەکان و هەروەها ئیدارە پڕچەککردن و دەسکەوتی سەربازی دەکات.

٨_ئەنجومەنی ئاسایشی داعش :گرنگترین و مەترسیدارترین دەزگای داعشە و ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵگری و ئاسایش و پاراستنی خەلیفە و شوێن و هاتوچۆکانی و مەواعید و بڕیارەکانی و مەدای بەجێگەیاندنی ئەو بڕیارانە لەلایەن ئەمیر و لێپرسراوی کەرتەکانە، هەروەها بەپێدزەیی بۆ ناو لایەنی دوژمن و ڕێگەگرتن لەپێدزەیی دوژمنەکان دەکات ، ئەبو عەلی ئەلئەنباری کۆنە ئەفسەرێکی هەواڵگری سوپای کۆنی عێراقی سەرۆکایەتی دەکات و لەهەر ولایەتێک مەفرەزەیەک هەیە و بۆ تەنسیق و پەیوەندییەکان لەبەینی جومگەکانی ئەورێکخستنە لەکەرتەکان و هەروەها چەند مەفرەزەیەکی هەیە بۆ تیرۆرکردن و فڕاندن و پارە کۆکردنەوە

٩ــدابەشکردنی ئیداری : داعش بە پەیوەست بوون بەکەلتووری ئیسلامی ئەو شوێنانەی کە لەژێر قەڵەمڕەوی خۆیەتی دابەشکردوە و ناوی ناوە ، ئەو پێگەیەی بندەستی تا ئێستا کردۆتە

---

[٣٧] مرکز الجزیرة للدراسات/ تنظیم الدولة الاسلامیة النشأة التأثیر المستقبل .....ص٦٧

١٦ ولايەت و هەر ویلاتەکی کردۆتە چەند کەرتێک ، لەعێراق ولایەتی نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار و بەغدا و باکووری بەغدا و دیالە و جنوب و کەرکوک و لەسوریا حمس و حەڵەب و دێرزور "الخیر" و البرکە "حەسەکە" و البادیە و الرقة و حماة و دمشق.
هەر ولایەتێک کەسێک هەڵیدەسوڕێنی ناوی " والی "یە و چەند کەسێک یارمەتیدەرینە بە ناوی ئەمیری سەربازی و شەرعی و ئەمنی ..... ، هەروەها "قاطع"ەکان لەلایەن ئەمیری کەرتەکان هەڵدەسورێ و بە هەمان شێوە ئەمیری بۆ بوارە جیاکان هەیە .

# گرنگترین سەرکردەکانی داعش

**ئەبوبەکر بەغدادی :** خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شامە،١٩٧١لەسامەڕا لەدایک بووە و بەکالۆریوس وماجستیر و دکتۆرای هەر لەزانکۆی ئیسلامی لەبەغدا هێناوەتەوە ولەنێو خانەوادە وژینگەیەکی سەلەفی تەکفیری ئیسلامی پەروەردە بوو، دووساڵێک لەلایەن ئەمریکییەکان، لەگرتووخانەی بۆکادا زیندانی کراوەو پەیوەندی خۆشی لەگەڵ موسعەب زەرقاوییەوە هەبووە و وەک زەرقاوی گرنگی زۆری بە پەرتووکەکەی" مسائل من فیقه الجهاد" عەبدوڵلا موهاجیری میسری داوە و کە توندڕەوترین تیورستی جیهادییەکان و پەرتوکەکەی بە فیقهی خوێن ناسراوە ، کە تیادا "داوا دەکات نەک هەر خەڵک کافر بکرێ و بکوژرێ بەڵکوو دەبێ سەریشی بە شیر بپەڕینرێ[٣٨]، لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بە خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژێردراو داخوازێ لەموسڵمانان کرا کە بیعەتی پێ بدەن!! و زۆرێک لەگروپە جیهادییەکان ولائیان پێ داو قاعیدەش بەتوندی بەگژیدا چۆتەوە و پتر لە ٤ هەزار کەسیان لێکتر کوشتوە، کەم بەدیار دەکەوێ و دەنگی دەبیسترێ و ئەمریکاش ١٠ ملیون دۆلاری بۆ هەرکەسێک دەدات کە شوێنی راستەقینەی ئەبوبکر بلێ و ببێتە هۆی دەستگیرکردنی، ئێستا کەسی یەکەمی ئەو دەوڵەتەیە کە بەو ناوە ئیسلامییە کلاسیکیە دروست بووە.فازل ئەحمەد عەبدوڵلا ئەلحەیالی، ناسراو بە "أبو معتز"جێگری بەغدادی خەلیفەیەومونەسیقی ویلاتەکانی ئەو دەوڵەتەیە لەگرتوخانەی بوکا گیراوەو لەسەردەمانی ٢٠٠٣ بەشدارە لەو رێکخستنە جیهادیانە دژ بە ئەمریکا .

**ئەبوموسلم ئەلتورکمانی ئەلتەلەعفەری:** لیوایەکی سەربازی رژێمی سەدامە و کاری لەنێو هەواڵگری و سوپای کۆماری سەدام

---

[٣٨] ئازاد قەزاز /گۆڤاری گوڵان ....... ژمارە ١٠٠٩ _ ل٣٤-٣٦

کردووه و ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی و والی ئەنبار و ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی ئەو ڕێکخستەنەیە.

**ئەبو محەمەد ئەلعەدنانی**: ساڵی ۱۹۷۷لەئەدلبی سوریا لەدایک بووه ناوی تەواوی تەها سوبحی فەلاحیه ، هەر لەمنداڵیەوه خولیای مزگەوت بووه و حەزی بە خوێندنەوەی پەرتووک زۆر کردوه و ئێستا وتەبێژی ئەو دەوڵەته ئیسلامییەی ئەبوبکر بەغدادیەو ئەو جاڕدانی بە خلیفەبوونەکەی ڕاگەیاند کە بە پێنج زمان بڵاوکرایەوه، ئەمریکا بە کەسێکی توندڕەوی گەورەی دژ بە خۆی دادەنێ وبەشداره لەدژایەتیکردنی لەساڵی ۲۰۰۳ تا ئێستا.

**ئەبوعومەر چیچانی**: ساڵی ۱۹۸٦ لەگورجستان لەدایک بووەو ناوی ڕاستەقینەی تارخان باترهیفیلیه ، ساڵی ۲۰۱۲ پەیوەندی بە هێزە جیهادییەکان کردوه و سوێندی یاسایی بۆ بەغدادی خواردوەو لەبەرامبەر بەرەکانی شەڕە لەکوردستاندا بە گەرمی بەشداره و سەرپەرشتی گرتنی ناوچەی شنگالی کردوه و دەنگۆی کوژرانی بڵاوبۆتەوه لە هەندێ میدیادا .

**ئەبو مهند السویداوی یا خود عبدولسەلام** : ناوی تەواوی عەدنان لەتیف حەمید ئەلسویداوییە ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی ڕێکخستنەکانە.

**ئەبو فاتیمە**: ناوی تەواوی ئەحمەد موحسن خەلەف ئەلجەحشی والی خواروو و فوراتی ئەوسەتە.

**ئەبو سەلاح** : مستەفا محەمەد ئەلکەرموش لێپرسراوی دارایی گشتییە

**ئەبو هاجر ئەلعەسافی: ناوی تەواوی محەمەد حەمید ئەلدلێمی مونەسیقی گشتی کاروباری کەفالات و بەدواچوونی کاروباری بێوەژن و خانەوادەی شەهید و دیلەکانە.**

**ئەبو سوبحی: عوف عەبدولرەحمان ئەلعفری:لە کەسایەتییەکانی ئەو رێکخستنەیە و مونەسیقی پۆستی تایبەتە .**

**ئەبو شەیماء: فارس ریاز ئەلنعێمی لێپرسراوی کۆگاکان و عەبواتی تەقینەوەکانە.**

**ئەبو کیفاح ؛ خەیری عبد مەحموود ئەلتائییە ، لێپرسراوی ئیدارەی گشتییە**

**ئەبو عەبدولقادر: شەوکت حازم کلاش لێپرسراوی ئیدارەی گشتییە**

**ئەبو قاسم : عەبدوڵلا ئەحمەد مەشهەدانی لێپرسراوی میوانداری تایبەت بە ئاوارە عارەبەکان و گواستنەوەی خۆکوژەکانە**

**ئەبو محەمەد: لێپرسراوی دیلەکانی ناو گرتووخانەکانە و ناوی تەواوی بەشار ئیسماعیل ئەلحەمدانیە**

**ئەبو لوئەی – ئەبو عەلی: خزەیەر ئەحمەد عەبدولواحید لێپرسراوی ئەمنی گشتی**

**ئەبو فاتیمە : نیعمەت عەبدولنایف ئەلجبوری ، والی کەرکوک**

**ئەبو جرناس : رەزوان تالب ئیسماعیل ئەلحمدانی والی الحدود**

**ئەبو نەبیل: وسام عبدولزوبەیدی والی تکریت**

**ئەبو مەیسەرە : ئەحمەد عەبدولقادر ئەلجەزاع والی بەغدا[٣٩]**

**ابراهیم الحیدری/ سوسیولوجیا العنف و الارهاب ص تا ص ئەو زانیارانەی لێ وەرگیراوە**

---

[٣٩] **انصات / اتحاد الوطنی الکردستانی ٢٠١٤/١٠/٢٩ ...ل ٥٠**

## ئەو گروپانەی سەر بە داعشن

بەهۆی هەژمونگەرایی داعش لەناو گروپە چەکدارەکانی جیهادیدا، وای لێهاتووە لەرۆژهەڵاتەوە تا وەکوو ئەفریکاوە درێژەی هەیە و موبایەعەیان داوە بەو دەوڵەتە لەوانە بێجگە لە داعش:

امارة القوقاز: لە ٣١ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن سەرۆکی چیچانی دوکۆ عومەرۆفکە چیچان و داغستان و ئەنگۆشیاو ئۆسیتیای باکوورو ولایەتی کابرادا_بلکار- کرشای بە تەواوەتی دەگرێتە خۆی و ئەو ئیمارەتە لەوەو پێش سەر بە ئەلقاعیدە بوون ، بەڵام دوایی وەلائی خۆیان گۆڕی بۆ لای داعشەوە
أنصار بیت المقدس: ئەوانە کۆمەڵێک کاری تیرۆرستیان لەناوچەی سینا دژ بە دەزگە ئەمنی و پۆلیسی وڵاتی میسر لەو شوێنە ئەنجامداو ئێستا خۆیان ولائیان داوە بە داعش.
انصار الشریعة: ئەوانە گروپێکی سەلەفی جیهادین لەلیبیا داوای پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن لەو وڵاتە و لەنیسانی ٢٠١٢ دامەزراون و ئەمانە دوای یەک مانگ لەسەرکەوتنی ئەو گۆڕانکاریەی دەسەڵات لەلیبیا دوای رووخانی دەسەڵاتی سەرۆک قەزافی دروست بوون ، لەخەڵکی لیبی و تونسی هەندێ چەکداری وڵاتانی دەوروبەری ئەو وڵاتەو پەیوەندییەکی پتەویان هەیە لەگەڵ ئەنسار شەریعەی تونس وهەندێک وای بۆ دەچن هەر یەک رێکخستن بن یەک فیکر و هاریکاری یەک و دوو دەکەن لەو کارانە تیرۆرستیانەی ئەنجامی دەدەن و یارمەتی لێکتر وەردەگرن لەروی دارایی و لۆجستی و بەڵام لەدوو شوێنی جودا کار دەکەن ، جموجۆڵیان هەیە لە رۆژهەڵاتی لیبیا و سەر سنووری لیبیا و میسر و لەوڵاتی تونس و مەغریب .

القاعیدە فی المغرب و الجماعات التابعة: لەجەزائیر دروست بوون ، گروپێکی سەلەفی جیهادین و دەیانەوێ دەست بەسەر باکووری ئەفریکا دابگرن و شەریعەتی توندڕەوی خۆیانی تیادا پیادە بکەن

،سەرەتا بە ناوی "جماعة السلفيـة للدعوة والقتال فی جزائر " دروستبوون لەهەناوی "جماعة الاسلامية المسلحة الجزائرية "دروست بوون و ساڵی ٢٠٠٦ ولائيان بۆ ئەلقاعيده داو پاش ساڵێک لەو ولائە ناوی خۆيان گۆڕی بۆ ئەلقاعيده فی "المغرب الكبير" و "جند الخليفه"يان لێ جودا بۆوەو ولائی دايە داعش.

حركه الشباب : ئەوانە لەسۆماڵن و ساڵی ٢٠٠٤ دروست بوون وەک باڵی سەربازی "اتحاد المحاكم الاسلامية" كە لەبەردەم سوپای سۆماڵی شكستيان خوارد ، تائێستا لايەنی فكری لەگەڵ قاعيده بوون و لەلای ئەمريكاو سويد ونەرويژ بە فەرمی بەگروپی تيرۆريست ناسراون و لەسەر قەرسەنەكردنی خەڵكانی ئەو وڵاتە دەژين ولێپرسراوەتی خۆيان راگەياند لەبەرامبەر" ويست گێت" بازرگانی راگەياند و كە لەئەيلولی ٢٠١٣ لەوڵاتی كينيا ئەنجاميان داو بووە هۆی كوژرانی ٦٧ كەس.

بۆكۆ حەرام :ئەم گروپە لەويلاتەكانی وڵاتی نێجيريا كار دەكا و داوای تەتبيقكردنی شەريعەتی ئيسلام لەو وڵاتە دەكا و بەسەركردايەتی ئەبوبەكر شيكاو كە بە تاليبانی نێجيريا ناسراوە و لەبنەڕەتدا لەكۆمەڵيک خوێندكاری دەستهەڵگرتوو لەخوێندن پەيدا بوون وبنكەيان لەگوندێک بەناوی كاناما ولايەتێكی باكووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بە ناوی "يوبە" داناوە ، رەتی كەلتووری رۆژئاوا دەكەنەوە و پەيوەنديان لەگەڵ قاعيده بەهێز بوو ئێستا پەيوەنديان لەگەڵ داعشيش هەيە و ٢٧٦ خوێندكارێكی كچيان فڕاندووە و وەک كەنيزە دەيانفرۆشنەوە و ياخۆد بۆ سيكسكردن بەكاريان دەهێنن و ، هەر چەندە ئەو وڵاتە هەمووی موسڵمان نييە ، دەخوازن شەريعەتی ئيسلامی لەو وڵاتە پيادە بكەن.

تنظيم القاعيده فی الجزيرة العربية: ئەم گروپە لە نەوەدەكانی سەدەی رابردوو لەيەمەن سەريهەڵدا بۆ دژايەتی كردنی وجودی رۆژئاوا لەوڵاتەكەيان و نيمچە دوورگەی عارەب، دوايی سعودياشی گرتەوە و هەوڵياندداوە وەزيری ناوخۆی سعودی محەمەد نايف لە ٢٨ی ئابی ٢٠٠٩لە جەدە تيرۆر بكەن و هەوڵی تەقاندنەوەی فرۆكەيەكی ئەمريكيان دا كە دەی ويست لەئەمستردامەوە بچێتە شاری ديترويت لە ٢٥ی كانونی يەكەمی

٢٠٠٩ به فەرمی ئەو رێکخراوە پشتیوانی خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاندوە .

تالیبانی پاکستان: ئەمانە سەر بە تالیبانی ئەفگانستانن وکە لەساڵی ١٩٩٦ وە دەستیان بەسەر کابول داگرت ، و ئێستا لقی پاکستانیان پەیوەندی و هاوکاری لەداعش وەردەگرێ بۆ ئەوەی وجودی رۆژئاوا لەو وڵاتە نەهێڵێ و شەریعەتی ئیسلام پیادە بکات تیادا.

قاعیدە لە نیمچە کیشوەری هیند:لە ٣ی ئەیلولی ٢٠١٤ ئەو گروپە دروست بوون بۆ ئەوەی ئاڵای جیهاد و حوکمی ئیسلام لەو کیشوەرەدا بەرز بکەنەوەو گرۆپێکی توندڕەوی سەلەفین و پەیوەندیان لەگەڵ قاعیدە و داعش هەیە.

_ جماعة انصار التوحید: ئەم گروپە لەوڵاتی ئەندونیسیا دروست بوون و هانی موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەدەن بۆ کوشتنی غەیرە ئیسلام و کە بەکافر ناوزەدی دەکەن وسەرکردەکەیان ناوی ئەبوبەکر باعشیرە و بەشداری کردوە لە دروستکردنی جماعة الاسلامیة و کە گروپێکی سەلەفی توندڕەون و لەخوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەکتیڤن و تاوانبار کراون بە تەقینەوەی بالی ساڵی ٢٠٠٢.

_ جماعة ابو سیاف: ئەم گروپە لەبەرەی مۆرۆی خوارووی فلیپینی جیا بوونەوە ساڵی ١٩٩١ و گروپێکی جیهادین ولە لایەن عەبدولرەزاق ئەبوبەکر جنجلانی دروستکراوەو دەخوازێ وڵاتێکی ئیسلامی لەوڵاتەکانی رۆژئاوای دوورگەی مەنداو وخوارووی فلپین دروست بکەن کە زۆرینەیان موسڵمانن لەوەو پێش لەگەڵ قاعیدە بوون و ئێستا خۆیان بەلای داعشدا گرتووە.

## بەشی سێیەم

سروشتی خێڵەکیەتی داعش

سوپای ئەلکترۆنی و راگەیاندنی داعش

راکێشانی کۆچەری رۆژئاواوە

داعش سیاسەتی بەعێراقیبوون

برەودان بە تەکفیر لە لای داعش

سیاسەتی قوڵکردنەوەی تەوەحش

سەلفیەتی جیهادی و خێڵەکی داعش

# سروشتی خێڵەکیەتی داعش

دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام وەک رێکخراوی"داعش"نەک وەک " دیاردە" ، کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیمای خۆی هەیە کە لەوەو پێش لەگروپی ئیسلامییەکاندا نەبووە ، بەتایبەتی لەجۆری گەشەکردنی سیاسی وسەربازی و توانای دارایی وراگەیاندندا لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا ،بۆتە وێردی سەر زمانی دۆست و دوژمنەکانی!! و بەردەوام پانتایەکی فراوان لەهەواڵ و رووداوە گەرمەکانی ناوچەکەو دونیا دادەپۆشێ ، وا لێهاتووە جغزی سنووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەزێنێ وخۆی لەتخوب وهێلە سوورەکان بدۆزێتەوەو لەوێوە هەڕەشە و مەترسی دروست بکات !وپەیام بنێری بۆ دوژمنە دوور ونزیکەکانی!! وسنووری دوو دەوڵەت لەسەر نەخشە رەش بکاتەوە وقەوارەیەکی سیاسی نوێی نامۆ بەیاساو رێساکانی دونیا قیت کاتەوە بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام"!!!، ئەو مەترسییە هەرلایەنی ئایینی نەگرێتەوە وبەڵکوو فراوانخوازییەکەی ئەوروپا و جیهانی کریستیانی دەگرێتەوەو مەترسی ئەوە لێک بدەنەوە کە ئیسلام هەڵدەکشێ و بەرەو روویان دەبێتەوە!!!؟ ، بە پێچەوانەشەوە، ئیسلامگەرایی والێکدەداتەوە، کە شەڕی خاچپەرستی و سایکس پیکۆ بە رەنگ و بۆیەکی دیکە خۆی نوێکردۆتەوە، لەماوەی نزیکە سەدەیەکدا کە ئیسلامی سیاسی چەکەرەی کردوە و سەریهەڵداوە ، پتر لەچارەکە سەدەیەکی سەلەفییە جیهادییەکانی نێو ئەو رەوتە ، گروپێکی وا خوێناوی و خوێنڕێژ پەیدا نەبووە بە ماسکی ئایینەوە ، بتوانێ بەو خێراییە هێز لەخۆی کۆکاتەوە و پانتایی جوگرافیای بندەستی فراوان بکات، گەنج بەو قەوارەیە و رێژەیە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، نەک هەر گەنجی بێکار و بێ ئیش لەکۆمەڵگەی دواکەوتووی رۆژهەڵات و ئیسلامیدا، بەڵکوو لەو پەڕی رۆژئاوا ، ئەکادیمیست و خاوەن ژیانێکی مسۆگەری شاد و پڕ لەماددیەت و دوور لەروحانییەت ، بهێنێتەوە لەو خۆشیە هەڵیقەنێنێ و تەوزیفی بکات بۆ روحانییەت و خۆکوشتنی پێ ئەنجام بدات بە ناوی شەهادە و بەهەشتەوە و "ژیان

لەدەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی کفره"[1]،هەڵقۆستنەوەی سیاسی و تەنگژەی ئابووری و سەربازی و ئایینی بۆ بەرژەوەندی خۆیدا ، وەک داعش پەیدا نەبووە کە بە قازانجەکانی خۆیانی ببات لەو ماوەیە کورتەدا!!! و زۆر بە خێرایی گورز بوشێنێ!!" وەک مار لەناو تاشەبەردان جولە دەکات وزۆرترین زەرەری گیانی بگەیەنێ لەکاری تیرورستی بروسک ئاسا"[2] ئەوجا ئەو توانا ئیعلامییەی لەفرە کەناڵیدا بەکاری بهێنێ بۆ داکۆکیکردن لەخۆ و رەتدانەوەی بۆ ئەو رەخنە و دژایەتیانەی لەبەرامبەریان ئەنجام دەدرێت وئەو رقە مەزهەبییە برەو پێ بدا بۆ قازانجی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بەکاری بهێنێ کە تیایدا بە سەرکەوتویی و لێهاتوویی و بەهرەمەندیی خۆی نیشان بدات و دوژمنی خۆی بخاتە گۆشەنیگای داکۆکیکردن نەک هێرش بردن!!!؟ و روداو و پێشهاتەکان بقۆزیتەوە و تەفاعلیان لەگەڵدا بکات بۆ مەبەستی خۆیدا و لەرووی دارییەوە توانیویەتی ئابووریەکی باش بۆ خۆی و کاربەڕێوەبردن وئیدارەکردنی دەوڵەت و رێکخراوەکەی خۆی دروست بکات و دەیان سەرچاوەی بۆ رابکێشێ کە هەندێکیان لەگروپی ئیسلامییەکان دوورە و ئەوجا ئەو پلانە مەحکەمە سەربازیانە داڕێژێ و تیایدا سەرکەوتوو بێت و شەڕی چەند بەرهەم بهێنێ بە مرونەت و سەلابەت ، کە بتوانێ ببێتە ئەو پرۆژە گشتگیرەیە لەسەر ئاستی فیکری و فراوانخوازییەی ئاستی جوگرافی و ببێتە تاقانەی لێکدانەوەی ئایینی و هەرچی لەو لێکدانەوە و تائویلانەی ئەو دوور بێت بە کافری لەقەڵەم بدات و ئەو دەوڵەتەی کە خۆی بە زەبری هێز و خوێن ڕشتن دایمەزراندوە !!!، باوەڕ بەو توێژە فراوانە بکات کە تەنیا دەوڵەتی باوەڕدارانە ، هەرچی لەدەرەوەی ئەو دەوڵەتە بێت ئەوا لەدەولەتی فاحشیە و کافرەو خوێنێ حەڵاڵە[3]!!!، بوێریەکی زۆری تیدایە لەبەجێگەیاندنی بیروباوەڕو تێزەکانی خۆی و لەسەر ئەرزێ واقیعدا دەکات!!!!

[1] مسائل من فقه الجهاد/ ابو عبدالله المهاجر ....... ص١٢

[2] باتريک کوکبيرن/ ترجمة ميلثين حبيب/دار الساقى / طبحة الاولىٰ / بيروت٢٠١٥ ......ص٢٠

[3] The what/ العدد (١) مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود....... ص٢٢

# سوپای ئەلکترۆنی و راگەیاندنی داعش

راگەیاندن لەلای داعش گرنگییەکی زۆری پێدەدەرێ ، بە تایبەت لە گەیاندنی پەیامەکانی چ بۆ دۆست یاخۆد دوژمنانی ، سوپایەکی بۆ بواری ئەلکترۆنی دروستکردوە لەفیسبوک و تویتەر ویوتۆب و ......،پێگەیەکی گرنگی لەلای گەنجانی موسلمان پەیدا کردووە ، بە پێی ئەو سیاسەتەی کە ئەو راگەیاندنە بەڕێوەی دەبات ، وا دەخوازێ کە بڵێ دەوڵەتی ئیسلامی "داعش"، ئیسلامی راستەقینەییە و ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام کردویەتی ئەوان پێی پەیوەستدارن و ئیستفزازی ئەمریکاو ئەوروپا دەکەن ، بۆ ئەوەی دەست وەردانی سەربازی لەوڵاتانی ئیسلامی بکەن و بۆ ئەوەی وەک بنلادن گۆتەنی " ناتوانیین رۆژئاوا لەماڵەکانی خۆیان ببەزێنن بەڵکو دەتوانیین رایانکێشن بۆ وڵاتانی ئیسلامی بیان بەزێنین"[٤]، رێک داعش ئەو سیاسەتەی بەڕێوەدەبات و بەراستیش لێهاتوانە و لێزانانە بەڕێوەی دەبات ولەلایەک لەرۆکێت و تانک و تۆپی، دوورهاویژ کەمتر نەبێت و لەلای دیکە توانایی و لێزانی لەئیمپراتۆرییەکانی راگەیاندنەکانی جیهانی و عارەبی کەمتر نییە و تەنانەت زاینیویانە لە چ کاتێک و چ جۆرە ئیعلامێک بە کاربهێنن و لەبەرامبەر رەخنەگران و دوژمنانیان نەک هەر داکۆکیکردن بەڵکوو وەک هێرشبەری سەریان وەریانچەرخانتەوە و زۆر جار توانیویانە بەو جۆرە راگەیاندنە وحشیگەریانە چەندین جێگە بەبێ تەقە بگرن، یاخۆد تێکشکان بکەنە سەرکەوتن وەک لەکۆبانی و کەرکوک ساڵی ٢٠١٤ کردیانە و یاخۆد سەربڕینی ١٠ پێشمەرگە لە ٣٠ ئەیلولی ٢٠١٥، بۆ ئەوەی ورەی چەتەکانی خۆی پێ بەرزکاتەوەو هی پێشمەرگەش دابەزێنی ، هەمان کاریان کرد لەکاتی پێشگرتنی رەقەو دێرزور و موسڵ و هەروەها دەیان ڤیدیوی فۆتۆشۆپی لەسەر نوسرابوو "ئێمە هاتین، بەغدا خۆڕاگرە" .کتائیبی ئیعلامی داعش رێک و لێزان و فرەن لەهەموو بوارو ناوچەیەکدا، سەنتەری حەیاتی ئەلکترۆنی کە باسکی داعشە بۆ

---

[٤] عطوان عبدالباري / الدولة الاسلامية ..........................ص

موخاتەبەکردنی رۆژئاوا و گۆڤاری دابق [٦] دەردەکات بە زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەورپا، وەک هەندێک ناویان ناوە مۆڵ هەموو شتیکی تیا دەستدەکەوێت،لەراستیدا بە توانایەکی پرۆفیشنالی دەردەچێت و هەروەها سەنتەری فاروق، فرقان ، یەقین، الاعتصام ...، ئەمانە هەمووی کاری فلیمسازی و راگەیاندنی جۆراوجۆر دەکەن کە ئاویان لەئاشی سەرخستنی داعش دەکات ، تەنانەت وەک ئامارێکی خودای فێسبوک راگەیاندوە ، "ژمارەی بەشداربووانی فێسبوک لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گەیشتۆتە ٧١ ملیون و زۆربەشیان لەتەمەنی ١٠_٢٥ساڵیدان" [٥] " بەشی هەرە زۆریان موسلمانن و بەدوای سایت و راگەیاندنەکانی داعشدا دەگەڕین و گرنگی پێ دەدەن ، تەنانەت کاتێ بەڕێوەبەرایەتی فێسبوک وئەنتەرنێت هەوڵی بلۆککردنی ئەو سایتانەی دا، ئەوان توانیان بە بەرنامەی "تۆر" دابهێنن و سنووری ئەو بلۆک بەندییە ببەزێنن.
داعش لەسیاستییە ئیعلامییەکانیدا پتر گرنگی بە گەنجان وهەوڵی راکێشآنیان دەدات بۆ ناو ریزەکانیان ، بە تایبەتی کچە گەنجەکان کە پەلکێشیان بکات بۆ ناو جیهادی نیکاح ، بەو سیاسەتە دنیایەک دەسکەوتی بۆ خۆی بەدەست هێناوە لەراکێشانی گەنجانی نێرو مێ بەتایبەتی لەوانەی رۆژئاوا، هەروەها ئەو رقە مەزهەبییە سونەگەرایی بە سەلەفیەتی جیهادگەرایی برەو پێداەداو کە بەهرەمەندی خۆی تیادا بەرجەستەکردوە و کەناڵێکی گرنگە بۆ داکۆکیکردن لەئایدۆلۆژیا سەلەفیەت و تەکفیرکردنی خەڵک و برەودان بە کاروکردەوەکانی تەوەحش کە داعش بەڕێوەی دەبات بۆ مەبەستە سیاسی و سەربازییەکانیان لەسەر بنەمای ئەوەی تەوەحش پێویستە بۆ فقهی پێویست. سەرپەرشتیاری ئیعلامی داعش لەلایەن ئەبو محمەد العدنانی دەکرێت کە وتەبێژی خەلیفەیشە و پشتی بەچەند کەتیبەیەکی ئیعلامی بەستەوە کە لەسەرەوە ناومان هێنان.

---

[٥] عطوان عەبدالباري / هەمان سەرچاوە ........................ص٢٠٢

٦- ناوی ئەو شەڕە بوو لەنێوان لەشکری ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەرو رۆم رویدا

# راکێشانی کۆچەر لەرۆژئاوادا

راکێشانی گەنج بەلای سەلەفییەکان و بەتایبەتی بەچەتەبوونی ئەو ڕێکخراوە لەرۆژئاواوە کە لەژیانێکی مسۆگەرو دوور لەو قەیرانەی کەکۆمەڵگەی ئیسلامی تیادا دەگەوزەرێت، بێ ئەوەی شارەزایی وبەشداری لەوەو پێشیان هەبێت لەکاری چەکداریدا ، یەکێ لەو تایبەتمەندیانەی ئەو ڕێکخراوەیە وئێستا بەلێشاو ئەوگەنجانەی لە٨٠وەڵات کەتەمەنیان لەنێوان١٥_٢٥ کەسە رۆژانە بەسەدان کەسیان دەچنە ناو ئەو ڕێکخراوە بەتایبەتی لەرێگەی تورکیا،کەدەیانماڵیان لەسەر بەناو سنووری نێودەوڵەتی ئەو وڵاتە وسوریا بۆ تەرخانکراوە ، کەناڵی ببی سی نیوس راگەیاندەوە لەکانونی یەکەمی ٢٠١٣ سەدان ماڵن لەسەر ئەو سنورانەدا لەوێوە رەوانەی ناو داعش دەکرێن[٦] ، بەشداریکردنی ئەو گەنجانە وراکێشانیان بۆ دژایەتی کوفر وەک خۆیان ناوی لێدەنێن وەک"قنابيل بشري" و ژنەکانیش بۆ جیهادی نیکاح و بەخێوکردنی منداڵان بۆ داهاتووی ئەو دەوڵەتە تیرۆرستیە بە ئایدۆلۆژیەتی توندڕەویدا پەروەردە دەکرێن ، لە ژنان دوو کتیبەی لێیانیدروستکردوە بە ناوی خەنساو وام رەیان ، کەتیبەی خەنسا بۆ بەجێگەیاندی ئەو ریتمەی کە داعش لەژنانی موسلمانی خوازیارە لەچوونە دەرەوەیاندا ،" ئەوەی تائیستا مەزدە دەکرێت ٢٥% ئەو چەتانە پێکدەهێنن کە٦% لەفەرەنساو٤،٥% لەبەریتانیاو وئەوجا ئەلمانیاو سویدو بەلجیکاو هۆلاندو ...[٧] . کۆچکردنی ئەو گەنجانە بۆ ناو داعش بەبیروباوەڕی ئاینی سەلەفی جیهادی و بەپیناسەی ئومەتی ئیسلامی بێگوێدانە پێناسەی نیشتیمانی شتێکی دەگمەنە لەو دونیای گۆڕاوەدا ،کەزۆربەشیان تۆڕە کۆمەڵاتییەکان وئەوجا دەزگا خێرخوازییەکانی وەهابیەت و ئەو دەزگایانەی کە دەیکەنەوە بەناوی مزگەوت و زانکۆ وقوتانبخانەکان کە تیادا وانەی جیهاد دەکرێتە پێشمەرج وتنەوە تیادا ، دەریان دەپەڕێنێ لەو فەزایە ئازادیە ژیان مسۆگەرە پێشکەوتنخوازیەدا و رایاندەکێشێتە نێو ئەو

---

[٦] عطوان عەبدولباری / هەمان سەرچاوە.............ص١٨٣

[٧] هەمان سرچاوە ................ص١٧٠

فەزایە چەتونیە تاریکیەدا،لەسەرەتادا لەئەفگانستان ودوایی بۆ چیچان و بۆسنیا و دوای بۆ عێراق و سوریاو لیبیادا دەستی پێکرد وساڵی٢٠٠٣رێکخراوی قاعیدە لەرافیدەین توانی٥هەزار کەسیان بەلای خۆیدا راکێشێ و کەزۆربەیان شیشانی عارەبی ئەفریکی و ئەفغانی وبنگلادیشی وئەندەنوسیین ٢٥% تونسی و٢٢% ئوردنی و١٥مەراکشێ و٣% تورکی...[٨]هۆکاری سەرەکیش لەئاکامی ئەو تێکچوونی هاوکێشەیە دێت کەلەرۆژئاوا لەبەرامبەر ئەو گەنجانە پەیرەو دەکرێت وپەراوێزخستن ودوورخستنەوەیان لەتێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی رۆژئاوادا ، ئەو بۆشاییە روحییەی لەناو هەناوی ئەو گەنجانە خولقاندوە کە هەوڵبدەن لەناساندنی خۆیان بۆ دنیا وپەیوەست بوون بەرەسەنایەتی خۆیان لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و ئەو دەزگا ئیسلامیانەی کە وەهابییەت لەو وڵاتانە دایدەمەزرێنێ بۆ مەبەستی سیاسی و مەزهەبیەتدا وئەو گرتە ڤیدییەی کەداعش بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازی بەکاریاندەهێنی و هەروەها تیکشکانی شۆرشەکانی ناو وڵاتانی ئیسلامی کەبەهاری عارەبی وئیسلامی نێوزەد دەکرا لەلای هەندێک وفشارو هەژموونگەری وڵاتانی رۆژئاوا لەکاتی داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان و سوکایەتی بەروحیەتی نیشتیمانی ئەو وڵاتانە وئیسلامدا کاری گەیاندە ئەوەی کەئەو گەنجانە لەدوای راگەیاندنی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، بۆ تۆڵەکردنەوەو گورزوەشاندن لە جەستەی داگیرکەر هەربوارێک برەخسێت بەکاربێنن بۆ ئەوەی گورزی خۆیان بوەشێنن و ئەو گروپە سەلەفییە جیهادیانە ئەوژینگەیان باش قۆستەوە بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژیەتی خۆیان و پێگەی سیاسی وکایەی خۆیان تیادا بەرجەستە بکەن و بگوترێ " شتێک دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەم وکوڕیانەی کە رۆژانە رووبەڕویان دەبێتەوە[٩] بەو زەنەی کە کە توندڕەوی ئاینی رزگاربوونە لەو گەندەڵییە و تیکشانییە روحییەو هەست کە کەمبوونە لەبەردەم داگیرکەردا .

---

[٨] هەمان سەرچاوە ...........ص١٧١

[٩] هەمان سەرچاوە ...........ص١٧١

## داعش و سیاسەتی بە عیراقی بووندا

یەکێ لەو دیاردانەی لەناو داعش دەبینرێ وهەست پێدەکرێت،مەسەلەی پشت بەستنە بە عێراقییەکان وەک بڕبڕەی پشتی ئەو بە ناو دەوڵەتە،ئەوەتا لەبواری سەربازی و ئەمنی و رێکخستن ونەوت و کۆنترۆلکراوە لەلایەن عێراقییەکان و لەناو عێراقییەکیەکانیش لەلایەن موسڵاوی وتکریتی ودلێمییەکان هەر بۆیە بڕبڕەی پشتی داعش لەئەفسەرەکانی سوپای کۆماری وهەوڵگری سەربازی سوپای زەمانی بەعسی سەدام پێکهاتوەو کەهەڵبژاردەی سەدام بوو لەناو سوپاکەیدا، لەراستیشدا سەرکردایەتیەکی شارەزاو پرۆفیشنال ویەکگرتوون لەبڕیارداندا تائیستا ، لەکاتێکدا ئەو رێکخراوە داوای بەرجەستەکردنی وبنەماکانی ئیسلامی دەکات و "جودایی لەنێوان موسلمانان تەنیا بە تەقوایە "و"خودا لەدڵ دەڕوانێ نەک دەم وچاودا " ، کەچی لەلای داعش مەهاجیرین بەتایبەتی چێچانییەکان یەکجار ناپەسندن لەلایەن و چەندین جار شەڕ لەنێوانیان دەرکەوتووە ویەکتیریشیان کوشتوەوکەچی داعش نەک هەر جودایی دەکات لەنێو عارەب و غەیرە عارەب بەڵکو لەنێو عێراقییەکاندا ئەوانەی سەربە عەشیرەتەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و ژنەکەی سجاد دلێمییە گرنگی زۆریان پێ دەدرێت ، ئەوەتا هەردوو یاریدەری خەلیفە لە عێراقیەکاندایە وەک ابوعەلی النباری کە لیوایەکی سوپای هەڵوەشاوەی عیراقی بوو لە دەورانی سەدامدا و خەلکی موسڵە و هەروەها ابو معتز (ابو مسلم الترکمانی ) خەڵکی تەلەعفەرەو لەتورکمانەکانە و پێشتر لەهەوڵگری سەدام کاریکردوە بە پلەی موقەدەم ، ئێستا بێجگە لەوەی یاریدەرە ، ئەوا کاری هاریکاری والییەکانی داعشە لەگەل خەلیفەو زۆربەی کارەکانی ئیداری ئەو هەڵیدەسوڕێنێ،عزەدین خدوش وەزیری نەوتەوئەبوهاجرالعساف لێپرسراوی دەزگای هەواڵگری ئەو رێکخستنەیە،ئەمانەو دەیان کەسی دیکەی باڵادەستی ناو داعش کە لەبنەچەدا کاربەدەستی ناو بەعس بوون وخەڵکی ئەو ناوچانەن کە لەخەلیفە نزیکن بەرەچەڵکدا یاخۆد جێی پشتیوانیین لەمەزهەبگەریدا،هەر

ئەو مەسەلەیە یەکێکە لەو خەلەلەی کەداعش بنکۆڵ دەکات لەداهاتودا لەنێوان ئەوانەی باوەڕی تەواویان هەیە حوکمی ئیسلام،کە لەبنەڕەتدا سەلەفی بوون وئەوانەی عیلمانی بوون پێشان ودوای جاڕدانی سەدام لەهەڵمەتی باوەڕداری کەدوای شەڕی کەنداوی یەکەم بانگەشەی بۆ کردو بەخوێنی خۆی لەسەر ئاڵای عێراقی الله اکبری نووسی،کە لای زۆریان جێگەی مشتومڕەو هەر ئەو مەسەلەیە بوو، کە لای زۆریان جێگەی مشتومڕەو هەر ئەو مەسەلەیە بوو بۆتە هۆی دەرکردن ولەناوبردن وتەکفیرکردن،"یەکێ لەوانە قازییەکی داعش بە رەچەڵەک تونسی بە ناوی "ابو جعفرالحطاب"وهەروەهاقازیەکی داعش بەرەچەلەک کوێتی"ابوعمرالکویتي"کە لەلایەن گروپێکی توندڕەوی بەرەگەز بەعسی عیراقی(ابو علاء العفری) بەڕێوەدەچێت[10]،هەر لەبەر ئەوەی تەکفیری زەواهیریان نەکردو"من لم یکفرفهو کافر-ئەوەی خەڵکی کافر بەکافر نەناسێ کافرە"،کافرنەک خوانەناس بەڵکوو بەو تێزەی کەخۆیان پێناسەی کوفر دەکەن دەشلێن بەپێی ئایەتی قورئان ئایەتی٣٩/انفال"وقتلوهم حتی لاتكن فتنەو یکون دین کله لله".

[10] هشام الهاشمی / قضيا تنظيم الدولة (داعش).........................ص٤

# برەودان بە تەكفیر لەلای داعش

سیاسەتی تەكفیركردن یەكێ لەوسیەلەكانی داعشە پەیڕەی دەكات وكە لایەنی شەرعی دەدات بۆ لەناوبردنی ركابەرەكانی، ئەوجا هەر غەیرە موسلمان ناگرێتەوە، بەڵكوو خودی موسلمان وتەنانەت ئەوانەی خەڵكانێكی باوەڕدار بەتیزەكانی خۆشیان دەگرێتەوە گەلەك جاران،كاتێ نەگونجێن لەگەڵ قەناعەتە توندڕەوییەكانیانی ناوداعش یەكانگیر نەبن ، ئەوە بەهەمان دەردی كافر بەمەفهومی ئیسلام دیكە دەچێ وتەكفیر دەكرێن ، تەكفیركردن لای داعش زۆر ئاسانە و زۆربەی جاریش بۆ كاری سیاسی بەكاردەهێنرێ ، ئەوەتا یەكێ لەقازییەكانی خۆی تەنانەت لەبەر ئەوەی ئەیمەن زەواهیری كافر نەكرد،كافریان كرد وكوشتیان، بەكارهێنانی توند تیژی و تەكفیرو تەوەحش،راشكاوانە داعش رایدەگەینەێ كەیەكێ لەپێداویستیەتیەكانی فقهە بۆ مەبەستی جێگیركردنی پێگەیان وبەشێكە لەشەڕی ساكۆلۆژیەت دژ بەنەیارانی ورەخنەگرانی،ئەم تەكفیرە لەلایەن كەسانی هیندە جاهیل لەشەرعی ئیسلام دەردەچیت "وەك( ابو علاء الجعفری- نائب البغدادی) كەتوندڕەوترین كەسی نێو داعشە ودەستییێكی باڵای لەناو ئەو رێكخراوەدا هەیە زۆری لەسەركردەكانی داعش نزیكەو سەر بەباڵی بنعەلییە ولەبەرامبەریاندا باڵی الحازمی نەرمترن لەو باڵەی سەركردایەتی وعومەر كوێتی سەر بەو باڵە بوو[11]،ئەوەی تەكفیر بەپێی تێزەكانی ئەوان نەكات كافرە وخوێنی حەلال دەكرێ،هەندێكی هەن و سەریان لەناو داعش هەڵداوەو

---

[11] جريدة الحياة/ ١٠ / ايلول/٢٠١٤

تەنزیر بۆ ئەوە دەکەن"هەرکەسێ مبایعە نەداتە ابوبەکر بەغدادی وەک خەلیفەی و هەموو موسلمانانێ ئەوا لەدەرەوەی ئیسلامە وکافرەو کوشتنی حەلالە[12]من کفرنی اکفرە-کافرم بکەی کافرت دەکەم"، داعش هەموو موسلمانانی تەکفیر کرد کەلەبن قەلەمڕەوی ئەودا ناژی بەپێی ئەوفەرمودەی پێغەمبەر کە ئەوان بەراستی دەزانن (من بێ بەریم لەوانەی کە لە ناو موشرکین دەژین _ انا بريء من كل مسلم يقيم بين اظهر المشركين[13] و پێویستە بچێتە دارسلام ودارالحرب بەجێ بهێڵی ئەوەی بەجێی ناهێلێ کافرە وهیجرەتیش تەواو نابێ تاتۆبە تەواو نەبێ و تۆبەش ئەو کات تەواو دەبێ کەرۆژ لەرۆژئاوا هەڵدێت_ لاتنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبه ولاتنقطع التوبه حتى تطلع الشمس من مغربها"،زۆرجار بەخەوارج ناوزەدیان دەکەن کەدوای کوشتنی خەلیفەعەلی دەستی پێکردو هەردوو خەلیفەی راشیدینیان بەو تۆمەتەوە کوشت (عوسمان و عەلی) بەو شێوەیە هەموو خەڵکی وڵاتانی موسلمان و پۆلیس وسەرباز و فەرمانبەرانی موسلمانن وتەنیا ئەو پێگە جوگرافیەی کەخۆیان هەڵیانبژاردوە ناویان ناوە دەوڵەتی ئیسلامی)، لە کاتێکدا ئەبو تەیمیە دەڵێ تا ئیجماع و دەلیل وەک رۆژی رووناک نەبێ کەس تەکفیر ناکرێ[14]، کەچی داعش ئەوانە تەکفیر دەکات کە لەلایەن ئەمریکاوە بەردەدەرێن و بەو مەزەندەیەی ئەمریکا دەیانکاتە جاسوس ئەوجا بەردەدرێت [15]، کەچی ئەو بڕیارە ئەبوبەکر بەغدادی ناگرێتەوە!!!؟، لەلای داعش لەسەر بنەمای تۆڵەو بەڕێوەبردنی کاری سیاسی

---

[12] الاخبار/ بدر ابراهيم/ داعش ولاوهابيه والتكفير ت٣/ ٢٠١٥

[13] ابو عەبدالله الماجر/ مسائل من فقه الجهاد ....ص١٧

[14] هەمان سەرچاوە .........ص١٧

[15] شبكة الاسس الاسلاميه / داعش والحقائق الثلاث

و ڕێگەگرتن لەناڕەزایی بەکاردەهێنرێ و وای لێهاتووە موسلمان و غەیرە موسلمان لێک ناکرێتەوە و تەحکیمکردنیش دەبێ زانایانی ئاینی و سەنتەری وەک ئەزهەر بیدات ، کەچی ئەوانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان خۆی دەدزنەوە،هەرچەندە بەدرێژایی حوکمی ئیسلام هەر شیر حوکمی سەرەکی لەدەستادابووە بەلام لەتەکفیرکردندا بەگرانی بۆی چوون وتەنانەت پێغەمبەر لەبەرامبەر مونافیقەکان هێورانە مامەلەی لەگەڵدا کردوون نەوەک خەڵک بڵێن مەحمەد هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێ،هەر بۆیە بەبێ تامی داعش برەو بەتەکفیرکردن وزووو لەسەردان دەکات، کەس نازانێ کێ ئیسلامە وکێ کافرە.

# سیاسەتی قوڵکردنەوەی تەوەحش

سیاسەتی قوڵکردنەوەی کارە وەحشیگەراییەکانی داعش وەک دیاردەو پراکتیزەکردنی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی داعش ، وەک ستراتیژیەتی شەڕێکی سایکۆلۆژیەتی دژ بە نەیارانیانی لەموسلمانان وغەیرە موسلمانان بڵاوکردنەوەی ترس وتۆقاندن وپەیامێکی خوێناوی،بۆ راکردن یاخۆد خۆبەدەستەوەداندا،چەندە ئەو تاوانانە گەورەو نامرۆڤانەتر بێت،ئەوە لای راگەیاندنی داعش پانتایەکی زۆرتر وگرنگی وبەهرەمەندی پتری تیا دەخولقێنرێت،ئەو شەڕەی کەداعش دەخوازێ بیکاتە شەڕێکی پیرۆز لەپێناو پارێزگاری ئیسلامدا، لاسایکردنەوەی شەڕی بەناو پیرۆزی کریستیانەکە کە لەسەدەی یازدەمەوە بەڕێوە چوو خوازیار بوو ئیسلام لەئینسایەت بشواتەوە،ئەوا رێک داعشیش بەو پەیامە خوێناویانەی بۆ موسلمان وغەیرە موسلمانەکان ئیسلام بەهەمان جۆر ببات، کە"ابی بکرناجي" دەڵێ " گواستنەوەی ئومەتە لەقۆناخی تاریکی وشەڕەوە بۆ قۆناخی ئاشتەوایی [١٦] ، کەرای ئەو نوسەرە ئەو ساتە وەختە بەهەمان دەورانی وەفاتی پێغەمبەر وێنا دەکات کەهەڵگەڕانەوە دەستی پێکردو لەجاهیلییەوە بۆ چەسپاندنی ئیسلام شەڕ دەکات وبۆ وەک خەلیفە ابوبەکر توندڕەوی نیشاندا بەرامبەر هەڵگەڕاوان،ئەوا پێویستە داعشیش هەمان کار بکەن وبەشیر وتوندڕەوی بێرەحمانە ئیسلام بەرز راگرن ، کە لەمونتەلەقی یاساکانی دارستان بەڕێوەدەچن و کە هێز سەیدی هەڵوێست دەبێت ، کە بەهۆکاری سەرکەوتنی عەباسییەکانی دەزانی وبۆیە پێویستە ئەو تەوەحشەی عەباسییەکان بەڕێوەببرێترەوە وهەمان ڕیبازی وەهابییەکانە لەمێژوودا وبەکارهێنانی وەحشیگەریانە لەکاتی پێویستدا،گەلەک پێویستە،هەروەها ئەبی بەکر دەڵێ" ئەم وەحشیگەرییە و ناوبانگی"موجاهید" بەرز رادەگرێ وترس وتۆقاندن دەخاتە دڵی دوژمنان[١٧]،وبەڕێوەبردنی سیاسەت بەوعەقلیەتە کارێکی یەکجار ئالۆزەو هەندێک رایان وایە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بۆ کەلتورو پلەی

---

[١٦] ابی بکر ناجی / ادارة التوحش ............ص١٥٠

[١٧] عبدالباري عطوان / الدوله الاسلامية.............ص١٦٣

شارستنیەتی ئەو گەلە دەگەڕیتەوە (هنتنگتون)لەپەرتوکی ململانێی شارستنیەت شرۆڤە دەکات وهەندێکیش بۆ هۆکاری ئابووری کۆمەڵاتی دەگڕێتەوە، وەک ئیبن خەلدون گۆتەنەی " عارەب لادێی (بدوي)ترین و دورترینین لەپیشەسازی،لە نێو گەلانی سەر دنیان [18]، لەراستیشدا کاتێ مرۆڤایەتی لەقۆناخی سەرەتاییەوە( کۆکردنەوەی تۆ وبەرهەمی کشتوکاڵی وراوکردندا) هاتنە سەر قۆناخی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ وقۆناخی دابەشکردنی ئیش ونیشتەجێبوون لەشارەکان ودوای بازرگانیکردن و پاشان پشەسازی، "عارەبیش بە قۆناخی کشتوکاڵی وپیشەییدا رەتنەبوینەو،لەقۆناخێ لادێییەوە گەیشتونەتە سەر دەسەڵات و هیز و پارە بەسەریان باریوە ، ئەم تێپەڕنەبونە زۆربەی بەهاو کەلتورەکانی دەورانی لادێی پشتۆتەوە لای ئەم میللەتە[19]،بەم شیوەیە عارەب لەبەردەم دەستگرتن بە ستایکیەتی پاشماوەی بەهاو عەقلیەتی بەدەوی بەڕیوەدەبەن بێ ئەوەی دینامیکەتی گۆڕان بدۆزنەوە ، بە تایبەتی ئەو بینای شارستانیەتیان کردوە دەستیان لە کەلتووری خۆیان هەڵنەگرتووە."٢٥ %عارەب بەدون و لەو رێژەیە ٧٥% بۆ ناوەڕاستی دوورگەی عارەب دەگەڕێتەوە"[20]، ئەم بەها وکەلتورەی بەداوەتەوە تێکەڵبووە بە لەبونیەتی سەرەکی عەقلی عارەبی ئاڵاوەو بەشێوەی نەرێنیەوە رەنگی داوەتەوە سەر ئەدائی فیکری وسیاسی و ئابووری و .....، کە بەهرەمەندی دەکوژێ ودواکەوتن زیاتر دەبێت،بەم شێوەیە ئەو عەقلە ساکارەو خێڵەکییە نەیتوانی لەرۆژگار بگا وبنەمای گەمەی سیاسییەکان تێنەگەیشتون ، لەکاتی سەرهەڵدانی ئیسلام هەوڵی دا ئەو بەهاو کەلتوورە تورِ تیاهەڵدات بەڵام وا پێ دەچێ سەرکەوتوو نەبوو بێت، هەر بۆیە دەبینین عەقلیەتی سیاسی و ئاینی عارەبی دەسبەسەرکراوی دەسەڵاتی فەرمی وداب ونەریتی کۆمەڵگە وکاریگەریەتی ئاینی و مەزهەبیەتە ، کە بە کۆی هەموو ئەو لایەنانە تەفاعول وهاوکاری یەکدی دەکەن لەبەدیهینانی تەفکیرورەفتار و تێروانینی بۆ شتەکان،بۆیە کارێکی هێندە ئاسان نییە ئینسانی عارەب خۆی لەو هەموو فشارانە راتەکێنێ ودینامیکیەتی گۆڕان بگرنە بەر بۆ

---

[18] علاء الاعرجي/ ازمه التطور الحضاري............ص٧٦
[19] هەمان سەرچاوە .................................ص٧٩
[20] هەمان سەرچاوە ..............................ص ٧٩

بەشداریکردن لەئیزافەکردن و لەکاروانی شارستانیەت.بۆیە ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە ئەسیری ئەو عەقلیەتەی کە داعش بەوەرسە بۆی ماوەتەوەو لەدەورنێک کەلتورێک بەڕیوەی دەبات کەدونیا سەراوبنی گۆڕاوە تەنیا ئەو نەبیت . لەراستیدا هۆکار تەنیا لایەنی کەلتوری نییە،بەڵکوو هۆکاری جۆراوجۆردا ئەم کارە رودەدات ، زانستە سایکۆلۆژیەت پێمان دەڵێ کە مرۆڤ لەو کاتانەدا کەئەنجامی ئەوجۆرە تاوانانە دەدات توشی لادانی کەسایەتی دەبیت (دابڕان) "کەسایەتی دەبێتە کەسایەتی دیکە وعەقلیەتی باتینی دەگۆڕێ ودەبیتە عەقلیەتی باتینی هەموارکراوی جودا لەعەقلی باتینی نۆرمەلی ئەوکەسە وئەو مرۆڤە هەست بەهەیەجان دەکات لەزەت لەو تاوانانە دەبینێ و دەکەوێتە رکابەریەکی ماتماتیکی لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی٢١،لەراستیدا دەبیتە ئینسانێکی شێت وزانستی زیندەوەرزانی کۆمەلایەتی پێمان دەڵێن شوێنەواری وراسەتی سەردەمی راوە کە ئینسان لەو دەمدا توندوتیژ بوەو لەگرێکۆرەی " ئێش و خوێن و مردن – کە پیوەستە بە راوچی جاک ٢٢ ، لەکۆتایدا قسەیەکی دونالد جی داتۆن دەلێ "هۆکاری سەرەکی ئەو توندوتیژییە بۆ دەمارگیری خێڵەکی دەگەڕێتەوە کەوزەیەک دەدات بۆ لەناوبردنی گەلێک بە تەواوی٢٣

---

٢١ عبدالباری عطوان/ الدولة الاسلامیة ........................ص ١٥٣

٢٢ هەمان سەرجاوە ..........................................ص١٤٩

٢٣ هەمان سەرچاوە ......................ص ١٤٩

زانستییانە نابێ ئەو رەوتە نامۆ و سەیرو سەمەرانەی کە ئێستا خۆیان بە دەمارگرژییەکی زۆرەوە توندوتیژی نمایش دەکەن لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ، ئەگەر رەگی توخمەکانی مێژوویان دەستنیشان نەکرێ و نەخوێنرێتەوە و رەفتاری ئەکتەرەکانی سەر شانۆی مێژووەکەی هەڵنەسەنگرێ و لێکنەدرێتەوە کە چ هێزگەلێکی لەدروستکردنی ئەو مێژووەدا خۆی حەشارداوە، بۆ خوێندنە و هەڵسەنگاندنی داعش ئەگەر لەچوارچێوەی تۆیەکەی خۆی کە لەقولایی مێژووی خۆیدا نەبینرێ ، داوەری کارێکی ئاسای نابێ قسەی لەسەر بکرێ ، خێل پەرستی داینەمۆی ئەو کۆمەڵگەیە عارەبییە بووە کە ئیسلامی تیادا سەریهەڵداوە ، لەهەندێ لایەندا هێزێکی متبووی نێو هەناوی ئەو ئاینە بووە و ، پێدزەی کردۆتە نێو کاراکتەرەکانی سەر شانۆی نمایشکردنی ئەو روداوە گەورەیە لە دوورگەی عارەبدا، تا ئەورۆش ئەو خێڵپەرستییە رۆڵ دەبێنێ ، مەحمەد پێغەمبەر کە سەر بە هاشمییەکانی قورەیش بوو ، باڵادەستی سەرەکی نێو ئەو خێڵە بووە ، ئیسلام ویستی خۆی لەسەر بنەمای ئومەتی عەقیدە پەرستی تاکخودای خۆی بینا بکات ، بەڵام حەنین بۆ خێڵ پەرستی و هێزی متبوی نێو هەناوی ئەو بونیاتە تازەیە تا سەر دێزە بەدرخۆنە بکرێ ، دەست نەوشاندن لەمەحمەدی پێغەمبەر لەلایەن قورەیشەوە بەهۆی پاشخانی رۆڵی هاشمییەکان و بەنی نواف بوو لە نێو ئەو خێڵەدا، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر لەخیلافەت و دەستنیشانکردنی خەلیفەکان کە تا ئێستا رەنگرێژی خۆی بە جۆرێک لەجۆرەکان ماوە هەر بینای لەسەر خێڵەکیەت بوو ، کاتێ ئەبوبەکر بە خەلیفە هەڵبژێردرا ، بەرامبەر بە ئەنسارەکانی مەدینە گوتیان ئیمە وارسی پێغەمبەرین و ئیسلام لەسەردەستی ئێمە دروستکراوەو بۆیە ئیمامەت لەدەست قورەیشەو خوارەوەتر دەکرێ لەدەست خەڵکی دیکە بێت ، لەبەرامبەر هاشمییەکان وترا " نبوەت لەئێوەیە و خەلیفایەتی دەبێ لەئیمە بێت ، هەر بۆیە بەنو

ئومییە کە خۆی بە سەرۆکی قوڕەیشییەکان دەزانی لەسەردەمی جاهیلیەت و دوای خیلافەتی راشیدینیش توانیان گرەوەکەی ببنەوە ، لەسەردەمی راشیدیندا گەورەترین رێگر بوون بۆ بەدەسەڵات گرتنەدەستی ئال و بەیت ، تا وای لێهات معاویە زۆربەی قوریشیەکانی لەدەوردا بووە و عەلیش زۆربەی عارەبەکانی لەدەوردا بووە . هەڵگەڕانەوە و فیتنە هەر لەناوخندا خێلەکی بوو . داعش تەواوکەری ئەو راستییە حاشاهەڵنەگەرەی نێو مێژووی پتر لە ١٤٠٠ ساڵەی ئیسلامە و دەخوازێ جارێکی دیکە بەو فێرژنەوە خۆی نمایش بکاتەوە لە دەورانێک کە کەلچەری نەتەوەیی کز بوەو باهۆزی کەلکەری ئینتەرناسیولیستی دەخوازێ جێگیر ببێت لە هەموو دونیا، ئەگەر دەمارگرژی عارەبی و خێلەکی نەبێت بۆ عیراقییەکان لەناو داعش سەرقافلەی دەسەڵاتن ، جێیی متمانەی بەغدادی دەبن ، بۆ دەبێ تەوەحش و تۆڵەکردنەوەو ژن بە سوک سەیرکردنەی ئێستان ، ئەگەر خێڵەکی نەبن بۆ دەبێ هەر بە قیلەو قالەی سەلەف مژوبن و ننە زانن بۆ داهاتوویان بکەونە کارو بەو چەکی کە رۆژئاواپێشکەوت و خۆی رزگارکرا هەڵ نادات کۆمەڵگەیان پێشبخەن ، ئیسلام ئایینە نەک کەلکەری خێلەکی و پێغەمبەری ئیسلام هەوڵی دا لەسەر عەقیدە خەڵک کۆ کاتەوە نەک لەسەر بنەمای خێڵەکی و نەتەوەییو هەرێمی ، کەچی سەلفییە جیهادییەکان تەوەری گرنگی زیندووکردنەوەی خێڵەکیەتن و هەمان رەفتار پراکتیزە دەکەن کە ئەمەوی و عەباسییەکان پێش پتر لە هەزار ساڵ پەیڕەویان کردوە و ئیدارەیان پێ بەڕێوە بردووە ، ئایینییان بۆ خێڵەکیەت و پاراستنی کەلکەری خێڵەکیەت بەکارهێناوە و بەکاردەهێنێتەوە و شەڕ لەسەر دادوەری و بنەمای ئیسلام نییە بەڵکوو شەڕ لەسەر پاراستنی بنەماکانی خێلکیەتی عارەب نەژادە بە بۆن بەرام و بۆیەکی ئایینی کە راستیدا ئایینەکە سوک دەکات نەک دەیگرتەوە .

## بەشی چوارەم

## رەگ و ریشەی فیکر و ئایدۆلۆژیای داعش

- ئیدۆلۆژیای سەلفیەت لە سەدەیەکدا
- داعش و ئەلقاعیدە لە ناکۆکییە سیاسییەکانیاندا
- دەقی سواوە و واقیعی ئالۆز
- تێکست ئەقل دەکوژێنێتەوە
- کودەتای داعش و خیلافەت

تەکفیرکردنی موسڵمانان لەلای داعشدا

داعش ڕێکخراوێکی سەلەفی و جیهادییە و بەهەردوو سەردا ئاو لەرەگوڕیشەی مێژوویی ئەو دوو سەرچاوە دەخواتەوە ، سەلەفیەت لەدەورانی ئیبن ئەلقیم و جوزانی و ئیبن تیمیەوە و وەهابییەکان و پاشان سەید قوتب وباقی سەلەفییە جیهادییەکانی ئێستا، کە تیایدا "ڕەتی ئەوە دەکەنەوە عەقڵ ڕۆڵی هەبێ لەلێکدانەوەی دەقدا ١ لەو ڕۆژەوە "کەلێن کەوتە نێوان فیقهە و واقیعی موسڵمانان٢ و دەق وەک خۆی دەخوێنرێتەوە و لێکدەدرێتەوە ، بۆ نمونە کاتێ دەگوترێ "ید ، وجە ، کلام الله" کە بە مانای ئەوە نییە خودا شکلی هەیە و لەبەر ئەوەی بە پێی فقهە ئیسلامی ئەگەر شکڵ بۆ خودا دابنرێ ئەوا خودا نامێنێ !!!، کەچی سەلەفییەکان دەڵێن شکڵ و عەرشی هەیە!!!؟، دوای ئەوەی سەلەفیەت لەلای سەید قوتب سەریهەڵداوە کە پێداگری توندی لەسەر تحکیم و کفر و دار سەلام و حرب و فریظة الغائبة و کۆمەڵگەی جاهلی کردەوە ، ئیخوان موسلیمی لەنەرمی گواستەوە بۆ توندڕەوی ، پاشان جولانەوەی جیهادی ، کە رایان وابوو جیهاد روکنێکی ئیسلامیە و هەر دەوڵەتێک حوکمی خوا نەکات لەسەر ئەرز کافرە لەجاهیلیەت دەژی و دەبێ دژایەتی بکرێت و ئەوەی نەیکات ئەویش کافرە، قۆناخی دوای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کاتێ لەلایەن عەبدوڵلا عەزام و ئوسامە بنلادنەوە دەستی پێکرد دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە ، ئەو جووتە شێخە بانگێشەری یەکەمی "جیهانگەری جیهادی و جیهاد لەئاوارە و کۆکردنەوەی موسڵمانان بۆ جیهاد دژی روس و دوای رزگارکردنی ئەفگانستان، ئاراستەی فەڵەستین و نەهێشتنی زوڵم لەسەر تەواوی موسڵمانان !!؟ ، لەسەر راسپاردەی ئیخوانەوە لەپاکستان بەڕێ کەوت !!!!خەڵکی هاندا بۆ جیهاد دژ بە

---

[1] فایز عزیزمحمد اسماعیل/ الاسلام و تجدید دین العولمة-......... ص١٩

[2] هەمان سەرچاوە .........ص٢٠

سۆڤیەت ، ئەو هاندان و کۆکردنەوەی "موجاهیدینانە"!! بۆ هەر مەرام و مەبەستێک بوو بێت ، ئەوا قۆناخێکە و جیهادییەکان پێیدا رەت بوون ، لەلایەن ئەمریکا و پاکستان و زۆربەی وڵاتە عارەبییەکان بە تایبەتی سعودیا پشتیوانی لێدەکرا، کە لەو پرۆسەیە چەندین مونتەدای ئیسلامی عارەبی و غەیرەی لێکەوتەوە کە هەستی ئیسلامی دەبزواند لەتورکستان و چین و کەشمیر و تایلاند و فلپین و مۆرو چیچان و کوردستان و ...... ، لەوێوە و لەئاکامی جیهادی ئەفگانستانەوە تیژی گوێگرتن و پەیوەست بوون بە "زانا جیهادییە مەیدانییەکان " ، سەریهەڵداو "خوارەوە ناتوانێ فتوای جیهاد دەربکات" ، ئەم قاڵبە لەنێو جولانەوەی ئیسلامییە جیهادییەکان جێگیر بوو ، قۆناخی دووەم لەدوای تیرۆرکردنی عەبدوڵلا عەزامەوە دەست پێدەکات تاوەکوو کوشتنی بنلادنەوە ، کە تیادا ئوسامەو قاعیدە بوونە سەنتەری ئەو رەوتە جیهادیانە و بە تایبەتی دوای شەڕی شیشان و بۆسنە و هرسک و هەندێ کاری تیرۆرستی لەمیسر و جەزائیر ، کابول و ئەفگانستان بووە واری ئەو جیهادیانە ، ڤێرژنی قاعیدە لەجیهادیەت بۆ بەزاندن و یەکخستی ئەوانەی لەئیخوان و لەگروپە توندڕەوەکانەوە هاتبوون ، کە بیعە بە قیادە لەفکر و ئاراستە باوی پێدراو بۆ ئەوەی جیهادییەکان لەدەمارگرژی حزبی دوور بخەنەوە و لەو ماوەیە قاعیدە دوژمنی دووری " ئەمریکا و ئیسرائیل" وەک دوژمنی دووری پێویست بۆ جیهاد هەڵبژارد و رژێمەکان وەک دوژمنی نزیک ، جیهادی لەبەرامبەردا دواخست، بەو بیانۆیەی کە رژێمەکان هێز لەو دوژمنە دوورە وەردەگرن و بەهۆی نەزانیین وئیستیبدادەوە شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئەو میللەتانە دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەش قاعیدە نەیتوانی لێکدانەوەی بنەڕەتی بۆ هەندێ مەسەلەی گەرماوگەرمی نێو ئەو رەوتە یەکلا بکاتەوە و هەر بە لێلی و شێواوی مایەوە، کوفرو "اعذار المخالف و امیر و حاکم شرعی " ، قۆناخی سێیەم لەکەوتنی تالیبان دەست پێدەکات تا کوشتنی بنلادن ، لەو ماوەیە گۆڕەپانی جیهاد لەئەفگانستانەوە گۆزرایەوە بۆ عێراق و یەمەن و مەغربی ئیسلامی

و کەنداو ، هەروەها لەو قۆناخە، مەرکەزیەتی قاعیدە لاواز بوو ، دوژمنی دوورو نزیک تێکەڵی یەک دەکراو مورتد " صحوة" و روافز "شیعە" لەپێش کافر خراو و جیهاد دووری لە مەرکەز و ئەمیر دەکرا و جودایی کەوتەوە نێوان رابەرەکانی جیهادو بەکوشتنی زەرقاوی و بنلادن ئەو کەلتوورە جیهادییە دێزە بەدەرخۆنەکەی لەدەستدا، بە تایبەتی لەقۆناخی ئەیمەن زەواهری بێ توانی لە سەرکردایەتیکردنی و نەبوونی کاریزمایی وەک بنلادن و مژول بوونی بە کاری تیوری پتر بە جیهادی مەیدانی و شۆڕشەکانی بە ناو بەهاری عارەبی و لاوازی بۆشایی ئیداری لەهەندێ وڵاتی عارەبی ئەو رەوشەیەی بۆ داکەلانی وەک داعش خۆشکرد.

## داعش و ئەلقاعیدە لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا

لەراستیدا ناکۆکی لەنێوان قاعیدە و داعش لەسەر رەوشی جیهادی لەسوریا تەقییەوە ، بەڵام ئەو ناکۆکییە پاشخانی ململانێی خۆی هەبوو لەلایەنی لێکدانەوە بۆ تێکستە ئاینییەکان و واقیعی نوێ و لەدوای گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، یانی هەر ناکرێ ئەو ناکۆکیانە لەلایەنی ئاینی لێک بدەینەوە بەڵکوو دەبێ لایەنی واقیعی حاڵ و رەوشی سیاسیانە لەبیر نەکەین ، کە شارەزایی و پراکتیزەکردنی پتر لەچارەکە سەدەیەکی ئەلقاعیدە و قاڵبوونەوەی لەناو ململانێی "دوژمنی دوور" و پەیدابوونی کەلتوورێکی بەرفراون و قوڵ لەلایەنی ئابووری و بە هەند هەڵگرتنی واقیعی کۆمەڵاتی و ئابووری و گوزەرانی خەڵک و زەمینەی کرانەوەی خەباتی سیاسی نموونەی میسر و تونس و لیبیا و ....، قوڵایی ئەو ناکۆکییانەی پتر دابەزاندە خوارەوە ، بەتایبەتی لەسەر ئەوەی داعش، ئەیمەن زەواهری بە کافر لەقەڵەم دەدا بەهۆی ئەوەی مرونەتی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی میسر هەبوو! ، قاعیدەش داعشی بە تایبەتی "الشرعیین_ ئەوانەی شەرع لێکدەدەنەوە " بە ناشارەزاو نالێهاتوویی دادەنێ ، لەدەرکردنی ئەحکامی شەرعی و جودا نەکردنەوەی لەنێوان" کفر النوع" و" کفر العین" لەبەرامبەر ئەهلی سونە و ئایینزاکانی دیکە و تەکفیری جیهادییەکانی دیکە دەکات و خۆی بە" جماعة المسلمین" نەک "جماعة من المسلمین" دادەنێ موبالغە لەکفر و خوێنی موسڵمانان و ئەو گروپ و کۆمەڵانەی دژایەتی دەکات،و راگەیاندنی خیلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی بە پەلە دەزانێ و بەیعەکردن بە هەموو شت لێکدەداتەوە و بە تایبەتی هەندێک لایەن لەرێگری بەولاوە هیچی دیکە نازانن، بەڵام خەلیفە بەیعەتەکەی قەبوڵکردن و دژایەتی ئەوانی دیکە دەکا تەنیا لەبەر ئەوەی بەیعەتیان نەداوەتێ ، ئەوانیش بێجگە لەوە زەواهری بە نالێهاتوو دەزانن ، مامەڵە لەگەڵ تاغوت و بوغات دەکەن و تەکفیری ناکەن مەبەست لە "

محەمەد مرسی" ئیخوان موسلیمینی میسریە  و ئەوانە کافر ناکا کە پێویستە کافریان بکات، دەخوازێ جیهادییەکان بە کاری سیاسی مژول بکات ، بە رای داعشیش خیلافەت سنوور و دەسەڵات بۆ زۆر شت دادەنێ کە بۆ جیهادییەکان پێویستە و پێگە جوگرافیەکەی خیلافەت شوێنی جیهادییەکان بەهێزتر دەکا و لەراستیدا هەردوو رێکخستن دەرچووی یەک قوتابخانەی جیهادین  و هەڵگری یەک ئایدیۆلۆژیان ، لەتەفاسیل و لێکدانەوەی وردەکاری "ئەحکام و تەنزیل" ی جوداییان هەیە و ناکۆکییەکان لەکۆتاییدا بە ناکۆکی نێوان دوو کەسە لەواقیع و دوو جۆری روناکبیری و دوو پێگە "عێراق و میسر " خۆی دەبینێتەوە و لەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندی حزبی و سیاسی  و پاوانخوازی لەسەر دەسەڵاتی هەردوو لا ، لەنێو گروپە جیهادییەکان ومەیدانی لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامی خۆی دەبینێتەوە  ، هەوڵێکە بۆ خۆڕاتەکاندن لەتاکرەوی قاعیدە لە نێو جیهادییەکان و ئەو  ئازاد بوونە لەو تۆمەتانە  نازانن .

# دەقی سواوە و واقیعی ئالۆز

سەرهەڵدانی داعش و فراوانبوونی لەرووی جوگرافی و سەربازییدا ، تەنیا هۆکاری ئایینی نییە ، بە دەستەواژەیەکی دی قەبەبوون و رسکانی داعش بەو شێوەیەی ئێستا، هەموو بازنەکانی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کەلتووری و تێکهەڵکێشراوە بۆ سەرهەڵدانی داعش، ئەگەر دیقەت لە رسکانی جیهادی توندترەو بکەین ، روداوەکانی ئەفگانستان و عێراق و سوریا و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵات هێناویەتەوە کایەوە نەک تەنیا هۆکاری ئایینی ، بەتایبەتی لایەنی سایکۆلۆژیەتی عارەبی تێکشکاوی خۆ بە " خير امة اخرجت للناس " لەدوو لادا، یەکیان ئێستا لەدونیای ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتداری باڵادەست نیین وەک سەدە بەراییەکانی کۆچیدا ، دووەم لەبەرامبەر بەرهەمەکانی پێشکەوتنی مرۆڤیدا دواکەوتووترین کۆمەڵگەن ، بۆیە بەردەوام خەون بە دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووە دەبینن کە خۆیان بڕیاردەری کۆمەڵگەی ئیسلامی بوون و ئەوەی رێگە بۆ ئەو توندڕەویە لەمەزەندە دوور خۆش دەکات ، هۆکاری ئابووری لەبرسێیەتی و بێکاری و شەڕ و شۆڕی زۆر و کۆمەڵکوژی و نادادوەری و بەردەوامی جودایی مەزهەبی کە بەجۆرێک لەجۆرەکان شەڕی جەمەل تا ئێستا بەردەوامە ، ئەم هۆکارە نا ئایینیانە وای کردوە کە زۆرێک لەگروپی رێگر و دوور لەشەرع بێنە نێو ئەو نێوەندە بە ناوی ئایین و تەنانەت داعش ، دەرگەی بۆ دز و رێگر و حەشیشەخۆر و لادەری نێو کۆمەڵگە کردۆتەوە، کە بەشێک لەوانەی ناویان لەخۆ ناوە موجاهید کۆلەواری شەریعەت و مرۆڤایەتین و شادە و ئیمان نازانن و رووی قیبلە لەکوێیە!!، هەرچی "نهي عن منكر" دەیکەن و" أمر بالمعروف" یش هەر بەجێ ناگەیەنن، یاخۆد بە سەتحی بەڕێوەی دەبەن، ئەوانەی لادەر و شزوزیان هەیە لەگرتوخانەکانی سوریا وعێراق و ئەورپا کۆکراونەتەوە و لەژێر پەردەی ئایینی بێویژدانی مرۆڤ دەکوژن و

ئاراستەی دەکەن بۆ مەبەستی تایبەت و دونیایی کە هیچ جۆرە رەفتاری مرۆڤایەتی لەئامێزی ناگرێ، بە ناوی جیهادی ئایینییەوە ، بۆ خۆی جیهاد دەکا، تەنانەت بیرۆکەی جیهادی جیهانگەری دوای روداوەکانی عێراق پەیدا بوو ، نەک لەئاکامی زوڵم و زۆرداریەکانی ئیسرائیل لەفەلستین !!!؟ ،یانی لەئاکامی داکۆکیکردن لەئایین نەهاتووە، بەڵکووو بۆ بەرژەوەندی نەتەوەپەرستی عارەبی سەریهەڵداوە و بە خراپتر و ترسناکترین شێوە !!!! کە تیرۆرە ، لەراستیشدا بەردەوامی سەرنەکەوتن لای ئینسانی عارەبی ئەو گرێکۆرەیەی لا دروست بووە کە بەردەوام حەزی لەزەعامەت و نفوز و بەکارهێنانی هێز کە سروشتێکی ئینسانی عارەبییە بەردەوام نانی لەشیروەشاندن و راوەڕوتی دەبینێتەوە !!!، و واتە قەت مەبەستی بەجێگەیاندنی شریعەت نەبووە ، لەراستیدا ئایین حیوار و خۆشەویستی و یەکسانی و ئاشتەواخوازی دەبەخشێ ، نەک خوێن رشتنی بەخۆڕایی و ژیانی ئاسودە مەحروم دەکەن و کاتێ مرۆڤ ئازادانە نەیتوانی دین و ئیمان هەڵبژێرێ وبە ئاسودە بژی و ژیان و ماڵ و کەس و کاری وموڵکی شەرەفمەندانە بپارێزێ ، ئازاد نییە و رەنگە "بەئازادی بچیتە ناو ئایین بەڵام دواییني بەندایەتییە[3]، ئەو جیهادییە داعشیانە بە خۆشیان نازانن بۆ خەڵک دەکوژن "لا تعتدو ان الله لا یحب المعتدین " مانای نییە و تەنیا " احنا البدو وین العدو" مانای هەیە!!؟ و پراکتیزە دەکرێ!!!؟، بۆیە لێرەوە دەکرێ بلێین فکر زادەی ژینگەیە و توندوتیژی رەتکردنەوەی واقیعی نایەکسان ونادادوەرو پڕ جوداییە و" تیرۆر لەبۆشایی پەیدا نابێت[4]ودەمامکی ئایینی لێدەپێچرێتەوە ، فکر و شێوەی سلوکی ئینسانی لێ دەکەوێتەوە ، بۆیە داعش کە ئینسانی ئەو وڵاتەن و داوای ئەو ئایینە دەکەنەوە کە پتر لەهەزار ساڵە خەڵک بە روحەوە، پراکتیکی دەکەن و داعش

---

[3] گولان / ئازاد قەزاز............. ژمارە ١٠٠٩ ل٣٤

[4] دیڤید کین/ حرب بلانهایة.........................ص٦١

**کێشەیەکی سیاسی و ئەمنییە پتر لەوەی فکریی و ئایینی بێت!!! ، " توندوتیژی ئایینی دیاردەیەکی فکری و کەلتوورییە و کە تەجریدی دەکات لەهێما لاهوتییەکانی ،دەیکاتە تەنیا تاوانی ئاسایی ، بە تایبەتی کاتێ شەریعەت دەستبژێر دەکرێت بۆ ئامانجی فکر و ئارەزووی ئینسان و موخاتەبەی عەقلی ژێرەوەی مرۆڤ دەکات ، ئایەت و حەدیس لەهۆکار و ئامانج و سیاقی زەمنی لابدەیەن ، لادانی لێدەکەوێتەوە ، شەڕ لەئیسلام وەسیلەیە نەک ئامانج و کاتی ئامانج هاتە دی وەسیلە خۆی بەتاڵ دەبێتەوە!!؟ ، تەنانەت مەزهەبی شافعی کە توندترین مەزهەبی سونەگەراییە، رێگە دەدا لەژێر سایەی غەیرە دین دابنیشی، بەو مەرجەی "رێگەت بدات ئازادانە عیبادەتی خۆت بکەیت ٥،" شدة والغلظه" کە ابوبکر ناجي ، یەکی لەموشەرعیە جیهادییەکانە و دەڵێ "بە ئەرکترین ئەرکێ ئایینی سەربڕینی خاچپەرستانە٦ و تەکفیرکردنی موخالیفانی خۆی لەخۆیدا کفرە .**

---

[٥] The what/ مجله تصدرها مؤسسه المؤمنون بلا حدود ..............ص٢٠

[٦] جزیره نێت./ البنیه الفکریه و تعقیدات الواقع ..................... ص٨

## تێکست ئەقل دەکوژێنێتەوە

ئایەتەکانی قورئان پتر لە ١٤٠٠ ساڵە هاتۆتە خوارێ ، هەر ئایەتە و بۆ مەبەستێک و ئامانجێک و لەدەورانێکدا هاتووە کە موسڵمانان پێویستیان بە وەڵامدانەوەی هەبووە ، کەچی دوای بەسەرچوونی ئەو ماوە درێژە زۆرە ، ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی جیهادییەکان دەیانەوێ بازبدەنەوە بۆ دواوە و وەک دەورانی سەرهەڵدانی ئیسلام بژین ، بەڕای ئەوان ئیسلام چارەیە و لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئیسلام لەدەورانی پێغەمبەرەوە تا ئێستا هەر ئیسلام نەیتوانیوە چارەیەکی یەکلاکەرەوە وناشتوایخوازانە بیدۆزێتەوە بۆ تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئیسلام !!، خیلافەتی راشیدین و ئەمەوی و عەباسی نەی توانی کێشەکان کۆتایی بهێنێ، چونکە ژیان پێشهاتەکانی نوێ دەبێتەوە و تا کێشەیەک چارە دەکات کێشەی دیکەی بۆ سەرهەڵدەداتەوە ، بۆیە وەک موعتەزیلەکان گۆتەنی " راگرتنی دەق بە پیرۆزی ، مرۆڤ توشی لادان دەبێت لەژیان" و سەلەفی ئاسا لەتوانای دانابێت وەڵامی یەک پرسیار و پێشهاتی مۆدێرن بداتەوە!!، سەلەفیەت پەرستن لەناوەڕۆکدا یانی کوژانەوەی عەقڵ و خۆ دانەدەستی قەدەری تێکست، هەر بۆیە دەگوترێ موسڵمانانی ئەمڕۆ کەوتونەتە نێو گرتوخانەی مێژووی ئیسلام ، دەقی هەزار ساڵە بەبێ لێکدانەوەی سەردەمیانە !!!، ئەو دەقانە گوزارشت بووە بۆ کات و جێبەندی خۆیان ، بەتایبەتی وەک زانایانی ئیسلام دەڵێن "قورئان بۆ ئەوەیە ئاقلانە بیر بکەیەوە ،خواناسی بە ئەقل دەکرێ و بناخەی ئایین و خواناسیی ئەقلە[٧]، واتە موسڵمان دەبێت بە زانایی و داناییەوە قورئان لێکبداتەوە ونەک نەقل بخاتە پێش ئەقلەوە!!!، هەربۆیە موستەفا جوحا گۆتەنی " کێشەکە ئەوە نییە داعش و سەلەفیەت هەیە ، کێشە ئەوەیە ئەو ئەقڵەی کە دەقەکە دەخوێنێتەوە ناتوانێ خۆی

---

[٧] گۆڤاری گوڵان ............. ژمارە ١٠٠٩

بگۆڕێ[8] ، ئەو کاتە مرۆڤ ئازاد دەبێ  کە توانی ئەو هێڵە سۆرانە ببەزێنێ بۆ بەرژەوەندی گشتی و ئەو کات بازدانی مێژوویی و وەرچەرخان بهێنێتە دی!!!. دەقەکانی قورئان   کەلامی خودایە هەمووی ماقوڵەو هەیە دەڵێ پێویستی بە لێکدانەوەی ئەقل نییە!؟ و ناماقوڵیەتی تیا نییە،!!!، ئەو جۆرە تێز و بیرکردنەوانە عەبدولکەریم سروش گۆتەنی" دوورە لەزانستی تیولۆژی " لەبەر ئەوەی تیولۆژیەت تەنیا لەزانستی کەلام و تەوحید بەکار دەهێنرێ[9] ، گرنگە ئەقلانییەت بێتە ناو ئایینەوە   ، هەر ئەوە بوو ئایینی کریستیانی سەردەمانی رۆشنگەرایی لەئەقلانییەت نزیکخستەوەو ئەو ژیانە شارستانیەتیەی ئێستای بۆ دروستکردن کە ئینسان ناکەوێتە نێوان خودا و ئایین .ئەگەر بە وردیش سەیری شەریعەت بکەین ،سێ بەشە ، "بەشێکی تەعالیمی خودایە کە خۆی ئاراستەی مرۆڤی موسڵمانی کردوە و بەشەکەی دیکەی عادات و عورفی کۆمەڵگەی عارەبە بە نەکهەیەکی خواوەندی بەسەر مرۆڤی موسڵمانی ئەوکاتی جەزیرەی عارەبی دووبارە بۆتەوە و بەشێکیدیکەش هی پێش خۆیان " من قبلکم"[10]بووە، هەر ئەوەش بوو کە "پێغەمبەر لەکاروبارەکانیدا لەمەدینە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئیسلام ، لەهەڵسوڕاندنی کاروباردا، بەعورفی عارەبی و میللەتانی دیکە ، حوکمی مەدینەی کردوە"!!! ، کەچی سەلەفیەت و لەلێکدانەوەدا دەرفەت نادەن بە ئەقل و پێشیان کوفرە ئەقل دەوری هەبێت!! ، لێرەدا کێشەکە سەرهەڵدەدات کە ناتوانن خۆ دەرباز بکەن لەو تۆزە کەڵەکەبووەی سەر فیقهی ئیسلام ، کە زۆربەی بەرهەمی مرۆڤە و بۆتە بەشێک لەکەلتووری ئیسلامی لەلای داعشییەکان بۆتە فەرزێکی خودایی!!!! ، ئەگەر نا ، دەق ئەو کات

---

[8] مصطفى جحا/ محنة العقل الاسلامي ............ص ٨٢

[9] گۆڤاری گوڵان/ ئەقلانیەت،ئازادی،دیموکراسی لەئیسلامدا – عەبدولکەریم .سروش..........ژمارە ١٠٠٨-٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٥ – ل٥٩

[10] گۆڤاری گوڵان ...... ژمارە ١٠٠٨

پیرۆز دەبێ کە مانای خۆی لەچوارچێوەی ئاییندا ببەخشێت نەک لەچوارچێوەی بەرهەمی مرۆڤ و ئارەزووەکانیدا ، ئەم کێشەش هەر لای ئیسلام نییە ، بەڵکوو لەلای کریستییانەکانیش هەبووە ، ئەوەی کلێسە بۆ کۆمەڵگەی دروستکردبوو، لای یەسوع نەبوو ، بۆیە کاتێ توانیان خۆیان لەدەست کلێسە دەرباز بکەن ، کەوتنە سەر رێچکەی ئایینیی خۆیان!.

# کۆدەتای  داعش و خیلافەت

**یەکێ لەو مەسەلانەی گفتوگۆی زۆری هەڵگرتووە و مشتومڕی فرەی لەسەر کراوە ، خیلافەت بووە ، ئەگەر چی لەنێو یەك ڕێچکەدا لەقالب نەدراوە و لەئاکامی کۆمەڵێك هۆکار و بە پێی رۆژگار ، گۆڕانکارانی بە سەردا هاتووە ، هەر لەسەر ناوەڕۆك و ئەرك و میکانیزم و هەڵبژاردنی و لێهاتوویی و رەگەزی خەلیفە ، لەپرۆسەیەکی گۆڕانکاری دوورودرێژدا دابووە ، بەڵام بەردەوام بە لایەنە نەرێنییەکەی نەك لایەنی ئەرێنییەکەی گۆڕانکاری روویداوە و تا وای لێهات نەك ئازادی و ماف و کەرامەتی موسڵمانان و کۆمەڵگەی ئیسلامی زەوتکرا ، بەڵکوو بە خراپترین و فاسیدترین کەسیان دا* جۆخینەیەکی ئایینی پێ بەخشرا ، بەتایبەتی لەسەردەمی خیلافەتی ئەمەویی و عەباسییەکاندا و وەك خەلیفەی عەباسی حاکم باللە راشکاوانە رایگەیاند" خەلیفە فەریزەیەکی ئیسلامییە و کۆڵەگەیەکی ئایین و دونیایە [11] پێش ئیسلام "مەکە" لەرێگەی سیستەمی قەبیلەو دار الندوة کەکاروباری چارەنووسسازی قەبیلەکانی بەڕێوە دەبرد [12]دوای هاتنی محەمەد بۆ مەدینە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیەتی لەمێژووی ئیسلامدا دادەنرێ " لەسەر بنەمای یەکێتی سیاسی نەک لەسەر بنەمای خوێن و قەبیلەتی ، کە پێغەمبەر بە "أمة" پێناسەی کردوە و لەسەروی قەبیلەت بوو[13]!، زیاتر گرنگی بەلایەنی ئایینی و بڵاوکردنەوەی ئیسلام و ئەحکامەکانی نوێژ و رۆژی و زکات و لایەنی**

---

*وەلیدی کوڕی یەزید کە یەکێك لە خەلیفەکانی ئەمەوی ئارەق خۆر و نێربازی دەکردوو قورئانی کردبووە نیشانی تیروکەوانی بە ئەوپەری سەرسەریاتی رەفتاری  کردوەو ئەرکی ئایینی بەجێ نەگەیاندووە هەر بۆیە موسڵمانان لێی راپەڕیون و گۆشاوگۆش سەریان بڕیووە و کاتێ سلیمانی برای چاوی بە کەلەسەرەکەی کەوتووە کە بە سەرە رمێك بووە رایگەیاندووە چەندە لە بەرامبەر موسڵمانان شەرمەزارە و تۆش موستەحەحقی ئەوەی کە بەرامبەرت کراوە ...... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/ تطور فکر سیاسی سنی  ص ٧٥

[11] **احمد الكاتب/  تطور الفكر السياسى السنى...........ص٢٥**

[12] **مجموعة من كتاب/ مفهوم الدولة "الدولة الاسلاميه"......... ص٨**

[13] **مجموعة من كتاب / مفهومم الدولة ' الدولة الاسلامية"............. ص٩_١٠**

فێرکردنی عیبادەیی گرتووە و لایەنی سیاسی بۆ موسڵمانان بەجێهێشتووە یا بەکەمترین شێوە خۆی لەمەسەلە دنیاییەکانی موسڵمانان هەڵقورتاندوە لەسەر مەرگیدا گووتوێیەتی" انتم ابصر بدیناکم" ، لەکاتێکدا محەمەد پێغەمەبەر بووە و داواکراوە لەقسەی دەرنەچن و شەڕوشۆڕی گەورە کردووە و لێبوردوانە سەرکردایەتی ئەو شەڕانەی کردووە بۆ موسڵمانانی لەژیانی سیاسیدا بە ئازادی هێشۆتەوە ، هەر لەناوەڕۆکی نامەکانی محەمەد کە بۆ کیسرا و گەورەکانی قیبتی میسری ناردوە ، دەردەکەوێت ، کە داوای نەکردووە لەوانە دەست لەپاشایی خۆیان هەڵگرن ، بەڵکوو بانگهێشتی کردوون بۆ ئەوەی ببن بە ئیسلام ، کاتێ گەورەکانی عارەبی حیرە و حەزرەمۆتی یەمەن، ئیسلامبوون هەر لەشوێن و پایەی خۆیان مانەوە، بێ ئەوەی سیستەمێکی نوێیان بەسەردا دابڕێ و تەنیا "یەکێکی بۆ ناردن کە فێری ئیمان وخوداوەندیان بکات لەسەر ئایینی ئیسلامدا[١٤]، بەڵام بە وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام و نەبوونی دەقێکی ئایینی دیاریکراو لەقورئان و سونەتدا لەسەر دەسەڵات و جێنشینی پێغەمبەر، بۆشاییەکی سیاسی گەورە لەنێو موسڵمانان دروست بوو ، هەر هێزێك ویستی سەنگی خۆی بەکار بهێنێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو یەکخستنی موسڵمانان لەبن چەتری خۆیدا ، دانیشتنی سەقیفەی بن ساعید یەکێ لەو هەوڵانە بوو، هێشتا تەرمی پێغەمبەر نەنێژرا بوو ، خەریك بوو موسڵمانانی ئەنسار و مهاجیر دەسەڵات تێکگیرێن!!؟ ، لەکۆتاییدا هێزی گەورەی ناو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوسا، بە ناوی بەرژەوەندی باڵای موسڵمانان، تەحەکومی بە دانیشتنەکە کرد و بە قازانجی قوڕەیەش بڕیاریدا نەک هەموو موسڵمانان !!! ،لەکاتێکدا هاوەڵانی محەمەد سەرەمەرگدا چونە لای ، داوایان لێکرد، حەسەنی کوڕی بکات بە جێگرەوەی ، کەچی رەتی کردووە و گوتی (اخاف ان تفرقوا کما تفرق بنوا اسرائیل عن هارون

---

١٤ احمد الکاتب/ هەمان سەرچاوە.......... ص ٢٧

**... لكن ان يعلم الله فى قلوبكم خيرا يختر لكم ،..... امركم لا انهاكم وانتم ابصر) واتە "دەترسم وەك ئیسرائیلیلەكان كە لەهارون هەڵگەڕانەوە بكەن و ئەوەی خوا لەدڵتان دەنێ هەڵیبژێرن و من نەهی لێ ناكەم و ئەوەی ئێوە بەباشی دەبینن بیكەن[١٥] ، بەو شێوەی بەجێ هێشتن كە سەقیفەی لێ دەرچوو ، پاشان لە هەڵبژاردنی عومەردا بەبێ موبایەعە بوو لەدەستنیشانكردنی عوسماندا،شورای موهاجیرەكان بەبێ ئەنسار و لەئیمام عەلیدا بووە ئیجماع ، بەم شێوەیە تا خولەفاكانی راشیدین جۆرێك لەكۆدەنگی رەزامەندی موسڵمانان پێوە دەبینرا ، بەڵام لەدوای كوشتنی ئیمامی عەلی و گرتنە دەستی معاویەی كوڕی ئەبو سفیان و دامەزراندنی خیلافەتی ئەمەوی ، ئەو رەزامەندی و كۆدەنگیە شوێنەواری نەما، شیر و هێز و داپلۆسین و پێوەستان، شوێنی گرتووە و ئەم شێوازە لەدەورانی خیلافەتی عەباسی و سەردەمی نوێشدا لەخیلافەتی عوسمانی و سەفەوی و قاجاریدا هەر درێژەی هەبوو ، لەراستیدا ئەم خیلافەتە شوێنی رەزامەندی و رای موسڵمانان و بەشداری هەموو كەسی تیا نەبوو ، بە ناوی خەلیفەی هەموو موسڵمانانەوە مەلیكاتی خۆیان دەكرد، هەر بۆیە كاتێ شیر هەڵدەكێشرا و هێز دەهاتە مەیدان ، دونیا خامۆش و بێ دەنگ دەبوو، معاویە گووتەنی "ئەوەی ناڕازیە با بە شیر بێتە مەیدان[١٦] ، ناڕەزایەتییەكان رووی لەئاسمان دەكرد و لێ دەپاڕانەوە، تەنانەت دەسەڵاتداران بەوەش نەوەستان ئەو پاڕانەوەشیان بەزیاد دەزانی و" لم" یان لەبەردەم خەلیفەدا سڕیەوە!! هەركەسێ بەرامبەر ئیمامدا بڵێت "نا" بە كوفریان زانیوەو دەچێتە جەهەنەم[١٧]، بەم جۆرە ئەو بڕە پرس و رایانەی كە هەندێك لەسەرانی موسڵمان دەكرا نەماو ئیستبداد جۆخینەی ئایینی پێدراو ، قەدەرو**

---

[١٥] احمد الكاتب / الفكر السياسى الشيعى ................ص٢٠

[١٦] احمد الكاتبب / الفكر السياسى السنى ...........ص٧٢

[١٧] جمال البنا /. قضايا القرآنية.............ص١١٣

جەبر لەنێویان بڵاوبۆوە و روحی ئیسلام کەعەدالەت و ئازادی و خێروکرامەت بوو بۆ مرۆڤی موسڵمان تەنیا دروشمی بێ ناوەڕۆك مایەوە " لاشەی بێ روح برەوی پێدرا[18]، بەم شێوەیە عەقل وەستاو هێز دواو ملکەچی بۆ کەلتوور واڵا کرا، لەکاتێکدا " عەقل ژیان دەجولێنێ پەیوەندی نێوان ئایین و زانستەکانی دیکە دەکات [19] ، ئەقل بە ئازادی لەئایین دەگا و دەتوانێ شێی بکاتەوە نەك شیرو هێز !!!، هەرلەو کاتەی میتۆدی موعتەزیلە وەستا ، کۆمەڵگەی موسڵمانانی لەپێشکەوتن و پەرەگرتن دابڕی و تا ئێستاش لەسەدەی بیست و یەکدا نەیان توانیوە خۆیان راست کەنەوە و لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتی ئێستا تێکەڵ ببن وبەهەرەمەندی خۆیان بە رۆژگاری ئەوڕۆدا ببەخشن!!.

کردەوەی معاویەی بە خۆدانانی خەلیفە و بە بنەماڵەبوون بە خەلیفە ، بەکودەتایەکی سەربازی دانرا لەنێو دەسەڵاتی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوسادا ، دوور بوو لەنەریتی موسڵمانان و دەچۆوە سەر رێچکەی دەورانی جاهلیەت و کەلتووری رۆمانی وساسانی!!! ، کە لەوەو پێش بە جۆرێك لەجۆرەکان رەزامەندی موسڵمانان و بیعەی خەلیفە لەرێگەی شورا و پێوەری ئیسلام بوو، کە دەبوونە جێنشینی پێغەمبەر لەلایەنی سیاسی بتوانێ موسڵمانان یەکبخاو هەڵسوڕاندنی کاروباری موسڵمانان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسانانە و داکۆکیکەر لەئیسلام و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی لەنێو غەیرە موسڵماناندا، بکا،هەروەك ئەبو حەنیفە و موعتەزیلە و ئیبن خەلدون زۆرانی دیکە لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەبێ خەلیفە "سەرۆکایەتی موسڵمانان بکەن بۆ کاروباری ئایین و دونیا لەجیاتی پێغەمبەر بە شێوەیەکی هەڵسان وتەنیا ئامانجیان زاتیەتی خۆیان و بنەماڵەکەیان بوو ، پێوەرەکانی ئیسلام بوونەتە خەلیفە و نە بە ئەرکی خەلیفایەتی

---

[18] هەمان سەرچاوە ........ص ١٧١
[19] عبدالکریم سروش / التراث والعلمانیة ............ص١٤٨

هەروەك زانای میسری عەلی عەبدولرەزاق دەڵێ " ئایینی ئیسلامی لێیان بێبەریی و دوورە........ تێكەڵكردنی مێژوو و ئایینی ئیسلام هەڵەیەكی گەورەیە[20] ، ئەبو حەنیفە زانای ناوداری ئیسلام " خەلیفەكانی ئەمەوی و عەباسی بە پاشا ناوزەد دەكا و لەخەلیفایەتی وەدەریان دەنێ و محەمەد غەزالیش دەڵێ" ئەوانەی میللەتی موسڵمان بە سەرچاوە دانانێن و وەلایان دەنێن ئەوانە هەڵگەڕاوەن[21]، هەربۆیە لەدوای ئەو گۆڕانكاریەی لەسروشتی هەڵبژاردنی خەلیفە لەرێگەی شوراوە بۆ رێگەی بەكارهێنانی هێز و هاتنی ئیسلام وەك رزگاركەر ، كەچی ئێستا دەسەڵاتی بە ناو ئیسلام ئازادی و كەرامەتی موسلمان زەوت دەكا و دەیچەوسێنێتەوە و جۆخینەی پیرۆزیی بە دەوردا دەكێشرێ و رەوایی بە ئیستبداد و كارو رەفتارە دژە ئیسلامییەكانیان دەدا، تەسلیم بوون بە ئەمری واقیع و كوشتنی توانای نارەزایی بوون و شۆڕشگێری لەو رێگایەوە بۆ عەدالەت و ئازادی ئومەت ، حەدیسە دەسكردەكان و ئیجماع لەلایەن هەندێ لەفوقەهای ئیسلامی ئەو سەردەمدا زەمینەی ئەو فیكرە نامۆیەی نێو كۆمەڵگەی ئیسلامی خۆش كرد و برەوی بەو ناعەدالیەتەدا ، ئەو شەرعیەتدانە بە هێزو بە زۆرداری لەدەستنیشانكردنی خەلیفە و دانانی ئەهلی عەقد و حەل لەلایەن دەسەڵاتداران لەو كەسانەی كە خۆیان هەڵیان دەبژارد بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەكانیان و ئەو حاڵەتە دەسەڵاتدارنی بەرەو دیكتاتۆریەتی رەها رادەكێشا و رۆڵیان گەورە دەكرا و دەسەڵاتی زۆر و كراوەیان پێدەدراو لە بەرامبەریشدارۆڵی جەماوەر و مافی رەعیەت لەكەمبوونەوەی بەردەوام دابوو ، ملكەچی بۆ ئەو زوڵم و زۆرداری و ناعەدالیەتە بە شێوەیەكی نسبی قەبووڵ دەكراو بە پێی ئایەتی " یا ایها الذین أمنوا أطیعوا الله وأطیعوا رسول و اولی الامر منكم" (سورة النساء ئایەتی ٥٩ ) ، هەروەها حەدیسی پێغەمبەر كە دەڵێ " من خرج

---

[20] احمد الكاتب / الفكر السیاسی السنی ...... ص١٩٣

[21] هەمان سەرچاوە ..............ص١٩٤

من الطاعة و فارق الجماعة فمات ميتتة الجاهلية" " ئەوانەی کە لەتاعەتی جماعەت (دەسەڵاتی ئیسلامی) دەربچن ، لەو حاڵەتەدا بمرێ مردنەکەی وەك جاهیلی دەبێ " "بۆیە ملکەچ بوون بۆ دەسەڵات بە هەڵگەڕاوە لەئیسلام و چوونە دۆزەخ دەژمێردرێ[٢٢] ئەم جۆرە بیرکردنەوە و رەفتارانە تا رووخانی خیلافەتی عەباسی بەردەوام بوو ، لەدەورانی خیلافەتی عوسمانیش درێژەی هەبوو کە ٤ سەدە و نیو بەردەوام بوو لەساڵەکانی بیستی سەدەی بیست و لەسەر دەستی مستەفا کەمالی عیلمانیخوازی تورکی رووخا ، لەراستیدا فیکری سیاسی سونی مەزهەب خیلافەتی بە بڕبڕەی پشتی ئایین دادەناو بە روکنێکی ئایینی ئیسلامی دەناسی ، بە نەمانی ئەو خیلافەتە و رووخانی لەسەر دەستی هەندێ وڵاتانی رۆژئاواو لەسەردەستی عیلمانیخوازان ، نەیانتوانی هەرسی بکەن و بووە شۆك بۆیان ، هەوڵیان دا سەرلەنوێ دایمەزرێنەوە و زۆربەی فوقەهای ئەهلی سونە مەزهەب هەڵوەشانەوەی خیلافەتیان بە لادان لەئایینی ئیسلام دانا و بە پشتگوێ خستنی یەکێ لەفەرزەکانی ئایینیان لێکدایەوە ، ئەگەر چی چەند جۆرە رژێمێکی بەناو ئیسلامی لەسەر وێنای کۆن دروستکرد، بێ ئەوەی ناوی خەلیفەی لێ بنێن بەڵام هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن ، لێرەدا جوڵانەوەی گۆڕانکاری ناو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامی نەوەستاوە، بە تایبەتی هاتنە پێشی رۆڵی ئەقڵ لەنێو شەرع و تێگەیشتن لەمەفهومی ئایین بەردەوامە و رەوتی ئەوە پەیدا بووە کە دەبێ هەر نەوەیەك لەگەڵ رۆژگاری خۆیدا بژی بێ ئەوەی دەست لەروح و بەهاو ئەخلاقیاتی ئیسلام هەڵبگرێت ، ئەم واقیعە سکێجێك و تابلۆیەکی لەرووی بیرکردنەوەو فیکری سیاسی ئایینی کە هەندێك دەست بە بنوانخوازی دەگرن و هەندێك لەگەڵ ئەوەدان گۆڕانکاری بکرێ و لەرەوڕەوەی شارستانیەتی تازە خۆ بە دوور نەگرن.

[٢٢] مرکزالجزیرة/ البنیه الفکریة و تعقیدات الواقع............ ص١-٩

# تەکفیرکردنی موسڵمانان لای داعشدا

داعش هەر بەوەندە نەوەستاوە کە دونیا بکاتە دوو لا (دارکفر و دار حرب) ، بەڵکووو لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی دەستەویەخەی بۆ داناواوە و بەجێ دەگەیەنێ ، ئەو مەسەلە لای قاعیدەی توندڕەو رەخنەی لێگیراوەو بە فیتنەبازی داناوە ، بەڵام لای داعش بە ئەرکێکی شەرعی داناوە و بەجێ نەگەیاندنی بۆتە ناشەرعی و کوفر ،" من لایحکم بما انزل الله فأولئک هم کافرین " جەوهەری فیکری داعشە و بینای مومارەساتی لەسەر دادەنێ" [٢٣]، کفریش لای داعش هەر نکوڵیکردنی خودا نییە، بەڵکوو حوکمی بەغەیرە شەرعی ئیسلامیش هەر کفرە!!! ، ئەوە لای فقهی ئیسلامی بە شەریعەت نێوزەد کراوە ، لەسەروی هەموشیانەوە ئەو فقهە نوێیەی جیهاد کە شیوازێکی نوێیە لەنێو فقهی ئیسلام سەریهەڵداوە ، وەک کۆنەکە نییە ، لەپێش هەمووشیان تەکفیری حاکمیەتە و دەسەڵاتیان بە ئیمامە دانانرێ ومقاومەتکردنی بە ئەرکی شەرعی داناوە بێ ئەوەی رەچاوی توانای ئەو موسڵمانانە بکەن !!! ، وەهەر بۆیە جیهادی کردۆتە روکنێکی ئیسلام و تەواوی شتەکانی دیکە لەنێو دار الحرب داناوە، لەوەش خراپتر وەک ئەیمەن زەواهری گۆتەنی " جیهادییەکانی دابەشکردوە و فیتنەی لێکەوتۆتەوە"[٢٤]وتەنیا ئەوانەی باوەڕیان بە تێزی خۆیان هەیە لە "دار السلامة"، هەرچەندە فقهی ئیسلامی تانەیان دەکات بەڵام داعشییەکان دەستبژێرانە و زۆر بە توندی " وحشیانە " بەجێی دەگەیەنن ، لەکاتێکدا زۆربەی فقهای ئیسلام رایان جودایە لەسەر "تکفیر و جیهاد" ، عەبدوڵلا مهاجیر [٢٥]

---

٢٣ هەمان سەرچاوە.................

٢٤ هەمان سەرچاوە......

٢٥ هەمان سەرچاوە .................

**که پەرتوکەکەی "فقه دم" خوێنی لێ دەبارێ و بەمانیفێستی داعش دادەنرێ و باس دەکات کە جیهادی تەکفیر پێویستی بە ئیمامەت نییە . بە فەرموودەی پێغەمبەر " یعود الاسلام غریبا و ستعود حروب الردة سیرورتها الاولی"، هەر یەکە رەخنەی لێبگری ودژی بوەستێتەوە بە بوغات ناوزەدی دەکەن ،وەک قاعیدە دەلێ "الخلافة عنت انهم (جماعة المسلمین) وباقون خارجون علیها[٢٦] و هەندیک بونەتە "طاغوت و بغاة و ردة و رافض " بە شەریعەتی " الغلظة و الشدة " و بە کیتابی "فقه الدماء" وئەو ولاتەی یاسا تیدا بەجێ دەگەیەنرێ ولاتی کفرەو دەبی بەجێی بهێلی و رێگەدانی بەشێوەیەکی رەها بە خوێن رشتن " الأباحة المطلقة لدم الكافر" لەلای داعش ئەمانەتی شەرعی هەیە !!!!، "مناصرة مشرکین والمظاهرتهم علی المسلمین کفر اکبر" ، داعش دەلێ ئیسلام "جودایی لەنێوان مەدەنی و سەربازی ناکات و سەربڕین و کوشتنی بە ئێش پێویستە" و قتل بالغلظة و الشدة وثخن امر مقصود و بل محبوب عند الله و رسوله" ئەما ابوبکر ناجی کوشتن " بە غلظه و شدة و اثخان اوجب واجبات " و دەلێ کاتی ئێستا وێنا دەکات بە کاتی هەڵگەڕانەوەی "ردة" سەردەمی ئەبوبکر و راشکاوانە دەڵێ پێویستمان بە هەمان مامەڵەکردنی وەک بەنی قوریزەیە[٢٧]، قتل الرجال و سبي الذراری والنساء و أخذ الاموال" بە بیری ناجی" أدارة التوحش" ناوزەد کردوە بۆ ئەوەی ترس لەدڵی غەیرە موسڵمان بچێنرێ، " السلفية الجهادية مشروع الوحيد و منهج ربانی تقود البشرية للهداية" بە مشروعەکانی دیکە دەڵێ "مشروع العفن" اخوان وحماس و جبهه المور و القاعیدەو....، ابو قتادەی فلەستینییش لە "رسائل والکلام "دا دەڵێ " ئەو جودایی دروستکردنە لەبەینی خۆیان و دوژمنانی لەسەر رابەرایەتی کردنی رەوتی جیهادییەکانی دونیا ، گەیشتە حەڵاڵکردن و شەرعیەتدان بە خوێنڕشتن " بە" فقه بغاة "**

---

[٢٦] مرکز الجزیره للدراسات /البنیه الفکریەو التعقیدات الواقع ....................ص٤
[٢٧] هەمان سەرچاوە .......ص٤

ناوزەد کردوە ، و دەڵێ "بەرژەوەندی و دژایەتی لێک ناکاتەوە لەجیهادا" ، بە لادان لەمەشروعی جیهادی وەسفی کردون وتویەتی "لەدوو خاڵدایە: دابەشکردنی پرۆژەی جیهادی و هەڵگەڕانەوەی ئەو پرۆژیە بۆ دژایەتی ناوخۆی جیهادییەکاندا [٢٨] بۆیە هەموو لایەکی ئیسلامی لەسەر ئەوە رێکن کەداعش بازێکە "طفرة" یەکە لەنێو جیهادییە سەلەفییەکان ولێکدانەوە و ئامرازە باوەکانی بەکاربردنی ناتوانرێ ئیستیعاب بکرێ و تەنیا دەچێتە تۆپکی وەحشگەری و کە بە لغزو لەپریکدا خۆی نیشاندەدات و ئەوەی سەرنجت رادەکێشێ بۆ روداوەکان و توانایەکی ماس میدیایەکی گەورەی لە پشتە، هەروەها ابوقاسم الوحشی الاصبحی لەنامەیکدا بە ناوی "التبین حله المتقین"وەڵامدانەوەی محمد العدنانی دا دەڵێ" ئێمە رەتی ئەو تەنزیلەی ئێوە دەکەینەوە" [٢٩]، داعش ئەو مانایە توندانەی هەڵبژاردوە لەتەنزیلدا کە قاعیدە پەیڕەوی دەکات و بۆ ئەوەی ئەو شەرعیەتانەی قاعیدەی پی نەسف بکاو بنەماکانی شەرعی رەوتی جیهادی پێ پتەو بکاو خیلافەتی لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرێنی و ئەوەی قاعیدە نایکا ئەوا بە فتوای خەلیفە بەجێ بگەیەنرێ .

هەموو هێماکانی ململانێی داعش لەبەرەکانی شەڕەدا ئەوە نیشاندەدەن کە چارەنووسی داعش لەچارەنووسی تالیبانی ئەفگانستان باشتر نابێت !!؟ و تێکشکانەکانی ئەم دواییەی چەتەکانی داعش لەتەواوی بەرەکانی شەڕدا بە تایبەتی کۆبانی باشووری کەرکوک و گرێ سپی وحەسەکە و جەرابلس .... تەواوی بەرەکان لەگەڵ پێشمەرگە و گەریلاکاندا ، ئەو قسەیەمان پشت ڕاستر دەکەنەوە وسەرەتای کۆتایی دەستی پێکردوە!!! ، روخانی خیلافەتی بە ناو ئیسلامی کاریگەری تەواوی دەبیت لەسەر خودی رێکخستنەکەی داعش و ئەو ئایدیولۆژیایە سەلەفییە جیهادییەی کە هەڵیگرتووە ، لەراستیدا

---

[٢٨] هەمان سەرچاوە ....... ص٧

[٢٩] هەمان سەرچاوە

توندڕەوترین و خوێناویترین  ئایدیولۆژیاییە کە گروپە جیهادییەکانی رادیکاڵ تاکوو ئێستا هەڵیان گرتووە!، لەوپەڕی ململانێدایە لەگەڵ قاعیدەدا لەسەر مەسەلەی جیهاد و بەجێ گەیاندنی شەرعی خودا ،خیلافەت تەنیا بە رێگەی جیهادەوە دەکرێت ، هەربۆیە فێرژنێکی خوێناوی زۆر توند و ئیستبدادی داهێنا بۆ ئەوەی ئەو رێگەی ئیخوان و محەمەد مرسی سەرکەوتوو نەبێت ، وەک ئەوەی تەواوی تواناکانی خۆی  خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو فێرژنی سیاسی ئیخوان دەسکەوت نەهێنێ ،نەوەک گشتگیر بکرێت بەسەر هەموو گروپە ئیسلامییەکاندا و خۆیان گۆتەنی "رێگەی جیهاد  فەرامۆش بکرێت".

وەک باسمان کرد هەموو هێماکانی شەڕ، ئەوە نیشاندەدەن کە داعش لاواز و یەکجار بچووک دەبێتەوە!! ، ئەگەر لەناو نەچێت ئەوا مسۆگەر لەگەڵ قاعیدە شەڕە قسەکانیان تیبرتر(خەستتر)  دەبێ بە تایبەتی بەردەوام کۆمەڵگەی عارەبی و ئیسلامی هەر رێگەیەکیان هەڵبژاردوە لەبەر ئەوەی پێیان لەسەر تەختەی چروک داناوە و دەواو دەو کەوتونەتە خوار!!! ، بە تایبەتی لەرەوتی ئیسلامیدا ئەو دیاردەیە لەئاکامی فەشەلەوە بەرەو توندڕەوی و گۆشەگیری پەڵکیشتریان دەکات بۆ سەرنەکەوتن ، خاڵێکی دیکە ئەوەیە بە تێکشکانی داعش و خیلافەتەکەیەوە لەبەرەکانی شەڕدا لەگەڵ کوردستانیان   ، داعش و هەموو فێرژنەکانی دیکەی جیهادی دەچنە ژێر تۆنێلی بەخۆداچونەوە و ئەو هەوڵەشیان دا کاتێ ئامادەییان نیشاندا ئەو دوو بارمتەی ژاپۆنی بگۆڕنەوە بە پارە  و ئەو پێشمەرگە دیلانەی کە لەبەرەکانی باشووری کەرکوک  لەلایەن داعشەوە گیراون بە دیلەکانی داعش بگۆڕنەوە!! ، سەرەتایەکە بۆ کۆتایی ئەو لارێگرتنە لوتکە خوێناوییەی داعش هەڵیبژاردوە و ویستی ئەو سیفەتە جەردەییە و خوێناوییە لەخۆی بکاتەوە کە ئێستا پێی ناسراوە ، خەریکە بڵێم وەک قاعیدە بەو ئاراستەیە تێربوونی خۆی راگەیاند و قۆناخی بەخۆداچوونەوەی جاڕدا !!؟، گروپە جیهادییەکانی میسری هەشتاکانیش هەروایان لێ دەرچوو ،

تەنانەت گروپە ئیسلامییەکانی ناو گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەو ئاڕاستیە رۆیشتن و زۆریان ناوی خۆیان گۆڕی و گرنگیان بە داخوازییەکانی خەڵک و خزمەتگوزارییەکان دەدا و وچوونە نێو پرۆسەی دیموکراسی کە پرۆسەی بوغاتیان ناوزەد دەکرد و حاکمیەتیان لەگەڵ تاغوتەکانی خۆیان وەسفیان پێ دەکرد دەست تێکەڵ کرد و ئێستا بۆتە بنێشتە شینکەی نێو دەوی موشەرعینی داعشییەکاندا و شەڕە دەو و موجادەلە لەگەڵ ئەلقاعیدەی پێ دەکەن ، ئێستا ئەو شەڕە کەلامیەی قاعیدە و داعش تیایدا گلاون و مەزەندە دەکرێ بە شکستی پتری داعش، ئەو بوارە گەرمتر ببێت! و بەرەکانی فراونتر ببن! ، ڤێرژنیکی نوێ بەرهەمبهێنن لەتێکەڵاوی و هاوسەرگیری نێوان کەلتووری تەکفیری جیهادییەکان و کەلتووری سیاسی ئیسلامییە موحافیزکارەکانی وەک ئیخوانییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ هەندێک لەهێزە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بژیت !!؟.

ئەم ڤێرژنە مەزەندە دەکرێ لەلایەن هاوکێشە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئۆکەی و چرای سەوزی بۆ هەڵکرێت و بۆ ئەوەی ، ئەوەی لەنێو قاوغی مەیدان قاڵ بۆتەوە و هەموو کارتەکانی رێگەی جیهادی کە لەنێو پەڕە زەردە و مشک قرتاندراوەکانی کەلتووری ئیسلامی لەخەوارج و ئەشعەری و وەهابی و شافیعی و حەنبەلی وئەحمەدی ... هێنایە دەر ، تاقیان کردەوە لەمەیداندا سەرکەوتوو نەبوون تیایدا خۆیان بگۆڕن لەتەکنیکدا نەک لەجەوهەردا !!؟، بەتایبەتی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان وا دەخوازێ ڤیرژنێکی سونە مەزهەب لەبەردەم دەوەداسی شیعە مەزهەب ڤیت کاتەوە و کاریگەری زۆری نەبێ لەسەر بەرژەوەندیی ئەقلیمییەکانیانی و کارتی فشاریش بێت لەململانێ لەبەردەم ئێراندا.

# بەشی پێنجەم

## شەڕی نێودەوڵەتی دژی داعش

- لەکشانەوەی ئەمریکاوە بۆ شەڕکردنی داعش
- ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما- شەڕ لەدورەوە
- ئەو وڵاتانەی بەشداری هاوپەیمانەتین
- ئاستەنگەکانی پێش ستراتیژیەکە
- توانا سەربازییەکانی داعش
- دیلە سەربڕاو و سوتاوەکانی دەستی داعش
- داهاتووی داعش پەیوەستە بە دەوڵەتی خیلافەت

# لەکشانەوەی ئەمریکاوە بۆ شەڕکردنی داعش

ئیدارەی ئۆباما هەوڵی دا خۆی لەشەڕی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بگرێ و ئەمریکا جارێکی دیکە ئەزموونی سەرنەکەوتوانەی رۆنالد رێگنی ١٩٨٢ لوبنان و جۆرج بۆشی کوڕ لە ٢٠٠١ی ئەفگانستان و عێراق ٢٠٠٣ دووبارە نەکاتەوە !!،کەچی بە ناچاری و لەژێر فشار لە ٢٩ی ئەیلولی ٢٠١٤ جاڕی شەڕێکی دا وەک شەڕی دژە تیرۆری دوای ١١ی سپتێمبەری ٢٠٠١ دادەنرێ، بۆ یەکەم جاریش بەشداریشی کرد ، کاتێ داعش لەهەولێر نزیک بۆوە و بەدووری تەنیا ٥کم مابوو بگاتە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و یەکەم گورزی ئاسمانی بە فڕۆکەیەکی جەنگی لەداعش "لەگوندی هەوێرەی ١٠کم لەهەولێر دوور" وەشاند!!!.

گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە١٠ی حوزەیرانەوە بە بروسک ئاساو شکستە عەیبدارەکەی سوپای عیراق لەو شارە ، ئەمریکا لەخەیاڵدا بە ئاگا هێناوە ، کە داعش لەراستیدا هەڕەشە بەس بۆ سەر عێراق نییە و سنووری لەپێش خۆی نەهیشتوە و خوازیاری پێدزەی بۆ سەر تەواوی ناوچەکە و دونیا بکات ، لەدرێژەی فراوانخوازییەکانی داعش،رۆژی ٣_٧ی ئابی ٢٠١٤ پەلاماری بۆ سەر شنگال و مەخموور وتلکێف وحەمدانیە داو و لە دوو رۆژی جودا و لەماوەی (٥_٦)سەعاتێک، چەندین شار و شارۆچکەی" ٥ قەزا و١٠ ناحیە وپتر لە ٣٠٠ گوند" ی ئەو چوار شوێنە لەلایەن داعش داگیرکراو ، لەشنگال بە سەدان هەزار کەس ئاوارە و بە دەیان هەزار برا ئێزیدییەکان بوونە دیلی دەستی داعش و٣هەزاریشیان کۆمەڵکوژ کرد و بە سەدان ژنی ئێزییدیان وەک کەنیزە خستە بازاڕی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە "مەزەندەی ٥٠٠ ژن دەکرێت"، ئەو شکستەی هێزە عێراقییەکان لەناوچە سونی مەزهەبەکانی عێراق وخۆڕانەگرتنی زێرەڤانی لەشنگال و مەخموور و تلکێف وقەرەقۆش و بوار رەخسان بۆ دەستوەردانی

**ئێران لەعێراق و باشووری کوردستان و کۆمەڵکوژییەکانی کریستیانی و ئێزیدی لەموسڵ و شنگال هانی ئیدارەی ئەمریکای دا بە خۆدا بچێتەوەو بیر لەگورز وەشاندن و رێگری لەداعش بکات لەو فروانخوازییە جوگرافییەی کە دابویە بەر داسێ!، ئەوەش لە ٧ی ئەیلول ٢٠١٤ ، لەکاتی وتەیەکی ئۆبامادا کە ئاراستەی گەلی ئەمریکای کرد و باسی لەتاوانەکانی داعش دەرهەق بە ئێزیدییەکان کرد و تیادا ئاشکرای کرد لەمەو دوا ئیدارەکەی دەستە وەستان نابێ لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی داعش ودەست لەو شەڕە وەردەدات "دوای ئەوەی رۆژی ٨ی ئەیلولی ٢٠١٤ ئۆباما لەگەڵ ١٠ کەسی لەشارەزایانی سیاسەتی دەرەوە و پیاوانی حوکمی پێشوو " لەگەڵ جۆزێف بایدنی جێگری و وەزیری دەرەوە جۆن کیری و سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی سۆزان رایس بانگهێشتی خوانی ئێوارەی کردن [1] باسی لە نیاز و دەسوەردەکانەی کردو هەر لەدوایی دوو رۆژ ١٠ی ئەیلول چەندین رۆژنامەنوسی گۆشەنووسی وڵاتەکەی بانگهێشت کردو پێی راگەیاندن کە "هەوڵ بدەن نەکەونە ژێر کاریگەری فشاری رای گشتی [2]، دیارە ئۆباما هەوڵی داوە بە وردی و تێروتەسەل ئەو بڕیارەی بەشداری لەشەڕی دژی داعش تاوتۆ بکا و ئەزموونە سەرنەکەوتەکانی ئیدارەکانی پێشوی خۆی دووبارە نەکاتەوە لەبڕیاردانی شەڕدا،ئەو دەستوەردانەشی لەشەڕ جودا دەبێ لەگەڵ ستراتیژیەتی لەوەو پێشی ئیدارەکانی دیکەی ئەمریکا، هەر لەو ماوانەدا هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانییەتیکی دا لەدژی ئەو رێکخستە تیرۆرستەیدا.**

[1] مرکز الجزیرة للدراسات / اتجاهات الحرب الدولیة علی تنظیم الدولة الاسلامیة..... – ٢٩/سپتیمبر ٢٠١٤ -ص٢

[2] هەمان سەرچاوە.........ص٣

# ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما- شەڕ لەدورەوە

دوای بڕیاردانی ئیدارەی ئۆباما لەبەشداریکردنی شەڕ لەدژی داعش و ئۆباما هەوڵی دا بە ستراتیژییەکی دیکەی دوور لەهی ئیدارەکانی پێشووی شەڕ لەدژی داعش رابگەیەنێ لەدوورەوە شەڕ بکا و سەربازی ئەمریکی راستەوخۆ بەشدار نەبن پاسەوانی نیشتیمانی عێراقی هێزی دوای پڕچەککردن و مەشق پێکردنیان هێزی سەرەکی ئەو شەڕە بن . لێرەدا کێشەی گەورەی کە ئەمریکا روو بەڕووی دەبۆوە دەسەڵاتی مالیکی و سیاسەتە چەوتە مەزهەبییەکەی بوو ، لادانی لەسەر دەسەڵات خاڵی یەکەم بوو ، هێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە کورد و سونە لەخۆ بگرێت ، ئەوەبوو حەیدەر عەبادی حکومەتێکی هاوپەیمانی راگەیاند وهەوڵی دا ئەو کێشانەی سەلەفەکەی نەهیڵێ ، ئەگەر بە کەموکوڕی و لەئاست پێویستیش نەبێت ، ئەو خاڵەی بۆ هاتە دی .سعودیا لە ١١ی ئەیلولی ٢٠١٤ و پاشان فەرەنسا لە ١٤ی هەمان مانگ و ساڵدا ، داوای کۆبونەوەیەکیان کرد بۆ مەبەستی هاوپەیمانەتی دژی داعش ، مەرجی سەرەکی سعودیا ئەوەبوو کە نابێ ئێران تیادا بەشدار بێ ، کە تیادا چەند وڵاتێک بڕیاری بەشداریان دا لەو هاوپەیمانیەتە کە سەرەتا ١٦ وڵات بوو و پاشان گەیشتە ٦٢ وڵات و لەدواین ئاماردا" پتر لەسەد وڵات ئێستا بەشدارە "[٣].

[٣] هەمان سەرچاوە...............ص٥

# ئەو وڵاتانەی بەشداری هاوپەیمانەتین

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، فەرەنسا ، ئوسترالیا ، دەنیمارک ، بەریتانیا، بەلجیکا، کەندا ، هوڵندا، ئیتاڵیا ، ئیسپانیا ، سلۆفاکیا ، نەرویژ، نیوزلاند ، قەتەر، ئوردن،ئیمارات ،سعودیا ، بەحرین، ئەوانەی بەشداری لایەنی مرۆڤایەتی دەکەن ئیتاڵیا ئیسپانیا ، یونان،ئەڵبانیا،بوڵگاریا،کرواتیا، سنگافورا، ئەمریکا بە ٣ هەزار لەعیراق لەگەڵ هەڵگری فڕۆکە یو ئیس جۆرج بوش لەئابەوە تا تشرینی یەکەم دوو هەزار هێرشی ئاسمانی ئەنجام دراوە ٩٠ % لەلای ئەمریکاوە بوو ، چەند فڕۆکەیەکی جۆراو جۆر و ئوسترالیا بە ٢٠٠ سەرباز و ٤٠٠ فڕۆکەوان و ٦ فڕۆکەی جەنگی و ٤ فڕۆکەی نەفر هەڵگر ، بەلجیکا بە ٦ فڕۆکەی جۆری ئێف ١٦ و ١٢٠ سەرباز، کەندا بە ٧٠٠ سەرباز و ٦ فڕۆکەی جەنگی و ٣ فڕۆکەی نەفەر هەڵگر و دانیمارک بە ٢٥٠ سەرباز و ٧ فڕۆکەی جەنگی و فەرەنسا بە ١٨ فڕۆکەی جەنگی وجۆراوجۆر لە ١٩ی ئەیلول ٢٠١٤ فڕۆکەکانی بەشداری شەڕ دەکەن و کە لەبنکەیەکی سەربازی لەئیمارات هەڵدەستێ و هەروەها ژمارەیەک راهێنەری سەربازی ناردوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی مەشقی سەربازی بە پێشمەرگە بکەن و ئەڵمانیا ٤٠ سەرباز و چەند راهێنەرێکی ناردوە بۆ مەشق کردن بە پێشمەرگە و ئیتاڵیا ٢٥٠ سەرباز و ٦ فڕۆکەی هەمە چەشن و ٢٤ هەمەر و هۆڵندا ٦ فڕۆکەی جەنگی و ٢٥٠ سەرباز و ١٣٠ سەرباز بۆ مەشقکردن بە عێراقییەکان و یەک بنکەی دژە فڕۆکەی ئێم ئای ئێم ١٠٤ پاتریوت ، ئیسپانیا بە ٣٠٠ سەرباز و یەک پاتریوت و بەریتانیا بە چەند سەربازی هێزی تایبەت کە ژمارەکەیان دیاری نەکراوە و ٤ فڕۆکەی جەنگی و ٢ فڕۆکەی نەفەر هەڵگر و غەواسەیەک و مودەمەریەک تی بی ٤٥، ئێرانیش بە فەرمی ٥٠٠ سەربازی لای عێراقە و ٧ فڕۆکەی سیخۆ و یەک فڕۆکەی "قدس مهاجر" ، ئوسترالیا هەشت فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەیەک بۆ بەنزین پێدان لەئاسمانەوە و فڕۆکەی ئاگادارکردنەوەی

خێراو ٤٠٠ سەربازی هێزی ئاسمانی و ٢٠٠ سەربازی هێزی تایبەت ، کە لەئیمارات جێگیرکراون و کە دەتوانن بەشدار بن لەعێراق هەرکاتێ بخوازن ، بەلژیکا لە ٥ تشرینی یەکەمەوە بە ٦ فڕۆکەی جەنگی و یەک فڕۆکەی ئاگادارکردنەوە و یەک فڕۆکەی سوتەمەنی دان لەئاسمان بەشدارە و کە تیمی سەربازیەکەی لە ١٢٠ سەرباز پێک دێت لەبنکەی سێنی ئاسمانی ئوردنە ، هۆڵاند بە ٦ فڕۆکە بەشدارە لەبنکەیەکی ئاسمانی لەئوردن و یەکەم هێرشی ئاسمانیشی لە٧ تشرینی یەکەم بووە ، هەروەها کەنەداش بە فەرمی بڕیاری بەشداری لەو شەڕەدا کردوە و بەڵام نەکراوە ژمارەی هێزی بەشدار بووی دیاری بکرێت .

بە پێی راپۆرتێکی ئەمریکی کە لەحوزیرانی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە تیادا هاتووە کە رێژەی تیرۆر ٣٥% پتر بووە لە چاو ساڵی ٢٠١٣ ، ٨٤% لە کوشتار زیادی کردوەو ٩٤٠٠ کە دەکاتە سێجار بەقەدەر ٢٠١٣ و ٩٥ وڵاتیش کاری تیرۆری تیا ئەنجامدراوە .*

---

* ئەم زانیاریانە لە "النتائج المستخلصة من التقرير السنوى امريكى وزارة الخارجية حول ارهاب شرق الاوسط ٢٠١٥/٦/١٩ من قبل وزارة الخارجية الامريكية " کە لەئینستوتی واشنتۆن بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک .

# ئاستەنگەکانی پێش ستراتیژیەکە

ئەو شەڕەی کە ئێستا دژ بە داعش بەڕێوە دەچێت ، کۆمەڵێک ئاستەنگی هاتە پێش لەسەروی هەموویانەوە ، بوونی مالیکی لەسەر دەسەڵات و بڕیارو کارە مەزهەبییەکانی بۆ شیعەو دژ بە سونەو کورد ، تا توانرا لەسەر کار لاببرێ!! و حەیدەر عەبادی حکومەتێکی ئیتلافی بنکە فراوان رابگەیەنێ و تا سنوورێک کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارە بکا و یەکەم کاری ئەمریکا ئەوەبوو کە ناکرێ کۆنترۆڵی داعش بە لایەنی سەربازییەوە بکرێ بێ ئەوەی سونەیی عارەب لەداعش جیا نەکرێتەوە وەک ٢٠٠٧ ئەزمونی سەحوە، لەبەر ئەوەی داعش جوان توانیویەتی یاری و ئیدارەی ئەو رقە مەزهەبیەی سونە بەکار بهێنێ بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی ، نەک هەر لەلایەنی سەربازی پێگەی خۆی پێ فراوان بکا ، بەڵکوو لەرووی مرۆیشەوە ژمارەی چەکدارانی پێ زیاد بکات.بەشداریکردنی تورکیا بۆ ئەو مەبەستە گرنگ بوو لەلای ئەمریکاو هەر بۆ ئەو مەبەستە لەمانگی ئەیلول دووجار وەزیری دەرەوە و بەرەڤانی ئەمریکایی چوونە ئەنکەرە بۆ ئەوەی تورکیا وەک بەشێک لەناتۆ بەشدار بێت ، بەڵام تورکیا مەرجی ئەوەی هەبوو کە دەبێ ناوچەیەکی دژەفرین و ئارام بە درێژایی سنووری خۆی سوریا دروست بکرێت ومەشقکردن و پڕ چەککردنی سوپای ئازادی سوری ، مەبەستیش لێرەدا "روخانی رژێمی ئەسەدە و سەری بەلاکە لەوێیە نەک لای داعش[٤] ,هەروەها ڤیتۆی سعودیا لەسەر ئێران مژارێکی دیکەی دروست کرد کە نە ئەمریکا و نە وڵاتانی یەکێتی ئەورپا ئەو راو بۆچوونەیان نەبوو لە بەشداری نەکردندا ، بەتایبەتی ئێران پشتیوانی راستەوخۆ لەسوریا دەکا و تورکیا و سعودیا و قەتەر دەیانەوی بیروخێنن !!!، هەروەها مژارێکی دیکە هاتە پێش کە ئایا تەنیا شەڕەکە بەس دژی داعشە یان تەواوی ئەو گروپانەی کە

[٤] مرکز الجزیرة للدراسات/ اتجاهات الحرب الدولیة....ایلول ٢٠١٤ .......ص٦

توندڕەوی ئایینی و کاری تیرۆرستی بەڕێوە دەبەن ، لەکۆتایدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو هێرشانە تەواوی تیرۆرستان بگرێتەوە ، ئەگەر چی بەرەی نوسرە و ئەحرار شام و خوراسان بەینیان خۆشە لەگەڵ سوپای ئازاد!!!، کاریگەری ئەو شەڕە لەسەر روخانی ئەسەد رەنگە پەرچەکرداری لەلایەن روسیا لێببێتەوەو لێی بێ دەنگ نەبێت! ، و لێدانی بە هەڵەی فڕۆکەکان لەخەڵکی سڤیل لەهەندێ ناوچەی ریف شام و ئدلب و خوارووی تکریت رویدا ، ئەو رایەی" خۆش کرد کە شەڕ دژی ئیسلامە نەک داعش[5] وەک داعش بانگەشەی بۆ دەکات و هەر بۆیە ئەمریکا فشاری زۆری خستە سەر وڵاتانی ئیسلامی نێو هاوپەیمانەکە وەک سعودیا و ئیمارات و قەتەر و ئوردن و بەحرین کە هێرشە ئاسمانییەکان برەو پێ بدەن بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتە لەلای خەڵکی سونە مەزهەب برەوێتەوە، لەلای دیکەوە هەر بەشداری لەدوورەوە بەبێ بەشداری هێزێ زەمینی هاوپەیمانان کارێکی ئاستەمە بتوانرێ شەڕەکە یەکلا بکرێتەوەو یەکلانەکرەدنەوەی بەردەوام نا جێگیری شوێنەواری دەبێ لەناوچەکە ، کەس ناتوانێ ئاکامەکانی دەست نیشان بکات، ئەمریکا دەخوازێ لەدوورەوە شەڕەکە ئەنجام بدا و "خوێنی سەربازانی خۆی لەو شەڕەدا نە ڕێژێ[6]، شەڕەکەش وامان پێ دەڵێ تاوەکوو ئەمریکا لەروی هێزێ زەمینیەوە بەشدار نەبێت ، گرتنەوەی موسڵ و تکریت و رقەو ئدلوب و بەشیک لە حەسەکەو رومادی

---

[5] دیفید کین/ حرب بلا نهایة ............ص٥١

[6] مرکز الجزیرة للدراسات/ اتجاهات الحرب الدولیة علی تنظیم داعش .......ص٨

# توانا سەربازییەکانی داعش

سەرەرای ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەشداری شەڕی دژ چەتەکانی داعش دەکەن و بە هێزی ئاسمانی و زەمینی پێشمەرگە و سوپا و پۆلیس و سەحوە و هەندێ میلیشیای شیعەی عێراق و یەپەگەو سوپای ئازاد و حزب الله وبەرەی ئیسلامی و سوپای پاسدارانی ئێران ، لەگەڵ ئەوەش هێشتا دەستپێشخەری لەدەست نەداوەو لەچەند قۆڵێک شەڕ دەکاو توانای سەربازی بەرزی ماوە و شارەزایی لەشەڕی چەند قۆڵی هەیە و پرۆفیشنالانە ئیدارەی شەڕ دەکا و شەڕ بەڕێوە دەبات، دەتوانێ مامەڵەیەکی باش لەگەڵ بازاڕی رەش بکا رۆژانە بای چەند ملیونێک دۆلاری ئەمریکی نەوتی خاو دەفرۆشێ و خۆی لەلێپێچینەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەدزێتەوە و ململانێیە هەرێمی و تایفییەکان بۆ مەرازەکانی خۆی بەکار بهێنێ و ئەو بۆشاییە ئیدارییە و دەسەڵاتییە لاوازە بقۆزێتەوە بۆ فراوانکردنی پانتایی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی رایگەیاندوە ، بە ئەمریکا بسەلمێنێ کە کێشەیەک لەناوچەکە هەیە بە ناوی "سونە" و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو تا ئێستا پتر لە ١٠٠ هەزار چەتەی تیرۆرستی هەبێت و ویکیپیدیا بە ٢٠٠ هەزاری مەزەندە دەکات!!! مەرسەدی سوری بە ٥٠ هەزارو و سی ئای ئەی ئەمریکا بە ١٠ هەزار و بەریتانی بە ٢٠_٣٠ هەزار [٧] و ٣٠_٥٠ تانک و سەدان تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە و ٢٤ هەلیکۆپتەر و دەیان فڕۆکەی جۆراوجۆر کە پێنجیان بێ فڕۆکەوانن لەگەڵ ئەوەش بە هەزاران کەسی لێکوژراوە کەچی رۆژانە لەبەینی ٥٠ کەس لەتوندڕەوانی ئەوروپا پەیوەندی پێوە دەکەن و سوپاکەی ئەویش لەچەندین رەگەز پێک هاتووە" ٥٠٠ لەبەریتانیا و ٤٠٠ لەئەلمانیا و ١٠٠ لەئەمریکا و ١٥٠ لەئوستراليا و ٣٠ هەزار لەتونس و ٢٥٠٠ لەسعودیا و ٢١٠٠ لەئوردن و ٩٠٠ لە لوبنان و ١٠٠ لە فرەنسا و

---

[٧] The what/ دراسات حول داعش / مجلة .. تصدرها مؤسسة المؤميمين بلا حدود...ص٤٤_٤٦

٥٥٠ له ليبيا و ١٢٠٠ لەمەغريب و چەندين كەس لەيەمەن و ميسرو جەزائيرو ئەفريقياو ئەندەنوسيا و ... باقی دیكەيان يان سورين يان عێراقين [٨]و" ٢٠٠ لەكوێت و ١٠٠ لەبەحرێن و ٥٠ لەميسر و ٣٠ لەعارەبی ئيسرائيل و ٢٠٠ لەپاكستان و كە زۆربەيان خۆكوژن و ١٢٠٠ لەتوركيا هەزار چەتە لەچيچان و تاجيك وئازەربيجان وهەزار لەئەفگانستان كە زۆربەيان خۆكوژن و هەزار لەهيند و فليپين و بەنگلاديش و ٥٠ خۆكوژی ليبی و ٤٠٠ چەتە لەجەزائير و ٤٠٠ لەكوردی باشووری كوردستان و٤٠٠ لەيەمەن و ٢٠٠ لەمۆريتانيا و سودان و ماليدا و١٠٠ لەچين و ٢٠٠ لەفنلانداو٦٠٠ لەسربيا[٩]،٥٠٠" زيندانی لەموسڵ و ٤٠٠ له بەغداو ٢٥٠٠ زيندانی له بادوش چەكداری داعشن ئێستا دوای ئازادكردنيان[١٠] هەر بەپێی ئامارێک كە سەنتەرێكی ئەمريكی بڵاوی كردۆتەوه ٨٠% ئەو چەكانەی داعش بەكاری دەهێنێ هی چەكی روسی و چينی و ئەمريكی و سربی و ئێرانييه كە لەرێگەی سوپای عێراق و سوريا دەستی كەوتووه و لەنێو ١٧٣٠ قەوان كە داعش لەدژی پێشمەرگە بە كاريهێناوه ١٩% هی ئەمريكايه و باقی ديكەی هی روسيا و چين و سربيا و ئێران و لەم دوايانەش لەكاتی شەڕی رەبيعەدا داعش ٥ ميلانۆی بەكار هێناوه كە مەزەندە دەكرێ هی سوپای ئەلمانيا بێت و ئەو بەكارهێنانەی ميلانۆ دژی پێشمەرگە بۆتە جێگەی مشتومڕی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لەلايەک و ئەمريكا لەلای ترەوه و تەنانەت بەرلەمانتارێكی عێراقی سەر بە ليستی گۆڕان هۆشيار عەبدولا كە ئەندامی لێژنەی ئاسايشيه لەو بەرلەمانە ، رايگەياند كە ئەگەری ئەوه هەيە داوا لەئەمريكا بكرێ ئەوا چوار جارە هەليكۆپتەری نامۆ لەلای داعش دەنيشێتەوه و هاوكاری بۆ داعش دەبات!!!؟ ، ئەگەر بەو شێوه بڕوات ئەوا ئەمريكا مانگانە پێويستی بە

---

[٨] هەمان سەرچاوە .....ص٤٤

[٩] وطن الكويتی مجلة تصدر فی كويت ٢٠١٤/١١/٤

[١٠] سويس ئينفۆ ٢٠١٤/٨/٤ انصات – تصدرها اتحاد الوطنی الكردستانی العدد ٥٩٥٣

**٢٠٠_ ٣٢٠ مليون دۆلاری ئەمریكییە بۆ بەشداری ئەو شەڕە و لەماوەی ئەیلول تا كۆتای تشرینی یەكەمەوە ٢٠١٤ ملیارێک دۆلار خەرجكراوە لەو شەڕەدا و بە پێی مەزەندەكانی پنتاگۆن تێچوی ئەو شەڕە خۆی لە ٤ ملیار دۆلار دەدات و رەنگە چەند ساڵێكی دیكەش بخایەنێ، بەپێی لێدوانی هۆگان هۆی سەرۆكی پۆلیسی بەریتانی دەڵێ" هەر هەفتەیەک ٥ بەریتانی پەیوەندی بە ریزەكانی داعش دەكەن و یانی ٢٥٠ كەس هەر ساڵێك ، ژمارەی چەكدارانیشیان بەو نزیكەی ١٠٠ ئەمریكیش لەناو ریزەكانیاندایە[11]، ئەنستیتیوی ئەمریكی بۆ دیراساتی رۆژهەڵات لەراپرسییەكدا رایگەیاندوە كە ٢٥% كۆمەڵگەی ئەگەر بە یەک ملیاروو نیو ژمارەیان بێت ئەوا دەكاتە ٢٠٠ ملیون ئیسلامی هەڵگری تۆی بیروباوەڕی داعشن و ١،٥ ملیون میسری و ١% لوبنانی و ٣% ئوردنی هۆگری داعشن[12] ، داعش دوای ئەوەی ٣٢ % عیراقی كەوتبووە دەست ئێستا ١٠% لێ رزگاركراوەو تەنیا ٢٢% لا ماوە[13]، لەلای دیكە تاكۆتای ساڵی ٢٠١٤ ،" ٤ ملێون كەس لەشەڕی تیرۆر كوژراون و كە ٢ ملێونی لەئەفغانستان و پاكستان بووە و ١،٧بە تەنیا لەعێراق بووە و كە لەنێویاندا ٢٠٠هەزار سڤیل بوون"**

**.**

---

١١ هەمان سەرچاوە .......ل٤٥

١٢ جریدة المدى العراقیة ٢٩/١٠/ ٢٠١٤

١٣ ذوات/ اكثر من ٤ ملاین ضحایا الحرب امریكیة _ العدد ١١)...ص١١٤_١١٧

# دیلە سەربڕاو و سوتاوەکەی دەستی داعش

**لەوەتەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەدژی داعش دەستی پێکردوە ، داعش ٧ کەسی لەدیلە بیانییەکان سەر بڕیوە و چەند پێشمەرگەیەکی بۆ چاو ترساندن و فڕۆکەوانێکی ئوردنی معاز کەساسیبە کە لەکاتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی بە دیلی کەوتە دەستی چەکدارانی داعش و لەمانگی ئەیلولی ساڵی رابردوودا لەنزیك شاری رەقەی وڵاتی سوریا داعش، فڕۆکەوانە ئوردنییەکەی دەستگیر کرد، لەدوای چەند مانگ دەست بەسەرداگرتنی٣/٢/٢٠١٤بەسوتاندن سزای مەعاز ئەلکەساسیبە دا کە لەشوباتی ٢٠١٥ لەگرتە ڤیدیویەک بڵاویان کردوە و ئاگریان تێدا بەرداوە و ئەو فەرمودەیان پشتگوێ خست "النار لا یُعذب بها إلا الله" بیانووی ئەوەیان هێناوەتەوە کە خالید بن وەلید هەمان کاری کردووە!!؟. جیمس فولی ئەمریکی و ستیڤن سوتلونی رۆژنامەوانی ئەمریکی و ئیسرائیلی و داڤید هاینز کرێکارێکی ئینسانی جنسیە بەریتانی و هرڤی گوردال کەژەوانی فەرەنسی و ئالان هینگیگی بەریتانی کارمەندی کاروباری مرۆی و دوو کەسی ژاپۆنی ." کینجی غوتو جوغو رۆژنامەوانی ٤٦ ساڵ و هارونا یوکاوا کە ٧٢ سەعاتیان مۆڵەت دایە حکومەتی ژاپۆن و ئەگەر ٢٠٠ ملیون دۆلاری ئەمریکی لە قەبەریان نەکات ئەوا هەردوو هاوڵاتییە ژاپۆنییەکە سەردەبڕن ، هەروەها لە گرتە ڤیدیویەکەیە هاتووە ئیوە ١٨٥٠٠ کم لە ئیمە دوورن کە چی سەد ملیون دۆلار تەرخان دەکەن بۆ کوشتنی ژن و منداڵی" ئێمە [١٤]، ئەمە چەندین کاری لەو جۆرە لەوانە ٢١ قیبتییەکەی میسرو چەند پێشمەرگەیەک لەوانە " ئەحمەدمیرزا ابراهیم بامەرنی و هوجام سورچی کە خەڵکی بەردەڕەش".**

---

١٤ جزیرە نیت/ سایتیکی ئەلکترۆنییە ...............٢٠١٥/١/٢٥

# داهاتووی داعش پەیوەستە بە دەوڵەتی خیلافەتەوە

داهاتووی داعش پەیوەستە بەچارەنوس ئەو خیلافەتەی کە راگەیاندوە ، مانەوەی ئەو خیلافەتەش پەیوەستە بە مقەوماتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو شەڕە جیهانیەی سەری بێتەوە کە لەلایەن پتر لەسەد وڵات بەسەریدا راگەیەنراوە و بتوانێ خزمەتێک بەهاوڵاتیانی بکات لەخاکی "تەمکین" کە مەبەست عێراقە ، رەنگە داعش لەبەردەم هەردووکیدا لەئاستی مانەوە نەبێت! ، تاوانی گەورە ئەنجام دەدات و خەڵکی بێ دەنگ بە دەنگ دەهێنێ وپشت بە چاندنی ترس تۆقاندن دەبەستێ نەک لایەنی پەروەردە "و زاڵکردنی لایەنی ئایینی و روحانیەتی ئیسلامی لەئاشتی و دادوەری و یەکسانی و ئازادی !!!، ئەوەتا ئەمریکا وا نەدەهاتە سەر خەت لەهێرشە ئاسمانییەکاندا ، ئەگەر جیمس فولی سەر نەبڕیبایە و هێرشی جارلس هەبیدی لەفەرەنسا نەکردایە رای گشتی ئەو وڵاتانە بۆ ئەو شەڕە بەو شێوەیە نەدەوروژا وەک دەسەڵاتداران دەیان خواست و لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆری ئوردنی هۆگری داعشن ، کەچی داعش فڕۆکەوانە ئوردونییەکە بە زندوێتی ئاور تێبەردەدات، ئەوە وا دەکات سێبەرەی ئیسلامی کە ئێستا ئوردون و سعودیا و ئیمارات و قەتەر بۆی دەکەن ، پانتاییەکەی فراوانتر بێت ، کە مسۆگەر داعش لەبەرامبەر ئەو کردەوە نامرۆڤە هوڤیانەیدا باجی گەورە دەدا و رەنگە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان گەرموو گوڕتر بێت و هێزی زەمینیشی بۆ دابەزێت، دزێوترین و ناشایستەترین رەفتار لەگەڵ مرۆڤی نەیارەکانی دەکات ، روجومکردن ، فرێدانە خوارەوەی نێربازان ، سەربڕین ، کەنیزەکردنی کچ و ژنی ئایینەکانی دیکە لەکریستاینی و ئێزیدی وکاکەیی و... ، ئاگرخۆشکردنی شەڕی تایفی نێوان سونە و شیعە و گرنگی نەدان بە ژیانی خزمەتگوزاری و ژیاری خەڵک و....، کەڵەکەبوونی ئەو هەموو هۆکارانە وەک کرمی ناودار ، دارەکە دەرزێنی، لەلای دیکەوە ئەمریکا توانی پتر لەسەد وڵات لەدەوری خۆی کۆکاتەوەو بیکاتە هاوپەیمان لەشەڕی داعشدا و بەشێکی زۆری ئەو

وڵاتانە بە ئەکتیڤی هاتوونەتە ناو گەرمەی مەیدانی ئەو شەڕە و بە جدی کار دەکەن و تا سنووریکیش سەرکەوتوون لەجوداکردنەوەی سونە لەگەڵ داعشدا" نۆ گوللە لەکەللە سەری مورتد یەک لەهی خاچپەرست[١٥]، کە ئەوە گورزی گەورەی لێدەدا و لایەنی کۆمەڵاتی و مرۆیی داعش لاواز دەکات،گۆشەگیرکردن و دەوردانی داعش لەشەڕەکاندا ، لەرووی ئابووریش بەرەو خناکاندنی دەبات و رەنگە کاریگەری ئەو رۆ نەبێت لەبەر ئەوەی داعش مەستە بەهەندێ سەرکەوتن و دەوسکەوتی گەورەو خێرای وفروانبوونی جوگرافیای و دێوەزمە دروستکردنی بە خۆڕایی و دەنگ و سەدای خۆی بیستەوە پێی لەسەر ئەرز نەماوەو تۆڕی خەیاڵدانی پێی لەبەر خۆی بباتەوە!!! ، بەس لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا هەست بە ئاکامی ئەو پێ لەخۆ بردنەی لەبەر هەست پێ بکات لەدروشمی "باقیە و تتمدد" هەڵگرێ و بکەوێتە سازشی جۆراوجۆر . لەکۆتاییدا دەڵێین هەڵەی کوشندەیە تەنیا گرەو لەسەر هێز بکرێ لەبردنەوەدا و ئەگەر چارەیەکی بابەتیانە نەبینرێتەوە بۆ ئەوتوندڕەوییە بونیەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامدا بەرەو هەڵدێر دەبات و "تیرۆر بە درێژای مێژوودا بەرهەمی نەبوەو نابێ"[١٦].

[١٥] مركز الجزيرة للدراسات / مستقبل الحرب على تنظيم الدولن الاسلامێة .......ص١-٧
[١٦] ابراهيم الحيدری / سوسيولوجيا العنف و الارهاب .. الطبعة الاولی -دار الساقی ٢٠

## بەشی شەشەم

# تیرۆری جیهادی ئیسلامی و دروستکردنی ترس لە ئەوروپا

- توندوتیژی و کرانەوەی رەوەندی ئیسلامی لە ئەوروپا
- دواکەوتووترین رەفتار لەنێوکۆمەڵگەی مۆدێرن
- کێشەی عەقل نەک دەق و "مۆسیقاژەنی تایتینگ
- ئاشتەوای لەنیوان ئیسلامی سیاسی و رەخنەگرانی

توندوتیژی و کراوانەی رەوەندی ئیسلامی لەئەوروپا

لەگەڵ ئەوەی ئێستا رەوەندێکی ٢٠ملیۆنی موسڵمان لەئەورپا دەژیت کە زۆربەی عارەب و تورکن" " ٤ملیون موسڵمان لەفەرەنسا کەزۆربەیان جەزائیرین ٨% و٣ ملێون لەئەلمانیا٥،٦% و بەلجیکاو السوید ٦%و هوڵاندا ٥،٥% و بەریتانیا ٤،٨% و ئیتالیا ٤% دانیشتوانی ئەو وڵاتانە پێک دەهێنن [1]، کەچی " ٤٦% ئەڵمانییەکان ، ناخوازن عارەب و٢٣% تورک ، دراوسێیان بن و ٧٦ % فەرەنسییەکانیش ناخوازن عارەب دراوسێیان بن!!!؟ ، رقبوونەوە لەئیسلام چۆتە شوێنی دژە سامییەکانی پێشوو[2] وبە پێی ئامارێکی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی کە لە ٢٠١٤ بڵاوی کردۆتەوە"٤١% لەو موسلمانانە باوەڕدارن و بە ئەرکی ئایینی هەڵدەستن و ٣٤%یان باوەڕیان بەئیسلام هەیە بەڵام بە ئەرکی ئایینی هەڵناستن و ٢٥% هەر خوا ناناسن!! [3]، بە پێی سەنتەریکی ئەمریکی بۆ تۆژینەوە " PEW Reserch Center" لەساڵی ٢٠٥٠ موسڵمان، خۆی لەقەرەی کریستانییەکان دەدات و دەگەنە ٢ ملیار و ٧٦١ ملیۆن، ٢٩،٧% دانیشتوانی دونیا دەبن [4] ئەو "رەوەندە لە زێدی خۆیان (وڵاتانی ئیسلامی) کە ٨٢% باوەڕدارن هەڵقەناون ،لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورپی کە٧١% باوەڕدارن ئیستا دەژین ! و تاموچێژی ئازادی ومەدەنیەتی ئەو کۆمەڵگەیە لەژیانی رۆژانە وەردەگرن! [5]لەگەڵ ئەوەش ناتوانن ببنە بەشێک لەو کۆمەڵگەیانەداو بەشێکی زۆری ئەو رەوەندە ،نەوە سێیەمی لەدایکبووی ئەو وڵاتانەن کە ئێستا لێی دەژین و لەسەر سیستەمی ئەورپایی پەروەردەکراون نەک رۆژهەڵاتی !!!، واش مەزەندە دەکرا ئەو رەوەندە بەهۆی پەروەردەبوونی لەنێو ئەو کۆمەڵگەیە ، بتوانێ تەفاعل لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورپا بکات و

---

[1] ذوات/العدد ٥ ...............٢٠١٥ص١٣٢

[2] صمائویل هنتنگون/ صراع الحضارات .......ص٣٢٣

[3] ذوات/العدد ٥ ...............٢٠١٥ص١٣٢

[4] ذوات/العدد ٩ ...............٢٠١٥ص١١٢

[5] ذوات العدد ١٠ .....٢٠١٥ ص١٢٠

**ڕۆڵی گرنگ ببینێ لەکاری ریفۆرمی فکری ئیسلامی چەقیو لەنێو کۆمەڵێک قەیرانی قوڵدا!!! کەچی تاکۆتایی ٢٠١٤ بە ٢١ هەزار تیرۆرست، بەشداری داعشدا دەکەن و هەر ئەو ڕێژەیە لەبەرزبونەوەدایە ، کەچی لەئاسیاو ئەفریکە کە مەکۆی هەنگەمەکانن لەدابەزیندایە!! ٦، ئەو رەوەندە نەدەگەڕێتەوە وڵاتەکانی خۆیان و نەدەشتوانن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانە تێکەڵ بن و بگرە بەوڵاتی کافرانیش ناوزەدیان دەکەن!!!؟ و ئەم حاڵەتە بارۆمەتری تێکشکان و سەرلێشێواوی فکریی مرۆڤی موسڵمان کە تیادا گوزەر دەکات، نیشان دەدات و دەسەلمێنێ و لەبری هاتنە مەیدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار وپێشهاتەکانی پێویست کە ژیان برەوی پێدەدا و پێشی دەخات بە ناوی پاراستنی ناسنامە و کەلتووری ئیسلامی ، ئەوە پەنا بۆ توندوتیژی و تیرۆر و کاری تۆقاندن دەبەن ، وەک لەم دوایانە لەفەرەنسا و بەلژیکا و کەندا و ئوستراليا و بەریتانیا ئەنجامدرا !!!. ڕەوەندی ئیسلامی لەئەورپا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار!، کێشە بۆ خۆی و بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەگەڵیان دەژیت دروست دەکات!!، نەک هەرنەشیتوانیەوە تێکەڵبوون دروست بکات و بە ناوی پاراستنی ناسنامە و نەریت ، بەردەوام پێشێلی یاسا و نەریتەکانی ئەورپی دەکەن! ، بەڵکووو داوا دەکەن ئەو عەقڵیەتە دۆگمایەی کە خۆیان هەڵگرینە! ئەورپاش پەیڕەوی بکا!! ،ئەم رەفتارەی ئیسلامییەکان لەئەلمانیا بۆ وەڵامدانەوەی ئەنجێلا مایکل راوێژکاری وڵاتەکەی کە گوتبووی "ئیسلام پارچەیەکە لەئەلمانیا" ، پاڵی بە ئەدمۆند ستۆیبار سەرۆکی فەخری پارتی سۆسیالیستی مەسیحی ئەلمانیا نا و بڵێ ، " کام ئیسلام پارچەیەکە لەئەڵمان ، ئەوەی شێتی مرۆڤ کوشتنن ، ژن بەسوک دەزانن، ئەڵمانیا وڵاتی ئازادی و دیموکراتییە ، ئەوەی بەو کەلتوورە رازی نییە با بڕوات!!٧ ، کاتێ کار بگاتە ئەو وەزعەی**

[6] د وات /العدد ٦............... ٢٠١٥،ص١٢٤

[7] **ڤیدیۆیەکە کراوەتە کوردی لە ٣١/٢٠١٥ی تەمموز بڵاوکراوەتەوە لە ئینتەرنێت**

**مرۆڤ تووشی شۆک دەبێت ، ئەوەتا تا ئێستا جگە لەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو ڕەوەندە لەنێو ریزی جیهادییەکان بوونی هەیە ، ئەوا هێماکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ڕێژەیە لەزیاد بوونە، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵات و ئەفریکا ڕێژەکە لەکەمبووندایە ، ئەگەر تا تشرینی دووەمی ٢٠١٤ ژمارەی فەرەنسییەکانی نێو داعش ٤١٣ کەس بوو بێ ، ئەوەتا ئێستا سێ جار زیادی کردوەو خۆی لەقەرەی ١٤٠٠کەس داوە و لە ٢٤٠ چەکدار بۆ ٦٠٠چەکدار زیادی کردوە و لەژمارەی بەشدار بووی نێو ریزەکانی داعش ٢٦٠ کەسیان گەڕاونەتەوە بۆ فەرەنسا . مانوێل ڤالس، سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا لەلێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی ئەوروپا ئاماژەی بەوە کردوە" بەپێی زانیارییە دەستنیشانکراوەکانیان، ژمارەی ئەو هاوڵاتییە فەرەنسییانەی چوونەتە ناو داعش، گەیشتوەتە ١٤٠٠ کەس و لەو ژمارەیە ٤١٠ چەکداریان لەبەرەکانی جەنگدا ، وەک شەڕکەری داعشن و تا ئێستا ٢٦٠ چەکداریان گەڕاونەتەوە فەرەنسا و ٨٠ چەکداریشیان لەشەڕەکاندا کوژراون و ٤٠ کەسیشیانلەلایەن تورکیا رادەستی فەرەنسا کراوەتەوە[8]!!!!؟، بە گشتی١٣ هەزار کەس لەئەوروپا تا ئێستا پەیوەندییان بە داعش کردوەو لە ت٢_٢٠١٤ تا ک١ ی ٢٠١٥ پێنج هەزار کەس پەیوەندیان بەو تیرۆرستە جیهادیانە زیادکردوە " نزیکەی ٣٥ هەزار کەس لە ٧٤ وڵاتی جیهان چوونەتە ناو ریزەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کە هەندێک دەیگەیەنە ٨٠ وڵات[9]هەر وەک حەدیسەکەی پێغەمبەری ئیسلام (ولد اسلام غريبا سيعود غريبا ) دەفکرن و ئەم ڕێچکەیەی کە بە "جیهادی" ناسراون ، ڕەوەندەکەی توشی گۆشەگیری و دابڕان _لەگەڵ ئەورپییەکان کردوە و گۆشەگیریش توندڕەوی و تیرۆر و دروستکردنی ترس و تۆقاندنی لێدەکەوێتەوە و راسیزمی لەنێو ئەو وڵاتانە بەهێزکردوە و دژایەتی نەک ئەو ڕەوتەی بەڵکووو " ڕێزنەگرتن**

---

[8] سایتی KNN- کەی ئین ئین .........١٠/١٢/ ٢٠١٤ + The what العدد٦ ص١٣٤

[9] هەردوو سەرچاوەکەی پێشوو

لەپیرۆزییەکانی ئیسلامی " لەلایەن راسیزمییەکان پەرە پێدەدات!.لەلایەکی دیکە بەشێک لەرەوەندی ئیسلامی لەئەوروپا دەخوازن وەک ئەسپی تەراودە بچنە ناو قەڵای کۆمەڵگەی ئەوروپا و ورده ورده بە شێوەیەکی رێژەیی بە ئیسلامیکردنی خەڵکی ئەوروپا بکەن!! ، داوای ئەوە دەکەن کە کێشەکانیان لەرێگەی شەریعەتی ئیسلامی چارەسەر بکرێ و بەڕێوەبەرێ و ئەوانیش دەست لەهەندێ یاسا و رێساکانی ئیسلامی هەڵگرن وەک ( جەڵدەکردن لەزینا و دەستیبڕین لەدزی و بەردەباران کردنی ژنی مێردار ....)، لەلایەکی دیکە هەندێک لەکریستیانەکانی ئەوروپا پشتگیری ئەو رەوتە دەکەن و بۆ ئەوەی ئیسلامییەکان هەر لەگۆشەگیری خۆیان بەردەوام بن!! و خەڵکی رەسەنەکەی ئەوروپا بەچاوی سوک سەیری ئەو رەوەندە بکەن ، ئەم شەریعەتە پێی دەڵێن دایت ، لە هۆلاندو کەندا گرنگی زۆر بەو رەوتە دەدرێت ، بەلام ئەو کارانەی ئەم دوایانەی داعش لە فەرەنسا پەرۆشی بۆ ئەو مەسەلەیشی کەمکردۆتەوە.

## دواکەوتووترین رەفتار لەنێوکۆمەڵگەی مۆدێرن

یەکێ لەگرێکوێرەکانی ئیسلام ئەوەیە، هەموو خەڵکی دی لەئاییینەکانی ئاسمانی دیکەی پێ نادروستەو هەندێک بە کافریان دەزانن!، وەک ئەو سەرۆک پارتەی ئەڵمانی گۆتەنی " نازانم مامەڵە لەگەڵ کام ئیسلام بکەین ، ئیسلامێک کە ئێستا کەوتۆتە دەستی شێتان (داعش) خەڵک بکوژێ لەسەر بە ئیسلام نەبوون و بیەوێ هەموو دونیا بگرێ و بیکاتە ئیسلام ، ئیسلامەکانی دیکەش لەبەرامبەریان بێدەنگ بن [10] کێشە لێرەدایە تەنیا ئیسلام خۆی پێ رەوا و خواناسە "دين الله" یە ولەسەر "لا يقبل منكم دينا غير إسلام " دەڕوات ،کە پێشتر دەیگووت " لكم دينكم و لي ديني" و تا ئێستاش هەر خۆی  بە باشترین ئومەت ( خير امة اخرجت للناس) دادەنێ! بە لووت بەرزی و مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکات!! و "ئەوروپای پێشکەوتووش مامەڵە لەگەڵ دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئیسلام وەک پێویست نییە[11]، جیهادییەکان دەیانەوێ جارێکی دیکە بە زەبری هێزو بۆ ناو ئەشکەوت و بە دروشمی خەیاڵ پڵاوی پەلاماری دونیا، بدەنەوە و ترس چاندن و چاو سوورکردنەوە و رەفتاری هوڤیانە کە لەدونیای مۆدێرنی سەدەی ٢١ دا عەقڵ قەبوڵی ناکات، ئەنجامی دەدەن نەک وەک پێغەمبەرکە دەڵێ( جئت لأتمم مكارم الأخلاق) و نەک وەک " بیروباوەڕیکی ئاسمانی کە پەیوەندی بە ناوخۆی مرۆڤە هەیە .. ، بەڵکوو دەیکەنە ئامرازێک بۆ مەبەستی سیاسی،" [12] نەخۆشییەکەی خۆی نابینێ و دەیەوێ دونیا بە شێت  و خۆی بە ئاقل  بزانێ !!و لەکاتێکدا پێچەوانەکەی راسترە !!!،هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە چڕکاتەوە و ئارەزووەکانی تێر بکات کە هەندێکی ژێر بە ژێرییەو بە ئاشکرا نەفرەتی لێ دەکا!! ، بەڵام لەژێرەوە هەمووی ئەنجام دەدا بە خراپترین شێوە!!! وکۆمەڵگەی ئیستهلاکی شتی ئامادەکراوی بۆ لەرۆژئاوا دێت و رەتی ئەو مەنهەجیەتەکەشی

---

[10] ڤیدیویەک لە ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە بە ناوی ئەدمۆند ئەستۆبیار ٢٠١٥

[11] رضوان السيد / سياسات الاسلام المعاصر.........ص١٨٦

[12] د . رفعت السعيد/ حسن بنا متى و كيف ــ الطبعة العاشرة _ ١٩٩٧ سوريا ـ دمشق. ص٢٢٣

دەکاتەوە کە ئەو شتانەی بەرهەمهێناوە ، ئەویش زادەی ژینگەی ئازادی تاکەکەس و فرەبۆچوونی و خۆشی ئەو شتانە بە توندی تەحریم دەکات!!، ئەگەر نوێگەری لەسەر ئەو پێنج دینگەیە دروست بێ( زانست وبەرهەمهینان و ئیستهلاک و هێزی سەربازی و بیروباوەڕی تەنویری ) کەچی "وڵاتە ئیسلامییەکان ئیستهلاک و تەسلیحیان وەرگرتوە و باقی دیکەی پشتگوێ خستووە[13]لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئیسلام هێندە دواکەوتووە و لەتەواوی پێویستییە بچووک و گەورەکان هەر چاوی لەدەست رۆژئاوای کافرە و خۆی بەهرەمەندی نییە و بەهرەمەندی خەڵکی دیکەش بە بیدعە دەزانێ و قەبوڵی نییە؟! و بەو بێ بەهرەمەندیەش هەر خۆشی پێ لەوان باشترە! لەراستیدا ململانێ لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامدا لەنێوان علمانییەت و ئیسلامگەری و نوێگەری و موحافزگەری نییە وەک هەندێک وای لێک دەدەنەوە ، بەڵکوو لەئاکامی تەشەنوج و ئیرتیباکی فکری پەیدا بووە کە هەندێکی توشی دابڕان و گۆشەگیری کردووە و هەندێکی بێ ئومێدی و هەندێکی توشی توندوتیژ تیرۆرکردوەو کە ئێستا زۆر بە کتوپری لە نمونەی داعش دێنە پێش و کە تەواوی خۆ دۆزینەوەیە لەو داخوازیانەی کەکۆمەڵگە بە پەرۆشەوە وەڵامی دەوێت و گوزاریشتیشە لە" هەتیمی روناکبیری و هەژاری روحی کە خۆی لەپەنای ئایینگەرای ساختە شاردۆتەوە!!، کە ویژدان و دڵی ئایینی تیادا نییە و تەنیا لەریشداری وهەندێ دروشمی توندڕەوی خۆی دەبینێتەوە [14]، ئەوەی ئینسانیەتیش پێ ناشیرین دەبێت و کاری قێزەوەنە ئەوان ئەنجامی دەدەن، تەنانەت لەئاکامی ئەو رەفتارە قێزەوەنانە و دەستبردن بۆ تیرۆر و ترس و تۆقاندن ، دونیا لەبەرامبەریان یەکی گرتووە بە یەکڕیزی دژایەتیان دەکەن و ئەگەر ئیسلام فریای خۆی نەکەوێت ، ئەوا ئیسلام دەکەنە ئایینی تیرۆر و سەربڕین و سەبایا و سەرەتای روخانیەتی، رۆژئاوا وا مەزەندە دەکات

---

[13] حامد عبدالصمد، سقوط العالم الاسلامی .......... ص٤

[14] هەمان سەرچاوە .................. ص٥

که ئیسلام وەک جاران لەپەلاماردانەوەی ئەندەلوس(ئیسپانیا)ی سەردەمی ئەمەوییەکان و قوستەنتینەو ڤیەنای نەمسا و دەوروبەری فەرەنسای دەورانی سوڵتانەکانی عوسمانییە و ئیسلامیش وا دەبینی گەرمەی شەڕی خاچ پەرستانە ، کە خوێندنەوە بۆ ئێستا بەو شێوەیە لەلای هەردوو کە لەجێی خۆی نییە!! ، بەڵکوو هاوکاری و ئالیکاری یەک و دوو بۆ چارەنووسی هاوبەش و خێری مرۆڤایەتی پێویستە ، لەراستیدا کۆمەڵگەی ئیسلامی لەدەورانی جیهانگەرایی، توشی دۆگمای فکری و سیاسی بووە و ئاسۆی دەربازبوونی لەنزیکدا دیار نییە و بۆیە روخانی ئەو عەقلیەتییە خێلەکییە خۆ حاشارداوە بە ماسکی ئیسلام ،نزیکبۆتەوەو سیمای ئەو روخانەش لەرەهەندەکانی ئابووری کۆمەڵاتی و سیاسی ئێستای دەبینرێ !!!، گۆڕانخوازی و نوێخوازی سیمای سەردەمە ، ململانێی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا نییە وەک سمایول هانتینگتون بۆی دەچێ بەڵکوو ئەو جولانەوە مێژوویی و بابەتیەیە کە لەنێو هەناوی ئەو کۆمەڵگەیە دەمێکە سووڕ دەکاو وردە وردەش خۆی دەخواتەوە !! ، کە شەڕیەتی لەپێناو چوونە پێش هاتنە سەری بۆ ریزبەندی نوێی نێو کۆمەڵگە! ، ئەمەش ژێرخانی تەندروستی لێ دەخوازێ کە ئێستا بەردەست نییە و ئەو هەوڵانەش بەرەو هەڵدێر دەباو تیرۆر و فەوزای توندوتیژی چارەنووسی کۆمەڵگە دیار دەکات و بەهۆی زەمینەسازنەبوونی ژێرخان بۆ گۆڕانکاری، هەست دەکرێ ریفۆرمخوازی کۆمەڵگەی ئیسلامی رشت نییە نەوەک توشی فەتوای هەڵگەڕانەوە و تەکفیرکردن ببێ لەسەر دەستی ئسولی و سەلەفییەکانی ئیسلامگەری و دەسەڵاتداران! ، هەربۆیە" هەرێنامەیەکی نەنوسراو لەنێوان هێزە سەلەفی و دەسەڵاتدارە شمولییەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان، هەست پێ دەکرێ لەرێگەگرتن لەسەر کراونەوە و گۆڕانکاری و نوێخوازی!!.

## کێشەی عەقل نەک دەق و "مۆسیقاژەنی تایتینگ"

لەراستیدا لەنێو هەموو رەوتەکانی ئیسلامدا نەک هەر خەتی سۆر و هەندێ پیرۆزی بەتوندی دەگیرێ ، ئەوا دەقەکان وەک هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر لێکدەدرێتەوە و مرونەت و شفافیەتی تیا نادۆزرێتەوە، بێ ئەوەی لەهۆکار و ئامانج و شوێن و کات و مەبەستی هاتنەخوارەوەی ئەو دەقانە رەچاو بکرێت ، بۆیە پرۆبلمەکە هەر ئەوە نییە دەقەکە بەشێوەیەکی دۆگمای سەیری دەکرێ و ئەوا ئەو ئەقڵەی کە ئەو دەقەش دەخوێنێتەوە هەر لەجغزی خێلایەتی وپەرژینی ئایینی داخراو ماوەتەوە!! و وەک نمونەکەی ئەشکەوتی ئافلاتۆنی دەهێنێنێتەوە کە "تەنیا لەرێگای سێبەرەکانەوە موخاتەبەکراون[١٥] نەک لەرێگەی راستەوخۆ بە شێوەیەکی ئاسایی و بەر رووناکی رۆژ ، بەڵکوو وا راهاتوون لەتاریکی ورێگەی خەڵکی مردوو موخاتبەی ئەقلیان بکرێت ، هەروەک ئەفلاتۆنیش پرسیوەتی" چی دەبێ ئەو خەڵکە لەئەشکەوتەکە دەربهێنرێن و کەلەبچەکانیان لەدەستبکرێتەوە و چی دیکە بەزمانی سێبەر موخاتەبە نەکرێن" !!!! و بۆیە ئەگەر کۆمەڵگەی ئیسلام لەگەڵ رۆژگار و رۆشەنگەری و مەدنییەت وبەزمانی بەر رۆژ و دوور لەئەشکەوتەکە نەدوێت ، ئەوا لەتوانایدا نابێ وەڵامی پرسیارەکانی پێویستی ژیانی ئەوڕۆی کۆمەڵگەکەی بداتەوە!، کە لەکۆتاییدا گۆشەگیر و ئینفسامی کردوە و تیرۆر و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە !! ، لەکۆتایدا بەردەوامبوون لەسەر ئەو عەقڵیەتە وەک مۆسیقاژەنەکانی کەشتی تایتینگی لێدێت کە دەزانن هەر نقوم دەبن و سەرنشینانی کەشتیش کەس گوێیان لێ ناگەرێ!!، بەڵام بۆ خۆ مژوڵکردن و کات بەسەربردن تا مردن ئەو ژەنینە هەر دەکەن!! و ئەو کەشتییە بەبێ قیبلەنامە لێدەخوڕن و`بە رای ئیسلامگەرەکان ئەگەر کۆمەڵگەی ئیسلام بەرهەمیشی نەبێ ئەوا لەروی ئەخلاق و ئیمانەوە لەرۆئاوا بەهێزترو راسترە و بە هاتنی هێزی دەرەکی غەیرە ئیسلامی بە تایبەتی "رۆژئاوا" ئەوا ئوسلییەکان گەرمتر دەبنەوە لەدژایەتیان و

---

[١٥] هەمان سەرچاوە ............................... ص١٤

ریفۆرخوازان بە ئاوازی شاعیریانە دەست بە بانگەواز بۆ گۆڕین و نوێخوازی دەکەنەوە و لەکۆتایدا هەر سەلەفی و ئوسلییەکان سەردەکەون لەبەر ئەوەی پێویستیان "بە داهێنانی زمانی باوەڕ بوون نییە بەڵکوو ئەو فەرهەنگە و رستەسازییە لەلای ئەوانەوە ساز دەکرێت[16]، و وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتەنی " مرۆڤ هەر خوازیاری ئازادی ومەعریفەت نین، بەڵکوو بە دوای ئاسایشیش دەگەڕێن[17]، ئەو ئاسایەش لەو رەوشەی ئێستادا لەلای ئایین و خێلایەتی بەدەستی دەکەوێت، وژیانی بەندایەتی لەنێو ئەشکەوت وپشتبەستن بە زمانی سیبەر ئەمانەتی لێدەدۆزیتەوەو هەموو رەخنەیەکی ئاراستەکراو لەدەرەوەی ئەو حاڵەتە بە کفرو ناپاکی دادەنێ و بەجاڕدانی شەڕ لەسەر خۆی دەزانێ و ژینگەی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە ئیسلامییە، هەرچی لەتوانایدایە سنتەریالیزمی برەو پێدەداو تێڕوانینی بۆ هەر داکەلان بۆ ئەو رەوشە بە دوژمنداری لێکدەداتەوە و هەرکەسێ قیبلەنامەی لەدەست بێت لەو کۆمەڵگەیە کە لەگەڵ هی وان تێک ناکاتەوە ، ئەوا بە ناپاکی دادەنێن و شەڕی لەدژیدا رادەگەیەنن و بۆیە سەقافەتی بێدەنگی وچاودێری دەبێتە سیستەمی زاڵبوون لەو نێوەندەدا ، موعتەزیلەکان و ئیبن روشد و فەرەج فودا ومحەمەد عەبدە و مەحموود تەها و و مەهدی عامل وئەحمەد قوبانچی و ناسر حامد زێدان و ، ئەمانە گەریلای دەرباز بوون لەژیانی ئەشکەوت و هەڵبژاردنی ژیانی دوور لەکۆت و بەندەیان دەخواست و کە هەندێکیان بە ناچاری و دەست بە کەلەپچەیەکەی گەڕایەوە نێو ئەشکەوتەکە و هەندێکی گیانبازی بە خۆی و چارەنووسی خۆی کرد و ئاوارەیی و گۆشەگیری هەڵبژارد ، هەربۆیە ئەوەی مژارە لەو نێوەندەدا هەر تێکستە کۆنەکە نییە و پرۆبلمەکە لەخوێندنەوە و رەوش و شوێن و زمانی گفتوگۆکردنەکە لەو نێوەندە چارەنووس دەست نیشان دەکات و کە بەرەو کوێی ئاراستە دەکات !!؟.

## ئاشتەوای لەنێوان ئیسلامی سیاسی و رەخنەگرانی

---

[16] هەمان سەرچاوە..............................ص١٤

[17] هەمان سەرچاوە ............................ص١٦

رۆژ بەرۆژ رەخنەگرانی ئیسلامی کلاسیکی پانتای و قوڵایی لەبرەودایە و ئەگەر ئیسلامی سیاسی "هەر ئەو پیسییە لەژێر مافوردا بشێریتەوە ، وای لێدێ ماڵەکە لەبەر بۆن بە کەڵک دانیشتن نامێنی " و هەموو دەمیش روخانی ماڵی کۆن رێگری لەبینایەی نوێ نەگرتووەو ئەوەتا لەئاکامی سوتانی دار لەرەگەکانی دەوەنی نوێی لێ پەیدا دەبێت ، وەک کانت گۆتەنی " با لەکار و بەرهەمی عەقڵ نەترسین " ، مرونەت و پلۆرالیزم بۆ پێشکەوتن پێویستە ، بۆ ئەوانەی کە وا دەزانن دژایەتی ئایین کارێکی پێویستە ، ئەوا دەبێ ئەو راستییە بزانیین کە ئایین عەقلێکی جەماوەری و بزوتنەوەیەکی بابەتییە و گۆڕینی و پێشخستنی ئەرکە نەک کۆدەتا ، وهەر هێندە هەیە نەهێڵدرێ ببێتە ماددەیەکی بێهۆشکەر ، بەڵکوو ئایین بکرێتە دیتنی راستی و یەکسانی و دادوەری و خۆشەویستی و ئاشتەوای بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

شەریعەت دانان و تەواوکردن بەردەوام لەئاوارەیی کراوە ئەوەتا موسای پێغەمبەری جولەکە لەسەر چیای تۆرسی سینا پەیمانە دە خاڵەکەی لەگەڵ خودا بەستوەو پێغەمبەری ئیسلام لەمەدینە، ئیسلامی پێ پتەو کراو لەوێوە (الیوم اکملت لکم دینکم ...) راگەیاند ، ئەم حاڵەتە بە زمانی عبری پێی گوتراوە هالاخا (رێگای شەریعەت )،رەوتێکی ناو ئیسلامییەکانی ئەورپا ،دەخوازن جارێکی دیکە بەرێگەی هالاخا، ئیسلام زیندووکەنەوە!!؟ ، لەکاتێکدا راستە ئەورپا ئازادی تەواویان پێ دەدات و بژێوی ژیانیشیان مسۆگەر دەکا ، بەس هێندەیە ناتوانێ عەقلیان پێ بدات!!، پرۆبلمی سەرەکی ئەو رەوەندەش لێرەیە !!، ئەگەر توانی ئەو شورەیەی بەدەوری تێفکرینی خۆی بۆ دۆگمایی ئیسلام بگۆڕی رەنگە ئەو کارەی زۆر ئاسان ببیت.

لەسەدەی هەژدەمەوە فەیلەسوفێکی جولەکە موسا مندلسون، بۆ جولەکەکان کە هەمان کێشەی ئێستای رەوەندی ئیسلامی لە تەفاعولنەکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورپا هەبوو ، بە ناچاری هەستا

بەکردنەوەی چەند خوێندنگەیەکی ئایینی پێش ئەوەی تەلموت و تەوراتی جولەکە بخوێنن ئەوا فەلسەفەو ماتماتیک و فیزیا خرایە بەر خوێندنیان، و توانیان لەو جغزە ئایینییە داخرواەی خۆیان دەرباز بن "لەماڵ جولەکەو لەبازاڕ ئەوروپی" ئەو پرۆسەیە لەلای جولەکەکان بە هلسکالا ناوزەد کرا،ئەم پرۆسەیەش بۆ ئیسلامییەکان یەکجار پێویستە لەو ساتە وەختانەدا.پێش ٢٣٠٠ ساڵ ئەبیکور لەئەسینا تیورێکی بۆ خوێندکارەکانی داهێنا کە پێیان دەوت لادانی کاتی( کلینامن)، کاتێ یەک گەردیلە لەرێچکەی ئاسایی خۆی لادەدا بەهۆی راکێشان (جاذبیة)و خۆی بە گەردیلەی دیکە دەخشێنێ بارستە و وزەی تر دروست دەکات ، دەکرێ مرۆڤیش بە هەمان شێوە لەرێچکەی ئاسایی دەربچێ بێ ئەوەی لەسیستەم لابدا و وزەو بارستەی نوێ دروست بکات ئەم پرۆسەیە پێویستیەکی هەنوکەییە بۆ ئیسلام، کلینامن وەک خستنە "بەردێکە بۆ ناو گۆمی مەنگ "بەلانی کەم بۆقە دەنگ ناخۆشەکان بێ دەنگ دەکات!!!، هەر وەک "کانت" فەیلەسوفی ئەڵمانی گوتویەتی " تەبعیەت لەدەست خودی مرۆڤە ، کاتێ عەقڵ دەکوژێتەوەو پشت بە راڤەو لێکدانەوەی خەڵکی دیکە دەبەستێتەوە نەزانین دروستدەبێ" بۆیە ئیسلام پێویستی بەوە هەیە وەک فەیلەسوفی دانیمارکی نیکۆلای گریندوفیگ دەبێژی " پیش ئەوەی سەربە ئایینێکی دیارکراو بی ، مرۆڤ بە!! "[١٨]،هەر بۆیە بۆ ئیسلام زەرورەتە دەست لەپیرۆزی پیتو دەق هەڵگرێ و ئینسانیەت و ناوەڕۆکی دین بخاتە پێش .

---

[١٨] هەمان سەرچاوە .......................ص٤٥

# بەشی حەوتەم

- داعش بۆ هاتە کوردستان
- داعش شەڕ و گەلیش کوردستانیەتی دەبەخشی
- ژانەکانی شەڕی داعش سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە
- بەرخودانی کۆبانی و تێکشکانی بەرەی دژە کوردستانیان
- شکستەکانی داعش و سەرەتای کۆتایی

# داعش بۆ هاتە كوردستان

داعش بنەمای سیاسەتەكانی لەناوچەكە لەسەر زەمینەی بە بلانسكردنی سیاسەتە ئەقلیمی و هەندێ وڵاتە باڵادەستی دونیا هەڵدەچنێ ، لەو نێوەندەدا هەم گەمە دەكا و هەمیش بۆ دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان، وەک كارتی فشار بۆ بەرامبەرەكانی دەیسوڕێنن ، ئەوەتا توركیای ئۆردوگانی خەون دەبێنێ بە زیندووكردنەوەی خیلافەتی عوسمانی ، چی لەدەست دابێ بۆ راكێشانی سۆزی خەڵكی "باخچەی دواوە" ، كە مەبەستی وڵاتانی عارەبییە سونە مەزهەبەكانە ، پشتیوانیكردنی توركیا لەداعش كارتی بەكارهێنانە بۆ راكیشانی سۆزی عارەبی سونە بۆ لای خۆی و دژایەتیكردنی كوردستانیان و پاراستنی سنوورەكانی هەرێنامەی لۆزان و دژایەتیكردنی هەر ئەگەرێكی گۆڕانكاری لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، كە مسۆگەر دەوڵەتی كوردستانی لێ دێتە كایە ، هەروەها بەریتانیا كە بەرژەوەندییەكانی لەسەر ئەو رێكەوتنە لەرۆژهەڵات داڕێژراوە ، لەهەوڵی ئەوەدایە كە چی لەدەسەڵاتیدایە دەرفەت نەدات گۆڕانكاری لەسنورە دەسكردانە بكرێت ، بۆیە داعشێک كە پارێزەری ئەو خواستەیەتی زەمینەی فراوانبونی قەبوڵ بێت ، عارەبستانی سعودیا و هەندێ وڵاتی كەنداوی فارسی كە لەئاكامی شۆڤینیەتی عارەبی چیان لەدەسەڵات بێ ئەو دەوڵەتە لەناوچەكە دروست نەبێت ، هەر بۆیە داعشیان لەدەروازەی بەغداوە كێشایەوە بۆ سەر باشووری كوردستان و لەوەو پێشیش چیان پێكرا شەڕیان دژ بە دەسكەوتەكانی رۆژئاوا ئەنجامدابوو ، شەڕی كۆبانی و كەركوک و گرێ سپی و جەرابلس و رەقەو شنگال و ....... ، شەڕی توركیاو كۆمكاری عارەبییە بە داعش دەیكەن!! و هەموو وڵاتانی عارەبی سونە مەزهەبی و توركیای ئەردۆگانی لەپشتدایە دژ بە جولانەوەی نیشتیمانی كوردستانی ،یەكێ لەئامانجە سەرەكییەكانی ، رێگەگرتنە لەداخوازی گەلی كوردستان لەپیادەكردنی ئیرادەی خۆی لەسەر واری خۆی وەک ئێستا توركیا گەف

دەكا لەسەر جەرابلس!!! ، ئەم ئانیا (بەرە) شەڕخوازیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوڕ دەخواتەوە بۆ ئەو مەبەستە و خۆشبەختانەش بەردەوام هەوڵەكان لەبەردەم ئیرادەی پۆلاینی گەلی كوردستان شكستی هێناوە ، وا ئەو جارەش بەختی خۆیان لەسەر رۆژئاوا و باشووری كوردستان تاقی كردووە و نەک هەر شكستیان هێنا ، بەڵكوو ئەو دژاتییە بووە هۆكارێک بۆ ئەوەی ئەوانەی تا دوێنێ دوو دڵ بوون لەسەر پشتیوانی كوردستانیان ، ئەوا ئەوڕۆ شانازی بەو دۆستاتیە بكەن و بەهەمموو تواناییەكەوە هاوكاریان پێ بدەن! ، دۆزی كوردستانیش هانگاوێكی دیكە ببەنە نێو پرۆسەی بە نێودەوڵەتیكردنی و بناغەدانان بۆ دروستكردنی ئەو قەوارەیە سیاسییە سەربەخۆییە ، گۆڕینی نەخشەی سیاسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دابەشكردنی كوردستانەوە دەستی پێ كرد و ئەوا ئەوڕۆش سەر لە نوێ لەكوردستانەوە دەست پێ دەكاتەوە!.

# داعش شەڕ و گەلیش کوردستانیەتی دەبەخشێ

شەڕی داعش و کوردستانیان ئەوەی سەلماندەوە کە دۆزی کوردستان یەک مەسەلەیە نەک چەند مەسەلەیەک !! یاخۆد بەشێکە لەجولانەوەی دیموکراسیەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە!!؟ ، ئەو جارە لەشەڕی داعشدا، کوردستانیان بە پراکتیکی سەلماندیانەوە " بەشداری یەپەگە لەشنگال و رەبیعە و پەکەکە لەمەخموور و کەرکوک و جلەولاو.... و پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات لەکەرکوک و میسل و..... ناردنی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ کۆبانی " ، بە جۆرێک لەجۆرەکان و سەرلەنوێی بەرجەستەکردنەوەی ئیرادەی کۆمارەکانی کوردستان لە"ئاگری و مەهاباد" و ئەو شۆڕشەیەی کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هەڵیگیرساندەوە لەدوای ١٩٧٥"!!!!ە و کوردستانی بوون زیندووە و ئەوەی قەیرانە لەناوخۆ و دەرەوەدا عەقڵی باوی باڵادەستی سەرکردایەتی سیاسی کورداتییە نەک دۆزی کوردستان!!! ، هەر کاتێ ئەو فیکرەیە لەنێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی باو دەبێ ، ئەوا ئەو جولانەوەیە وا دەڕسکێ ، داگیرکەران هەراسان دەکا و بە تەواوی مەترسی لەسەر دروستکردون!!! ، و کاتێ دەست لەو فیکرە هەڵگیراوە ، ئەوا جولانەوەی کوردایەتی رووبەڕوی قەیرانی فکری و بە لاڕی بردنی شۆڕش و تەخەبوتی سیاسی بۆتەوە و داشی داگیرکەر لەکوردستانیان سوارتر بووە!!!! ، وا ئەو جارەش شەقی زەمانە و مەترسییەکانی داعش ئەو فکرەی لەمەیداندا بەرجەستەکردەوە کە بە هیچ شێوەیەک بایەخی کەمتر نییە لەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەی کە بۆ دۆزی کوردستان دروست بوو لەئاکامی ئەو شەڕەدا و زۆربەی وڵاتانی زلهێزی دونیا لەناردنی چەك بۆهێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی کوردستان بەشدارن!!! ، ئەوەی هەموو کات دۆزی کوردستانی "نیشتیمانی داگیرو دابەشکراو" یەکلا دەکاتەوە فاکتەری ناوەخۆییەکانە و لەنێو فاکتەری ناوخۆیەکانیشدا پەیوەستبونە بە رەهەندە نەتەوەیی و نیشتیمانییە کوردستانییەکانە کە زەمینەسازی بۆ فاکتەرە

دەرەكییەكان دروست دەكات و بەرخودانی كۆبانیش گواهی ئەو قسەیەمانە! ، هەر لێرەوەش دەڵێین ئەگەر ئەو بیرۆكەیەی كوردستانیبوون گشتگرەو"تعمیم" بێت بەسەر جولانەوەی نیشتیمانی كوردستانی ئەوە بە قەد موشەكی هایدرۆجینی جێی ترسێیە بۆ داگیركەرانی كوردستان!!.

# ژانەکانی شەڕی داعش سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە

دۆزی کوردستان زۆرئاڵۆزە و ئەگەر بەشی هەرە زۆری ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێ ، ئەوا سەرەکیترینی لەکوردستاندا خڕ بۆتەوە !، ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو ململانێیە زلهێزانەی دونیا کەوتۆتە سەر گۆڕەپانی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان! ، بەتایبەتی تورکیا دەخوازێ لەو گۆڕانکارییە نوێیەی کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە دەخوازێ، پشکی شێری بەرکەوێت ! و دۆزی کوردستان لغاو بکات بەو ئاراستانەی کە خۆی خوازیارە !!! ، مسۆگەریش سەنگی دۆزی کوردستان دەرفەت نادات یەکانگیر بێت لەگەڵ ئەو خواستەیەی تورکیا و ململانێ و توندوتیژی توند بەخۆوە دەبینێ لەو نێوەندەدا ، دەیان دەرهاوێشتەی دیکەی لێدەکەوێتەوە کە هەندێک جار کاری چاوەڕانەکراوی لێ دەکەوێتەوە!! ، هەر بۆیە مسۆگەر ئەو ژانەی ئێستا لەرۆژهەڵات هەیە و بەشێکی زۆر لەسەر ڕۆژئاوای کوردستانە ، لە ناوەڕۆکدا ئەو ژانە کۆرپەڵەکەی ، ئازادی و سەربەخۆیی کورستانە!! .

بێجگە لەوەی دونیا گۆڕاوە و چەندین وڵاتی نوێ سەریان هەڵداوە ، وەک تەیموری رۆژهەڵات و کۆسۆفۆ و باشووری سودان ....و چەندینی دیکە لەرێگەدان بۆ ئەو مەبەستە وەک کەتۆلۆنیا و ئوسکتلاند و کیوبک ..... ، ئەگەر چی ئەو هەوڵانە لەناوچەکەی ئێمەدا نییە و ئەوانەی ئەوروپا خوازیاری گرتنە بەری رێگەی مەدنیین بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵانە و سووربوونی کوردستانیان بۆ ئەو مەرامە و کۆکبوونی تەواوی یاسا و رێساکانی نێودەوڵەتی و نەزمی نوێی جیهانی لەگەڵ ئەو خواستەی گەلی کوردستان، مسۆگەر زەمینەکە خۆش دەکات بۆ ئەو خواستە رەوایە و لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەرئاگر و !!! دوای ڕووداوەکەی دوورگەی کریمیای ئۆکرانیا ، پێ دەچێ ململانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگوڕتر بن بەتایبەتی لە سوریا و عێراق و یەمەن !!! و

تورکیاش که دۆستی نزیکی ئەمریکایە ، لەلایەن روسیاوە مسۆگەر فشاری دەکەوێتە سەر، تورکیا و ئێرانیش بەردەوامن لەململانێی دێرزەمانەوە!!!، ئەو چوار دەوڵەتەش راستەوخۆ پەیوەندی بە دۆزی کوردستانی داگیرودابەشکراو هەیە!! ، ئەوا بە پێی هەموو مەزەندەکان ، لەنێو ئەو ململانێیە سەختانەدا ، یەکەم گۆڕانکاری کە روودەدات و یەکەم دەوڵەتی نوێ لەو ناوچەیە پەیدا دەبێت ، دەوڵەتی کوردستانی دەبێت !!! ، ئەگەر بە تەواویش نەبێت!، ئەوا نەک هەر داگیرکاری ، بەڵکوو سنورێک بۆ ئەو دابەشکردنە چوار پارچەیەش دابنێ!! .

راستە سەربەخۆی و ئازادی هەر خواست نییە و لەنێو هاوکێشەیەکی هەمەلایەنی خۆی دەبینێتەوە و پێویستی بە بڕیاردانی سیاسی دروستە و لەو پرۆسەیەدا بەرژەوەندی باڵای گەل لەسەروی هەموو شتێکە ! ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خواستە پێویستی بە بوێری سیاسیش هەیە کە لەکاتی خۆی بڕیاری لەسەربدرێت ئەو وڵاتانەی کە جاڕی سەربەخۆیان دا ، بێ کێشە نەبوون و ئەوەتا کرواتیا کاتی جاڕی دەوڵەتی خۆی دا شەش مانگ تەقنەنەیان لەسەر ئاویش لەسەر کرا!!! ، ئەوجا بەو خۆڕاگرییە توانیان هەوای ئازادی هەڵمژن و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزرێنن! ، بە داخەوە ئەزموونی حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ، لە ئاستی خوازراو نەبوو ! ، چەند دەرفەتی لەو شێوە هاتە پێشیان بازیان بەسەردا و بە ئاسانیش ئەو دەرفەتانە بۆیان ناگەڕیتەوە!!، لەگەڵ ئەوەش هەست دەکرێت رۆژئاوای کوردستان باش ئەو دەرفەت و ململانێیەی قۆزتۆتەوە و کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ خزمەتکردنی دۆزی کوردستان و لەسەر دەرفەت باز نادەن و بوێری سیاسیان لەبڕیاردان بۆ ئەو مەبەستە لا هەیە!!!.

دەمێکە داگیرکەرانی کوردستان لەبەردەم ئەو پێشکەوتنانەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی کە لەم دواییەدا بەدەستی هێناوە، لەهەوڵی گەلەکۆمەکی سەربازی هەمە بواریدان ، بەڵام لەبەردەم زروفە بابەتی و

زاتییەکانی ئەو جولانەوەیە و زەخمی کوردستانیانی بێ بەشکراو لەزۆربەی مافە نەتەوەییەکان ، تێکشکاون و ئەجیندایەکانیان هەڵوەشاوەتەوە ، ئەوەتا تورکیا لەبەرامبەر رۆژئاوای کوردستان چی لەدەسەڵاتی دابوو کردی و تەنانەت دەستی بۆ پشتیوانی لەتیرۆریستان برد !!!، کەچی نەک هەر لەبەرامبەر نەعرەتەی شێرانەی کوڕ و کچانی رۆژئاوا! ، ئەجیندای تورک تێکشکا ، ئەوا ئەجیندای ئەمریکاشی سەراولێژو بێهێزی کرد بۆ ناوچەکە و سوریا ، وا ئەوڕۆش لەهەوڵی پەلەقاژەیەکی نوێدا دژ بە کوردستانیان ، لەهەوڵی گەلەکۆمەکی نوێدان لەرێگای چەتەکانی داعش و ئەلنەسرە و ئەلشامدا!!!، بەڵام ئەگەر هەر ئەو هەوار بێ مسۆگەر هەمان بەهار نییە !!! و بۆیە جارێکی دیکەش ئەو نەخشە و ئەجیندایەی تورکیا کە دژ بە کوردستانیان هەیەتی لەسەر دەستی یەپەگە تێک دەشکێتەوە. ئەگەر چی زۆر هەوڵدرا کۆنگرەی نەتەوەیی لەساڵی٢٠١٣ ببەسترێت !، کە لەراستیدا کۆنگرەی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان بوو نەک هی گروپ و کەسانی نەتەوەخواز!! ، ئەو حزبانەش کە خاوەن هێزی گەورە بوون ، زیاتر قسەیان دەڕۆیشت نەک باشترین کەس و بەرنامە !!! ، ئەوەبوو کاتی دەوڵەتی تورک کارتی سۆری پێ نیشاندان هەندێ لەو حزبە کوردستانیانە ملکەچیان بۆ داگیرکەر نیشان دا نەک بۆ ویستی نەتەوەیی کوردستانی !!! ، لەگەڵ ئەوەشدا هێمای رووداوەکانی کوردستانی سەدەی رابردوو ئەو سەدەیە ، ئەوە نیشان دەدەن بێجگە لەچیاکان ، ئەوا رەهەندە نەتەوەییەکانی کوردستانی بەردەوام پشتیوانی داخوازییەکانیان بووە! ، وا ئەو جارەش بۆ پشتیوانی رۆژئاوا، ئەوەی پتر خەمخۆریانە و بە هانایان دەچێت ، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە نەک دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان !!! ، و راستیش زوو و درەنگ هەر سەردەکەوێ!!! و مێژووش بەزەیی بە هیچ جۆرە ناپاکیەک نایاتەوە !!.

# بەرخودانی کۆبانی وتێکشکانی بەرەی دژە کوردستانیان

دوای پتر لە١٢٣ رۆژی بەرخودانی کۆبانی (١٥ ئەیلول ٢٠١٤تا شوباتی ٢٠١٥) دژ بە هێرشە دڕندەکەی رێکخراوی داعش و کە لەراستیدا بەرخودانی ئیرادەی هەموو کوردستانیان بوو لەهەمبەر بەرەی دژ بە کوردستانیان کە هەندێک بە راشکاوانە هاتنە مەیدان وەک داعش و بەرەی نوسرە و ئەلقاعیدە .....، لەپشت ئەوانەش چەند دەوڵەتێکی هەرێمی هەن وەک تورکیا و سعودیا و قەتەر و میسر و .... پشتیوانی لەو هێزە دەکا کە پەلاماری راستەوخۆی کوردستان دەدەن نمونەشمان شاری (کۆبانی) یە لەم نوسینەدا، هەموومان لێدوانەکەی پاشای سعودیا "مەلیک عەبدوڵلا" ی کۆچکردو عەبدولفەتاح سیسی حاکمی عەسکەری میسر لەتەمموزی ساڵی رابردوو سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەتی (کوردی) کە بە توندی دژی وەستانەوە وەک کاردانەوەیەکی لێداونەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەمانگی حوزیرانی هەمان ساڵ رایگەیاندبوو سەبارەت بە ریفراندۆم لەباشووری کوردستان و ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق و سەربەخۆی باشووری کوردستان ، ئەوجا هەندێ وڵاتی باڵادەستی دونیا کە دەخوازن سیاسەت و بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا ، بەو گەمەکردنە ئەگەر لەسەر ماڵوێرانکردنی گەلانی ناوچەکەش بێ دەتوانن سیاسەتەکانی خۆیان پیادە بکەن!!! .

ئەو بەرخودانەی کە لەکۆبانی ئەنجامدرا وەک بیرمەندی عێراقی مەهدی عامیل گۆتەنی " سەرکەوتووم مادام بەرخودان دەکەم"، ئەگەر نەخوازەلا کۆبانیش بکەوتایە ، ئەوا کۆبانی هەر سەرکەوتوو بوو لەئیسپاتکردنی ئیرادەی خۆی ، خۆشبەختانەش بەرخودان تەقڵەی بە خۆ و فیل زانەکان لێدا!!! ،ئەگەر پێشمەرگە نەبێ، جیهادییە سەلەفییەکان قەت ئەو جۆرە گورزیان بەر نەکەوتووە !!!، کە هەر

هێزی داعش بە تەنیا نەبوون ، بەڵکوو هێزی تورکیای ئەردۆگان کە گرەوی دۆڕاو لەسەر زیندووکردنەوەی سوڵتانی ئوسمانی و کوێخوای "باخچەی دواوە " دەکەن و راسیزمە عارەبییەکان کە خێڵەکیانە بیر دەکەنەوە! و کەڵەمێردی لە "شیر" وەشاندن دەبینەوە و سەدام ئاسا "یاحوم اتبع لو جرینا " خیتابیانە!!! و مەلیکە مەزانی شاعیری ئەمازیغی گوتەنەی "هەمان ستایلی زایونیزمی دژ بەو گەلانەی ناوچە بەڕێوە دەبن" کە هەر خاکێک بگرن بە وڵاتی خۆیان دادەنێن!! و تەنانەت لەکەرکوک ساڵی رابردوو لەرۆژی ئاڵای کوردستان کاتێ لەزانکۆی کەرکوک ئەو ئاڵایە هەڵکرا ، خوێندکارە عارەبەکان ئاڵای داعش نەک عێراقیان هەڵدا!!!، وەک نیشانەیەک کە قەت قەبووڵی کوردستانیەتی کەرکوک ناکەن!!! و بزاڤی ئیسلامی سیاسی کە تا ئێستاش بە عەقلی شەڕی "جەمەل"ی نیوان عەلی و معاویە دەژین !! ، بەرخودانی کۆبانی چاوی هەموو ئەوانەی شکاندن و ئیتر دەبێ ئەو ژمارە دیفاکتۆیەی ناوچەکە "کوردستان" بخوێنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ، کە نایکەن و شەڕی لەگەڵدا دەکەن نەک قەبوڵکردن !!!!، ئەوا وەک کۆبانی دەبێ سەری خۆیان لە بەردی ئەلحەد بدەن و خەونە شەیتانییەکانیان ببەنە ژێر گڵ!!.

ئەو هێزانەی کە دەخوازن پرۆژە و ئەجیندای خۆیان لەسەر حسابی مافی گەلی کورستان لەناوچەکە پیادە وبەرجەستە بکەن ، ئەوە کەوتونەتە دوای سەراب و هێشتا کوردستانیان و هێزەکانی یەپەگەیان نەناسیوە! وبەرخودانی گەلی کوردستان سەرەتای سەرکەوتنی ئەو بەرەیە لەکۆبانی لەسەر ئەو بەرە دژە کوردستانییە تۆمار کرد ، ئەگەر چی ئەو پیلانە کۆتای نەهاتووە بەپێی زانیارییە مەیدانییەکان و ئاگادارکردنەوەی دۆستان و درێژەی دەبێ و مەزەندەش دەکرێ فشار بخەنە سەر "کەرکوک و حەسەکە"ی رۆژئاوا ، ئەوا مسۆگەر بەرخودان بەردەوام دەبێ ئەوەی لەکۆبانی لەچوار مانگدا تۆمار کراوە ،رەنگە لەو ناوانە بە چەند رۆژێک ئەو وەڵامەی تاریکبینان بدەنەوە کە لە

باشووری کەرکوک گەرماو گەرم درایەوە، ئەوەی شەوی ٣٠/٢٩ ـ ئاداری ٢٠١٥، داعش ئەو وەڵامەی لەباشووری کەرکوک" مەلا عەبدوڵلا ، تەل وەرد و مەکتەب خالید و نەهرەوان و مەریەم بەگ ..." وەرگرتەوە!!! .

بە ئامادەبوونی نوێنەرێکی یەکێتی ئەوروپا و یوئێن لەکۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، بیست ویەک وڵاتانی دونیا لەندەن کۆبوونەوە دژ بە داعش ، لە کاتێکدا بەدانپیانای وڵاتانی باڵادەستی دونیا ، کورد کاریگەرترین هێزی شەڕکەرە لەسەر زەمیندا دژ بە داعش ، کەچی نوێنەری نەبوو لەو کۆبونەوەیە!!! و بانگهێشتی حکومەتی کوردستانیان نەکرد !! ؟، لەکاتێکدا هێزی سەرەکی سەرزەمینی شەڕی دژە داعش پێشمەرگە و شرڤانان، بەڕێوەی دەبات و خوێن دەبەخشن لەو پیناوەدا بە پێی راگەیاندراوەکانی ئەمریکی سەدان کیلۆمەتری چوارگۆشە لەسەردەستی پێشمەرگە وشەڕڤانانی رۆژئاوا ، رزگارکراوە لەچنگ تیرۆرستانی داعش ، کەچی وتەبێژی کۆشکی سپی دەڵێ ئەی" ئەوە نییە عەبادی بە ناوی کوردیش بەشداری کردووە"!!!، ئەم هەڵوێستەی هاوپەیمانان لەجێی خۆی نەبوو! شایستەی قوربانیانی پێشمەرگە نییە ، ئەگەر چی بە پێی ئەتێکەتی کۆبونەوەکە کوردستان دەوڵەت نییە و مافی بەشداری نابێ! ، بەڵام دەکرا سیغەیەک بدۆزرێتەوە بۆ پرکردنەوە و بەشداری کردنی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا!! ، لێرەشدا نابێ ئەو ئەدا خراپەی دەسەڵاتدارانی کوردستانی لەبیر بکەین کە برەو بە "حزبسالاری" دەدات و زۆر جار دەبێتە هۆکاری ئەو جۆرە پەراوێزانە!!! و ناردنی لێپرسراوی گەورەی ئەورپی بۆ باشووری کوردستان لەسەر ئەو نادادوەریەی دابەشکردنی چەک و یارمەتییە سەربازییەکان و هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ کوردستانیان!!!! ، ئەم هەڵوێستەش ئەوە ناگەینێ کە کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە پارێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ ، ئەوەتا لەکۆنفرانسی میونخی ئەلمانیا هەمان ساڵ کە تایبەت بوو بە چۆنیەتی

بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەڵمانیا بواریدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری ئەو کۆنفرانسە بێت و ئاڵای کوردستان لەتەک ئاڵاکانی دیکەی دونیا بشەکێتەوە و ناوی کوردستانیش خرابووە نێو کتێبەکەی ئەو کۆنفرانسە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و زۆر لەو وڵاتانەی بەشدار بوو بڕیاری کردنەوەی کونسڵخانەی وڵاتی خۆیان لەباشووری کوردستان داو نوێنەری هەر سێ کەڵێسای کریستیانی بە بەژن و باڵای کوردیان هەڵدا و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم چڤیان و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و بەڵێنی چەکدانیان بە کوردستان داو بە زەقەی چاوی تورکیا و بەریتانیا ، ئەمریکاش بڕیاری کردنەوەی بنکەی سەربازی و راهێنانی سەربازی پێشمەرگەی لەکوردستان دا، کە پارێزەرانی سنوورەکانی سایکس پیکۆی شێت و هار کردوە!!! ، ئەم سەرکەوتنە لەئاکامی بەرخودان و خۆڕاگری کوردستانیان هاتە دی و بە خوێنی پێشمەرگەی و گەریلاکان هاتە دی کە وەک سەرۆک وەزیرێکی ژاپۆنی گۆتەنی هەر "دلۆپە خوێنێکی مرۆڤ بارتەقای قوڕسایی هەموو دونیا دەبێت " ، کەچی کوردستانیان لەو رووەوە درێخیان نەکردوە بۆ پاراستنی نیشتمان کە لەکۆتایدا پاراستنی هەموو مرۆڤاتییە لەمەترسیەکانی داعشدا.

شکستە سەربازییە بەردەوامەکانی داعش لەقۆڵەکانی شەڕ لەگەڵ کوردستانیاندا " کۆبانی و کەرکوک و موسڵ و مەخموور و شنگال و گرێ سپی و جەرابلس و ...." هێمای ئەوەن کە دێوەزمەی داعش لەسەر دەستی شەڕڤانان وپێشمەرگەی کوردستان کۆتاییان دێت! و لاوازی و بێ سەروبەری لەگۆڕینی تاکتیک و تەکنیکە سەربازییەکان لەبەرامبەر هێزە کوردستانیەکاندا دادی نادات!! ، تێکشکاندنی ئیمپراتۆرییەکانی ئەکد و ئاشوور و هۆلاکۆ ، کە بەدەستی گوتی و میدی و هوزبانییەکان، دێوەزمەی خۆ بە فیلەکانیان تێکشکاند !!!، ئەوا ئەمڕۆش نەوەکانی گووتی و میدییەکان ، ئەو مێژووە دووبارە دەکەنەوە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە لەمێژووی نووێدا ، لەوەو پێش

لەگەڵ دیقەتدان لەپەلامارەکانی ئەو دواییەی داعش ئەو باوەڕە دروست دەکات کە داعش بەرەو لاواز بوون دەڕوات ، لەبەر ئەوەی قوربانیانی هێزی پێشمەرگە لەرووی چۆنایەتی نەک چەندایەتی گەورەیە و هەموو قوربانییەکی گەورە ، مسۆگەر دەسکەوتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە!!!.

لەدوایین پەلامەرەکانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەباشووری کەرکوک و شنگال و مەخموور و ناوچەکانی دیکەی موسڵ، ئەوەی سەلماندوە کە داعش بەرەو لاوازی لەدەستدانی موبادەرەی نوێ لەگۆڕانی تەکتیک دەبینی و "سەلابەت" لەبەرگری کردندا نەماوە و بە دەیان داعش خۆ دەدەنە دەستی پێشمەرگە و راکردن بۆتە تایبەتمەندییەکی ئەو چەتانە و رۆژ نییە هەواڵێ گوللە بارانکردنی بەدەیانیان لەلایەن هێزیە ئەمنییەکانی ئەو چەتانە دەبیستیین !!، هێماکان ئەوە نیشان دەدەن کە چارەنووسی داعش بە هەمان چارەنووسی ئیمارەتی ئیسلامی تالیبان دەچێ!! و تێکچوونی خیلافەتی بە ناو ئیسلامی مسۆگەر رەنگدەداتەوە لەسەر خودی ئەو رێکخستنە و رەوتی جیهادییە سەلەفییە شەڕخوازەکان، ئەگەر تەفروتوناش نەبن ئەوا مسۆگەر بەرەو بێهێزیی دەچن و رەنگە جۆری تاکتیکی سەربازیان بگۆڕن بە شێوەیەکی بنەڕەتی و گرەو لەسەر خۆکوشتن و فڕاندن و کۆمەڵکوژی ئەنجام بدەن و لەروی سیاسییەوە دیماگۆگیەتی زیاتر پەیڕەو بکەن!.پاشخانی شەڕ و هێرشی راگەیاندنی ئێستای نێوان داعش و قاعیدە بۆ پێش دروستبوونی ئەو ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە!! ، بە تایبەتی لەگۆڕینەوەی نامەی نێوان زەرقاوی و بنلادندا و جودایی بۆچوونەکانیان لەسەر کۆمەڵێک چەمکی جیهادی ( تەکفیر و خیلافەت و مامەڵە لەگەڵ دوژمنی دوور و نزیکی ئەو رەوتە)!!! ، ئەم نامە گۆڕینەوە دەودەوانەیە فکریانە بەردەوام بوو ، کاتێ داعش خۆیان گۆتەنی لە" تفرد" و تهمە"ی هەڵگەڕانەوە لەسەر قاعیدە دەست پێکرد و خیلافەتی راگەیاندن و ئەوەی لەوەسیەتەکەی

بنلادن هاتبوو پشتگوێ خرا کە "جاڕدانی خیلافەت دەبێتە هۆکاری خوێن ڕشتنی خەڵکی بێ گوناه و فیتنەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە"، قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی بە کۆڵەوار لەبواری شەریعەت و "تنزیل" و ئەبوبەکر بەغدادی لەئاستی ئەو پێگە ئایینییە نییە کە خۆی راگەیاندوە و داعشیش تۆمەتباری قاعیدە و ئەیمەن زەواهیری بەوە دەکەن کە سازشکارە و لەگەڵ توغات و بوغات و رافزین(شیعە) و مورتەد (پێشمەرگە) .... مامەڵە دەکات!!؟، زەواهری دەستخۆشی لەمحەمەد مرسی کردووە و دەیەوێ لەرێگای جیهادی لابدا و بچێتە ژێر پرۆسەی سیاسی میسر و تونسدا!! و ئەو فیقهەیە بە "فقە عفن" و قاعیدەش لەسەر حاڵی خۆی فقهی داعش بە "فقهە الدم" ، ناوزەد دەکا!!!.

ئەو شکستە سەربازییەی داعشی ئەم دوایەو روخانی خیلافەتەکەی ، ئەو شەڕە گەرمتر دەکات لەسەربواری فکری و سیاسی و بگرە سەربازی!!، ئەو قسەیەیی قاعیدە راست دەردەچێت کە دەڵێن " ئەو کارەی داعش دەبیتە پارچەکردنی هێزە جیهادییەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی ئەو گروپانە خورتر دەکات"، تەنانەت شکشت، جودایی و شەڕی فکری و ئیدۆلۆژی و سەربازی دەخاتە نێو خودی رێکخستنی داعشەوە .

تێکشکانەکانی داعش لەبەرەکانی شەڕدا لەگەڵ کوردستانیان و روخانی خیلافەتەکەی ، هەموو فێرژنەکانی جیهادی دەچنە ژێر تۆنێلی بەخۆداچونەوە و ئەو هەوڵەشیان سەرەتایەکە بۆ کۆتایی ئەو لارێگرتنە تۆپکە خوێناوییەی کە داعش هەڵیبژاردوە !!!؟ و گروپە جیهادییەکانی میسری هەشتاکانیش هەروایان لێ دەرچوو ، تەنانەت گروپە ئیسلامییەکانی دوای گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەو ئاڕاستەیە رۆیشتن و زۆریان ناوی خۆیان گۆڕی و گرنگی بە داخوازییەکانی خەڵک و خزمەتگوزارییەکان دەدەن لەسەر حیسابی

شەریعەت!!! و چونە نێو پرۆسەی دیموکراسی کە " بوغات و تاغوت" ناوزەدیان دەکردن!!! و بۆتە بنێشتە شینکەی نێو دەمی موشەرعینی داعشییەکاندا و شەڕە دەو و موجادەلە لەگەڵ ئەلقاعیدەی پێ دەکەن!!! ، ئێستا ئەو شەڕە قسەیەی نیوان قاعیدە و داعش مەزەندە دەکرێ بە شکستی پتری داعش، ئەوشەڕە گەرمتر و بەرەکانی فراونتر ببێت ، ڤێرژنیکی نوێ بەرهەم بهێنن لەتێکەڵاوی و هاوسەرگیری نێوان کەلتووری تەکفیری جیهادییەکان و کەلتووری سیاسی ئیسلامییە موحافیزکارەکانی وەک ئیخوانییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ هەندێک لەهێزە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ئاشتەوای بکەن !!؟.

ئەم ڤێرژنە مەزەندە دەکرێ لەلایەن هاوکێشە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، چرای سەوزی بۆ هەڵکرێت ، ئەوەی لەنێو گۆڕەپان قاڵ بۆتەوە و هەموو کارتەکانی رێگای جیهادی کە لەنێو پەڕە زەردە و قرتێندراوەکانی کەلتووری ئیسلامی هێناویەتانە دەر ، تاقیان کردەوە لەمەیداندا بە پراکتیک دەرچوو، سەرکەوتوو نەبن تیایداو رەنگە خۆیان بگۆڕن لەتەکنیکدا نەک جەوهەردا!!؟، بەتایبەتی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان وا دەخوازێ ڤێرژنێکی سونە مەزهەب لەبەردەم "دەوەداسی شیعە" مەزهەب قیت کاتەوە و مەترسی گەورەی نەبێ لەسەر بەرژەوەندییە ئەقلیمیەکانیان و کارتێکی فشاریش بێت لەسەر دەوڵەتی ئێرانی شیعە مەزهەب!!!.

# داعشی نوستوو و بە ئاگا لەکوردستاندا

نکوڵی ناکرێ کۆمەڵگەی کوردستانیش بەشێکە لەکۆمەڵگەی ئیسلامی ، بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی ئیسلامیش هاوسۆزیەک و تۆیەکی بیرکردنەوەی داعشی تیادایە بە هۆی لایەنە ئیسلامییەکەدا ، ئەوجا ئەو رەوتە ئیسلامییە سیاسیەی کە ئێستا لەکوردستان بوونی هەیەو دەچڤێ لەکوردستاندا بەشێکی زۆری لەسەر مەسەلە خێلەکییە عارەبیەکە کە بۆتە قاعیدە لە نیو ئیسلامدا " انصر اخاك ظالما او مظلوما" "پشتیوانی لەبراکەت بکە ئەگەر زاڵم یان مەزڵوم بوو" ، کەسێکی بانگخوازی ئیسلامییان پێ لەهەر کەسیکی دیکە باشترە ئەگەر ئەو ئیسلامخوازە لەگەڵیشیان یەک نەبێ لەو بانگخوازیەدا ، لەکاتێکدا دینداری بانگخوازییەکی مرۆڤاتی و یەکسانی ودادوەری و ئاشتەواییە ، کە ئەو پرنسیپانە هیچیەکی لەنێو بانگخوازیەکەی داعشدا بەدی ناکرێ ، بەڵکووو پێچەوانەکەشی برەوی پێدەدرێ ، ئەوجا ئەو رەوتە ئیسلامییە باوی نێو گۆڕەپانی سیاسی ئامادە نیین تەکفیری ئەو گروپە کافرە هەڵگەڕاوە لەبنەماکانی ئایین و ئیسلام بکەن ، کە بەشێکی هاوسۆزیشیان هەیە لەگەڵی و ئەو پروپاگەندەیی ئەوان هەنکی هەندێک تۆپی دوور هاوێژ کاریگەری دەبێ لەتۆقاندن و ترساندنی خەڵکی سڤیلی کوردستان ، و بەشێکیان لەراگەیاندنەکاندا کار و رەفتارەکانی داعش لە"مێشێکەوە دەکەن گامێش" و قەبەی دەکەن بە ئەنقەستەوە دەیڵێنەوە ، تەواوی پەیامە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک ، ئەمانە رێک لەنێو ریزەکانی سوپای داعشی نوستوو دان و هەر یەکەشیان لەداعشە نووست و بە ئاگاکان رۆڵی خۆیان هەیە لەگەیاندنی پەیام و دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و مژاری سەرەکیش لەکوردستان ئەوەیە ، بەردەوام ئادیولۆژیا لەکوردستان کارێکی نەرێنی کردۆتە سەر دۆزەکەو لەبری ئەوەی ئەو ئایدیولۆژیایە بخرێتە خزمەت دۆزەکە ئەوا پێچەوانەکەی پیادە کراوە ، ئەم پیادە بوونەش لەلایەن مارکسیستەکانی کۆن هەبووە و ئێستاش ئیسلامییەکان بە هەمان جۆر دووبارەی

دەكەنەوە ، ئەو دەسكەوتانەی بە خوێن و خەباتی نزیكە سەدەیەك بەدەست هاتوە ، دەخوازن بیخەنەوە خزمەت عەقیدەكەیان و بە ناوی برایەتی و یەك ئایینی و موسڵمانبوون ، دەوڵەتی ئیسلامی سەرانسەری پشتیوانی بكەن ، كە رێك بە پێی فقهی ئیسلامی نەك برایەتی موسڵمانەتی " لا فرق بین عربی و عجمی الا بالتقوی ' و ان الله ینظر الی قلوبكم لا الی وجوهكم" ، ئەوا لە دوای دانیشتنەكەی سەقیفەی بن ساعیدا، دەبێ خەلیفە لەقورِیش بێت!!، ئەوا ئەو فەرموودەی پێغەمبەریان تورِتێهەڵدا، مەرجیش نییە خەلیفە باشترین كەسی موسڵمان بێت!! ، ئەوەتا لەنێو خەلیفەكانی ئیسلامدا هەبووە مولحید و كافر بوون ، كەچی تا ئێستاش هەر لەنێو خەلیفەكانی موسڵمانان وەدەریان نەخستووە ، تەنانەت قەبوڵیشی ناكەن ئەم باسە بكرێتەوە و بە جدی هەندێك دەخوازن چاوپۆشی لێ بكرێ.

# بەشی هەشتەم

- داعش بەرهەمێکی گۆڕانکارییەکانە
- دەوڵەتی نامۆی داعش و میکانیزمی خیلافەت
- داعش و بیدعە
- ڕیزبەندیەکان لە سایە سەرهەڵدانی داعش
- داعش دەوڵەتی کفرە یان ئیسلام

# داعش بەرهەمێکی گۆڕانکارییەکانە

ئەو گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، کە هەندێک بە بەهاری ئیسلامی یاخۆد عارەبی ناوزەدی دەکەن ، دوای ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە لە٤وڵات دەسەڵاتی گۆڕی و لەسوریاش ئەو شۆڕشە لەخەباتی جەماوەریەوە گۆڕا بۆ شەڕی چەکداری و لەزۆربەی ئەو ولاتانەی کە گۆڕانکاری تیادا ئەنجامدرا " تونس ولیبیاو میسرو یەمەن " ، لەدوای دەیان ساڵانەی دەسەڵاتێکی شمولی و ئیستبدادی ، فەزایەکی فەوزایی لەو وڵاتانە هێنایە کایەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی تیادا رۆڵێکی ئەوتۆی لەدەست نەمابۆوە ، لەراستیدا گۆڕانکارییەکان لەبنەڕەتدا بەیان وەفات بوو بۆ شێوازی کاری ئەلقاعیدە ، چ لەپشت بەستن بە جەماوەر لەو گۆڕانکاریانە و چ لە ئەفزەلیەت دان بە دوژمنی دوور ( سەهیونەت و سەلیبیەت) ، لەگەڵ توغات و بوغات " دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی ، وەک ئەلقاعیدە ناوزەدی دەکات!!! ، ئەم وەزعە دەنگی ناڕەزایی و رەخنەگرتن لەئەلقاعیدە و گروپە سەلەفییەکان زیادی دەکرد ، لەنێو ئەو زەمینەدا داعش وەک یەکێ لەسیماکانی خۆی ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ راستکردنەوەی باری لاسەنگی رەوشی ئەو رەوتە و کەڵک وەرگرتن لەو بێ نیزامیەی باوەی نێو ئەو وڵاتانەو رەوشی ئابووری و کۆمەڵاتی و سایکۆلۆژی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی ، توانی ئەو فورسەتانە بقۆزێتەوە و لە رووی پانتایی جوگرفی و ژمارەی زیادکردنی چەکدارانی و جاڕدانی خیلافەت و لەوەش سەیرتر ، چەندین سەرکەوتنی خیراو بە پەلەو بێ زەحمەتی ئەوتۆ ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێنا لەعێراق و سوریا ، کە سایکۆلۆژیەتی بادیەی سونەی عارەبی ئیعجابی بە سەرکەوتوون و توندوتیژی و جوامێری لەشەڕ و شۆڕ... و راستکردنەوەی ئەو تێکشکانە نەتەوەیی و ئایینیەیی کە لەسەر دەستی دەرەکی روبەروی بۆتەوەو لەرووی ئابووری وگوزەرانی خراپ تێکچووەو لەبێکاری و هێلی هەژاری وگوزەرانی خراپ و.....، لەلای دیکە بە بوێری داعش

لەوەڵامە شەرعییەکان کە لەلایەن گروپە سەلەفییە جیهادییەکان ڕووبەڕووی دەبۆوە وهەڵساو بێ ئەوەی گوێ بداتە تۆمەتەکان کە ئاڕاستەی دەکراوە بەو هۆکارەوە ، ئەمانە هەمووی کۆبۆوە لەدوای چوار ساڵەی دەستپێکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕۆژهەڵات کە هەندێک ناویان ناوە بەهاری عارەبی بۆ ئەوەی تەعویزی ئەو فەشەلەی بکەنەوە کە لەئاکامی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕویان بۆتەوە ، ئەم کارەی داعش لەراستیدا گورزێکی کەمەر شکێن بوو لەئایدۆلۆژیەتی قاعیدە و گروپە ئیسلامی و سەلەفییەکانی دیکە کە نەیان دەویست لەگەڵ بوغات بکەونە شەڕ و لەلای دیکە پشتیان بە جەماوەرو خەباتی دیموکراسی بەستبوو بۆ گرتنە دەسەڵات ، هەر بۆیە بە راشکاوی دەڵێین ، لەو ڕۆژەی داعش سەری دەرهێناو بووە کوێخوای ئەو مەیدانە ، لەو ڕۆژەوە دەکرێ فاتیحە بۆ بەهاری بەناو عارەبی بخوێنین !!!کە دونیا هیوای زۆری پێی هەبوو ، سەرنەکەوتنیشی خەڵکێکی زۆری بێ ئومێد و سەرگەردان کرد ، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە روی نەدابایە ئەوا داعش دروست نەدەبوو ، بەڵام ناکرێ بگوترێ داعش فەشەلی ئەو گۆڕانکارییەی لاسەنگ کردەوە ، بەڵکووو دەرکەوتنی داعش لەنێو هەناوی سەرنەکەوتنی  ئەو پرۆسەیە ، بە دووجار سەرنەکەوتن و تێکشکان دادەنرێ و لێک دەدرێتەوە!!! ، لەلایەک سەرهەڵدانی شەڕی چەکداری لەسوریا ئاقاری روداوەکانی بەرە و سەرخواردنی دەسکەوتەکانی گۆڕانکارییەکان برد و وفەوزاو بێ یاسای و دادەوەری ئەو ناوچانەی گرتەوەو لەلای دیکە دەسبەسەراگرتنی هێزە ئیسلامییە نەکردی وهەموو بردییەکانی ئەو (رابوونە) ،دەرفەتی دایە هاوکێشە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ئەم وەزعەو ئەو کارتە وەرچەرخێنن بۆ قازانج و بەرژەوەندییەکانی  خۆیان ، کە ئێستا گەلانی ئەو ناوچەیە ململانێک بەڕێوە دەبەن لەجیاتی خەڵکێک و وڵاتانی دیکە و باجەکەش  گەلانی ئەو وڵاتانە دەیدەن و رەنگە پروشکی ئەو ئاگرە بە گەلان و وڵاتانی دیکە بپەڕیت و تێوەی بگلێن ، کە خۆیان لەراستیدا لەو جۆرە گۆڕانکاریانە دوور بوون!! ،بە درێژایی مێژووش تیرۆر

**بەرهەمی نەبووە و قەتیش نایبێ و ئەو جارەش "تیرۆر چەندە بە برشت و مەترسیدار بێ ئەوە ناتوانێ رۆژگار ببەزێ[1]، با هەر وا تێبگەن و ئەو میتۆدە پیرۆزیان بێ کە دەڵێن " یاسا هی بێ دەسەڵاتانە [2]، ئاقڵداری وهێز بەکارهێنان کوجا مەرحەبا!!! و با "هەر تیرۆرستان بیانۆ ببینەوە رۆژئاوا تاوانباری شەڕن[3]، "چەندە ئینسانیەتیشمان پێشێڵبکرێت [4]دوا رۆژ هەر بۆ ئازادی و دیموکراسی و مەدەنیەتە!!!!!.**

[1] اريبك هوبزباوم / العولمة و الديمقراطية و الارهاب – نقلهالى عربية اكرم حمدان و نزهت طيب – مركز الجزيرة للدراسات – الطبعة الاولى ٢٠٠٩.....ص١٩٢

[2] وائل ب ، حلاق/ الدولة المستحيلة – الاسلام و السياسة و مأزق الحداثة الأخلاقى – ترجمة عمروا عثمان – الطبعة الاولى ٢٠١٤

[3] صالح الحصين / العلاقات الدولية بينمنهج الاسلام و منهج الحضارة المعاصر- الطبعة الاولى ٢٠٠٨

[4] امارتنا صن / ترجمة، سحر توفيق- عالم المعرفة٣٥٢- الهوية و العنف ،،، وهم المصير الحتمي ٢٠٠٨ - كويت

# دەوڵەتی نامۆی داعش و میکانیزمی خیلافەت

جاڕدانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) و بە خەلیفەکردنی ئەبوبەکر بەغدادی لەحوزەیرانی ٢٠١٤ ، کارێکی نەگونجاوە بۆ سەدەی ٢١، جاڕدانی بەو شێوەیە ، لەشکڵی سەرەتاییدا ، کە هەندێ کەس بە دەوڵەتی نوێ ناوزەدی لەبەر ئەوەیە ناچێتە هیچ جۆرە فۆرمەلەیەکی دەوڵەتی باوی سەردەم ، بۆیە بە نوێی لێکدەدەنەوە ، یانی بینای لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی نییە و بەڵکوو بە دەوڵەتێک دەشوبهێنێ کە لەسەدەی حەوتەمەوە سەریهەڵداوە بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی خێڵەکی و بیناکردنی لەسەر دادوەری و بە عەقیدە و ئەخلاقیاتی ئیسلامی لەسەروی ئەو کاریزمایەی خێڵەکی "چوارچیوەیەکی سیاسی بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵگە لەسەروی خێل و لەسەر بنەمای خۆبەخشی و ئاشتەوایی نێوان پێکهاتەکان بەرجەستە بکات و جێگیری ئەمنی بکاو بیان پارێزێ لەهەڕەشە دەرەکی نێوخۆییەکان[٥]، سیمای دیکەی ئەو دەوڵەتە جگە لاسایی دەوڵەتێک دەکاتەوە کە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرە، لەخاکی دوو دەوڵەتی عارەبی سونە مەزهەب دروست بووە و گوێی نەداوەتە سنووری نێودەوڵەتی وخۆی بە دەوڵەتی هەموو موسڵمانان لەسەر دابەشکردنە کلاسییەکییەکەی کۆنی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست " ویلایەت " راگەیاندوە ،ئەوەی بەیعەتیشی نەداتێ و بە خەلیفەی خۆی نەناسێ ئەوا کافرەو " ميتة الجاهلية" دەمرێت!!!!!، ئەم دەوڵەتە لەچەند سەرچاوەیەک سەریهەڵداوە کە ناکۆکییەکانی جودایی زۆری تێدایە"لوبنان ، سوریا . عێراق ، میسر ، لیبیا ، مەغریبی عارەبی جۆرێک لەدەوڵەتی "هۆبز"ی وباتریارتیکی دەچێت کە بە ناوی خودا فەرمانی شەڕ دەدات و تۆلیتاریانە هەڵسوکەوت دەکات ، گەڕانەوە بۆخەلیفە لەشەڕو ئاشتی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری ئەوە دەگەیەنێ،

---

[٥] حامد عبد الصمد/سقوط العالم الاسلامی........... ص٩

ئایدیولۆژیای فیقهی ئیسلامی کۆن و توندوتیژی کە داعش داهێنان و بەهرەمەندی تیادا نواندوە و سەربڕین و سوتان وکوشتنی بە کۆمەڵ و خۆتەقاندنەوە ..... ، راگەیاندنێکی زەبەلاح و وردبین کە دەتوانێ لەماوەیەکی کورتدا خەڵکێکی زۆر لەدەوروبەری خۆیدا کۆکاتەوە و دەتوانێ رەخنەکان و هێرشەکانی راگەیاندنی دوژمنانی رەتکەنەوە و قسەی خۆیان لەبەرامبەریان هەبێت ، ئەم سیمایاناش لەدەسەلاتدارە تولیتاریانەوە سیمایی بوونی هەیە لەراستیدا تیکەڵبوونی ئایین و سیاسەت و دەوڵەتبوون بە عەقیدەی ئیسلامی یەکێ لەئیشکالییەتەکانی مێژووی سیاسی و شەرعی ئیسلام بوو، کە تا سەردەمی ئێستاش نەیتوانیوە بەرسڤێکی ئەوتۆی بۆ ئەو ئیشکالیەتە نە لە رووی شەرعی نە لەروی سیاسیدا بە دەست بکەویت! ، کە بتوانێ دژی زوڵم و دژایەتی لەنێو پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەو رەتکردنەوەی توندوتیژی ببێتە ئامرازی چارەسەرکردن کێشەکان٦ ئەو فۆرمەی کە لە"مەدینە " سەریهەڵدا دوای کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام بۆ ئەو شارە و ململانێی لەگەڵ خێڵەکاندا، گەشەیکرد وپتەوتر بوو بە تایبەتی لەبڕانەوەی شەڕ لەنێوان ئەوس و خەزرەج و پاراستنی برایەتی لەنێوان ئەنسار و موهاجیر موسڵمان و جولەکەی مەدینە و سەرکەوتنی موسڵمانان لەشەڕی بەدر و خەندەق .....، ئەوەیان سەلماند کە "دەنگ و نەغمەی قەبیلەت لەنێو ئەو قەوارە سیاسییە تازەیە کز بوو ، بەڵام بە مردنی محەمەد ئەو سۆزە بۆ ئەو نەغمەیەی جاران (قەبیلەت )سەر لەنوێ سەریهەڵدایەوە ، دانیشتنی سەقیفەی ساعد و کوژرانی ئیمامی عومەر و عوسمان و عەلی ، هەمووی لەو چوارچێوەیە بوو کە پەیامبەری ئیسلام توانی بووی کپی بکات ،مورتدەکانی دەورانی ئەبوبەکر لەسەر زەکات نەبوو ، بەڵکوو لەناوەڕۆکدا ،هەوڵی گەڕانەوەی دەسەلات بۆ قەبیلە بوو!! ، کوشتنی عوسمانی بن عەفان لەسەر ئەو ململانێی نێو بەرەبابەکانی قوڕەیشی بوو، کوشتنی عەلی بن

---

[٦] هەمان سەرچاوە ..........ص١٠

تالیبیش لەسەر ئەوەی بوو کە پێویست ناکات شورا خەلیفە هەڵبژێری و هەر ئیمامەت لەدەست بنەماڵەی هاشمی بێ ، ئەمانە هەمووی هەوڵی زیندووکردنەوەی قەبیلایەتی بوو، هەر دوای راشیدین ، ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و سەفەوی ...... ، ناونانی خیلافەت بە ناوی بنەماڵە بۆ هێزیی قەبیلەیی دەگەڕیتەوە، لەگەڵ ئەوەش دەورانی راشیدین ئەگەر کەمالیەت و پێگەیشتنیشی نەبێ بە تەواوی ، ئەوا گەڕێکی پیشکەوتنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی ئیسلامییە بوو کە بە ناوی دینەوە بەرجەستە دەکرا، دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی نەیتوانی کێشەکانی موسڵمانان چارە بکات ... دەوڵەت لەدەوڵەتی پەیامبەرەوە (دژە قەبیلە) بۆ دەوڵەتی ئایینی داپۆشراو بە هێزی قەبیلەیی هەڵگەڕایەوە٧ ، لایەنی سیاسی و بەرژەوەندخوازی تایبەت برە و پێدا بە ناو شەریعەتەوە لەسەر حیسابی ئەخلاقیەتی ئیسلامی!!!، هەر بۆیە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی دەوڵەتی سیاسی نەیتوانی سەنگی ئەخلاقیەت راگرێ و خۆی بەلای لۆژیکی مێژوو داگرت و بە سەریهەڵداوەو ئێستا تەنیا میکانییەتی ئەو دەوڵەتە لەسەر توندڕەوی بۆ ئیسلامی و بەیعەت بۆ ئەبوبەکر بەغدادی و شەریعەتی ئیسلامە!!!. هێزترین هێز لەنێو ئەو کۆمەڵگەیە رۆڵی سەرەکی ببینی لەسروشتی ئەو دەسەڵاتە ، نەک کێ باشترین و لێهاتوترین کەسی موسڵمانە !!!، هەر بۆیە تەماسوکی دەوڵەتی ئیسلامی بنەمای هەڵچنیوە لەسەر دەمارگرژی بۆ ئیسلام ، چەندە توندایەتی تیا بووە هێندە توانیویەتی خۆی راگرێ و کە کز بووە بە ئاسانی هەڵوەشاوەتەوە ، وەک ئیبن خەلدون گۆتەنی "دینامیکیەتی دەوڵەتی ئیسلامی دەمارگرژی گێڕاویەتی٨بۆیە دەوڵەتی موسڵمانان دەسەڵاتی سیاسی و شەرعی لێک جیا نەکردۆتەوە دەوڵەتی لەسەر عەقیدە دامەزراندوە!! ، یانی لایەنی دەسەڵات بەرهەمی فیکری مرۆڤ و شارەزایی و مومارەسات و

---

٧ هەمان سەرچاوە ..............ص١٤

٨ هەمان سەرچاوە .......ص٢٢

گەشەبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە زادەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بووە! ، یانی لایەنی پیرۆزی نەبووە و بەڵکوو بۆ ئیدامەدانی ئەو بەرژەوەندیانە پیرۆزیان بۆ داتاشیوە. ئیسلامیان کردۆتە دین و دەوڵەت !!!،" بیرۆکەی "تەواوی دونیا پێویستیان بە ئێمەیە ٩ی بیرۆکەی سەید قوتب و "دونیا هەمووخاکی خودایەو یەک حاکمیەتی پێویستە" لەسەر ئەو مەفهومە دەوڵەتی بیوکراتی " الحق الهی" بۆ ئیسلام رەوایی پێدا ، کە دونیای کفر و ئیسلام هاتووەو چارەسەریش بەس لای ئیسلامە!!،داعشیش لە مەنتیقی مێژووی ئەو فکرە سیاسیەی لەگەڵ مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامی ١٠

---

[٩] رضوان السيد الاجتهاد والتشديد فى فكر الاسلامى المعاصر ...........ص٢٢١_٢٢٢
[١٠] هەمان سەرچاوە ...............ص٢٠٤

# داعش و بیدعە

دروستبونی داعش بە ناوی ئیسلام بە هەموو لایەکیەوە بیدعەیەکە، لەگەڵ ئەوەی ئەو دەوڵەتە پێوەری بیدعە دادەنێ و خەڵک بە کافر و ئیسلام دەستنیشان دەکات و بیدعەکانی داعش هێندە بێ سەرو بەرن لەکاتێکدا خۆی رایدەگەیەنێ کە فلانە کارە بیدعەیە ، کەخۆی پێویستی پێ بوو ئەوا ئەو بیدعەیە ئەنجامی دەداو بە حەڵاڵیشی دەزانێ!! ، ئەم سیمایەی ئەوە نیشان دەدات کە داعش بەس سیاسیانە کار دەکات نەک ئایینیانە و دوورە لەهەموو رەنگێکی ئایین ، ئاخر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، زەرقاوی باوکی روحی داعش هاوپەیمانەتی نەبەست لەگەڵ بەعسی سوری و عێراقی و ئێستاش ئەبوبەکر بەغدادی لەگەڵ نەقشبەندییەکان وتورکیا ، ئەی ئەوانە بەشێک لەتوغات و بوغات نەبوون کە ئێستا کردویانە بە دروشمی سەرەکی و لەپەنایدا خەڵک بە کوشت دەدەن! ، دەیان وت کورد برای ئێمەیە وهیچ کێشەیەکمان لەگەڵیان نییە! ، کەچی بۆ ئەجندای تورکیا پەلاماری کوردستانیان داو شەڕ بەر ماڵی کوردستان گرت ، ئەی هەر ئەو پێشمەرگە و کوردستانەی دوێنی نییە خۆیان بێلایەنی لەگەڵدا رادەگەیاند و ئەوڕۆ بە مورتەدی نێوزەد دەکەن !!!!، دەوڵەتی تورکیای ئێستا نە شەریعەتی ئیسلامی راگەیاندووەو نە لەداهاتوێکی نزیکدا بۆشی دەکرێ و نە نیازیشی هەیە ئەنجامی بدات ، ئەو زینایەی کە خەڵکی لەسەر جەڵدە دەکرێ کە لەبنەڕەتیشدا نەریتێکی جولەکەیە نەک ئیسلامی و ئەو نێربازییەی خەڵکی لەسەر بانان فرێدەدرێتە خوار و مەیخواردنەی خەڵکی لەسەر کافر دەکەرێ و خەڵکی لەسەر سەردەبڕن!!!! ، ئەوا لەتورکیا بە یاسا پارێزراوەو چ جیهادی و ئایاتی جیهادی هەیە لەنێو تەفسیرەکانی قورئاندا دەرهێناوەو داعشیش هاوپەیمان و هاوسۆزن لەگەڵیدا!!؟ و دژ بە میللەتێک کە ئیسلامی بە یەکێ لەتوخمە سەرەکییەکانی بوونی خۆی دەزانێ !!! ، چەک و تەقەمەنی لەئەوروپا وەردەگرن و بە سەلیبیشی لەقەڵەم دەدەن !!، باشترین تەکنەلۆژیای ئەو

خاچپەرستانە بەکار دەهێن ، کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی داهێنانیان کردوە وبۆ کاری هوڤیانەتان بەکاری دەهێنن ، بە ئەسپی تراودەی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی هاتنەوە مەیدان و تەرەدانێ لەژێر کاریگەری وان دەکەن و بە سەهیونی و خاچپەرستیان ناوزەدی دەکەن !!، لەراستیدا بیدعە لەو بیدعەی داعش زیاتر هەیە!!!؟ و ئایین یەک روی هەیە بۆ هەر دیاردەیەک و تەفسیری دیکە قەبوڵ ناکات ، کەچی لای داعش هەر دیاردەیەک بۆ توندڕەوی خێڵەکی عارەبچێتی دەیان تەفسیر و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ، باشترین خزمەت ، خۆتان گۆتەنی سەهیونەت وسەلیبیەت و ماسۆنیەت و ..... ، بە بێ بەرامبەر دەکەن و واتان لێ کردوە ئیسلام بە ئایینی تیرۆر بناسرێ و وەک ئایینی ئاسمانی جێگەی نەبێتەوە!!! ، ئیسرائیلێک کە بەدوژمنی گەورەی ئیسلامی دادەنێن، یەک تەقەیان لەبەرامبەر نەکردوە ، کەچی خەڵکی کوردستانی موسڵمان ژن و ماڵایان حەلاڵ کراوە و وەک سەبایا دەیانفرۆشن وسەریان دەبڕن و ماڵیان بە ئەنفال دەبەن ، کوردی ئێزیدی لەبەر ئەوەی کوردن قڕانیان دەکەن و لەولاشەوە لەمەکتەب و پێگەو ڕیبازە سیاسییەکانی سەلیبیەت و سەهیونیەت مەشق و راهێنان دەکەن!!! .

# ریزبەندییەکان لەسایەی سەرهەڵدانی داعشدا

بە دەرکەوتنی داعش لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و جاڕدانی دەوڵەتی بەناو خیلافەتی ئەبوبەکر بەغدادی ئیسلامی لەشام و عێراق ، ئیدارەی ئەمریکی لەسایەی  ئۆباما تاک جەمسەری خۆی لەدونیا رەتکردوە و دانی نا بە چەند جەمسەری  بۆ هەڵسوڕاندنی سیسەتمی نوێی جیهانی ، ئەوەی بۆشی باوک و کوڕ چاندیان و کردیان ، ئۆباما هەڵیوەشاندەوەو دەیخواست بە خاکەڕاییەوە لەگۆبەندەکان خۆی دوورخاتەوە  و لەئەفگانستان و عێراقی سەربازی خۆی کشاندەوە ، وای ئیدعا دەکرد " ما استطاع الیە سبیلا" لەشەڕ دوور بکەوێتەوە و" لەپشتەوەی سەنگەرەکانی رۆژهەڵات سەرکردایەتی شەڕ بکات"  ، کەچی لەماوەی سێ ساڵی  رەفتار و پەلامارەکانی داعشدا ، ئەمریکای ناچار کرد بە هێزی سەربازییەوە بێنێتەوە مەیدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوپەیمانییەکی پتر لە ٦٢ دەوڵەتی لەدژی داعش راگەیاند و سەرلەنوێ دەرگە و زەمینەسازی بۆ دیالۆکی نێوان ئێرانی رافز و ئەمریکەی سەلیبی داعش گۆتەنی خۆشکردەوە و ، لەبری ئەوەی رژێمە تۆلیتاریەکەی  ئەسەد بروخێ ئێستا روحی دایەوە بەر و خەریکە رووخاندنی  لەبیر بچێت  حکومەتی مالیکی رووخاو نەیارانی هاتنە سەر دەسەڵات لەعێراق ، کە ناوبراو خزمەتی زۆری سیاسەت و داهاتووی دەکردن لەفوکردن لە شەڕی تائیفیدا و بە پەلاماردانی کوردستان(رۆژئاواو باشوور)  جگە لەوەی دەرگەی بۆ پەیەدەو پەکەکە کردەوە لەو گۆشەگیریە رزگاریان بێت و چەکی باشیان دەسکەوێ و بۆی بنێردرێ و کوردستان لەگینە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تازە!!! لەناوچەکەدا ، و ئێستا بە شێوەیەکی عەمەلی ئەمریکا دانی بە قوەتی ئەقلیمی ئێراندا ناوە و لەسەر دژایەتیکردنی داعش ئەگەر ڤیتۆی سعودیا و تورکیا نەبێت ، ئەوا ئێران یەکێ لەو وڵاتانە دەبوو لەهاوپەیمانیەتەکەی ئەمریکا دژ بە داعش ، لەگەڵ ئەوەش ئێستا مشاوەرە و را گۆڕینەوەی ناڕاستەوخۆ و راستەوخۆ نێوان ئەمریکا و

ئێران لەئارادایە و عینادی تورکیا لەسەر داهاتوی نیزامی سیاسی سوریا و ئەسەد و سوربوونی لەسەر لابردنی ئەسەد ، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا گەیاندۆتە وەزعێکی زۆر شپرزە و قەت وای لێ چاوەڕوان نەدەکرا ، هەرچی قەیرانی تورکیا هەبوو و هەیە ئالۆزتر بووە و چارەسەری لەداهاتوێکی نزیکدا نییە و تا تورکیا و سعودیا و وڵاتانی کەنداو گرەو لەسەر ئەسپی تۆپی بکەن!! ، ئەوەی ئێرانی رافز! و کوردستانی مورتد ! دەسکەوتی گەورەی سیاسی و سەربازی بەدەست دەهێنن و بوون و رسکانی وان، شوێن پێ لێژکردنی ئەو دۆستە کلاسیکیانەی ئەمریکا لەنێو تەرازووی هێز، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتر دەکات! ، گلۆرەی داعش و سەلەفییە تاریک پەرستەکان کەوتۆتە لێژ و دیموکراسی و دیالۆک و دانان بە ئیرادەی یەکتر لەنێوان گەلانی ناوچە دەرگای ئاوالاتر دەبێتەوە ، شەوزەنگی تاریکی و تۆقاندنی هوڤیانە دەڕەوێتەو مەدەنەیەت و مرۆڤپەروەری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی دیکە مێژوو خۆی نوێ دەکاتەوە!! .

# داعش دەوڵەتی ئیسلام یان کوفر

ئەگەر ئینشتاین رای وابووە بە "جارێک راستییەکان دەرناکەون "،( داعشی کافر) وەک "گۆزەیەک لەبیاباندا بەردەوام پێویست بە تۆزلادانداهەیە"[11]، ئەوا راستی ئەوەی کە داعش دەوڵەتی کوفرە نەک ئیسلام، ئەوە ململانێکی فکری و سیاسی و بگرە سەربازیشی پێویستە ، تا دیفاکتۆی ئەسپ لەمەیداندا تاو بدات ، دەبێ ئەو تۆز لادانە بەردەوام بێت ، کفر هەر ئەوە نییە ئینکاری خودا بکەی ، بەڵکوو ئەوەش کوفرە کە خوێنی بە قەدرترین گیان لەبەر لەلای خوا بە خۆڕایی بڕژێنی!؟، بە هوڤیانەترین جۆر مرۆڤ سەرببڕێ و بسوتێنریت!! ، تا وای لێهاتووە ئەو ناوچەیە بە ناوچەی هەڵگەڕانەوە لەخودا و دینداری بناسرێ !!؟، غەیرە ئیسلامێک( سەرەک وەزیرانێکی پێشوی ژاپۆن) بڵێ" دڵۆپە خوێنی مرۆڤێک بارتاقای هەموو سەنگی گوێی زەوییە " ئیسلامێک بێت کە بە دین" رحمة للعالمین" ناسراوە ، لەزەت لەو خوێن رشتنە بکات و بڵێت خودا و پەیامبەر شاد دەکەم بەو کارە؟ !!!! ، ئەگەر چی شەڕ ئەو کاتە بەسەر ئینسانی موسڵمان حەڵاڵە کە دەرگەی ماڵی لێ بگری و هیچ بواری دیکەی نەمێنێ لەپاراستنی ماڵ و عەرز و سەر ، ئەوا جاڕدانی ئەو شەڕە لەختوخۆڕای لەگەڵ هەر کەسێک دەچێتە قاڵبی هەڵگەڕانەوە و رەتکردنەوەی ئایین ، کەچی داعش بێ بیانوو لەگەڵ هاوفکرەکانی خۆی"القاعیدە "جاڕی شەڕ دەدات و تا ئێستا پتر لەچوار هەزار کەسیان لێکتر کوشتوە ، تەکفیر ئەوەیە کە موسڵمان بە کافر بزانی ، لە کاتێکدا خوێنی موسڵمان لەلای موسڵمان رژاندنی بە کفر دادەنرێ!!!، بە ناوی خوداوە ، بەفکری بەشەر ، کە مەعسوم نییە لەغەڵەت ،لەسەر ئەرز حوکم دەکا و لەجیاتی خودا ئیجرائات دەکات لەبەرامبەر بەشرەوە ، ئەگەر جەمال ئەفغانی ئیسلامی بە بانگەوازێک لەپێناو ئینسانیەت و ئازادی و پێشکەوتن و شادبوونی دانابێ ، ئەوە

---

[11] هەمان سەرچاوە ......................ص١٨٦

داعش ئیسلامی نەک بۆ غەیرە موسڵمان بەڵکوو ئەوەی لەگەڵ تێزە خوێنڕشتنەکانی نەبێت ، ئەوا ئیسلامی کردۆتە بەندایتی و دۆزەخی سەر ئەرز[12]، لەکاتێکدا لەپیروپێشینان بیستراوە کە مرۆڤ نابێ دینداری هەموو ژیانی داپۆشی و بەشێکی بۆ دونیاشە!! ، ئەوا داعش وا لێکردوە بچیتە دەست ئاو گەیاندیش ئەگەر بە تێزەکەی وی نەکەیت ، یان لەمڵدان یان سوتاندن بە زیندوێتی چاوەڕێت دەکات!!!. هەربۆیە لەوەتەی داعش پەیدا بووەو شوێن جوگرافیای خۆی فراوانکردوە و هێزیی سیاسی و سەربازی لە بەرەودایە ، ئیسلامی خستۆتە مەئزەقێک وای لێکردوە نەتوانێ بە هاسانی بە تکەی خۆی هەڵسێتەوەو دوو رێگای لەپێشدا هێشتێتەوە ، یان ئەوەتا خۆی نوێکاتەوەو وەڵامی پرسیارە خواستراوەکانی ژیانی مرۆڤی موسڵمان بداتەوە ، یان ئەوەتە لەنیو ئەو بەندۆرە تاریکە قوڵە ختم ببێ و ببێتە مێژوو!!! ، کە رەنگە مەنتیقی مێژوو ئەوە قەبوڵ نەکات و گرەوی بردنەوەی ئەگەری یەکەم لەگین تر بێت.

[12] حامد عبدالصمد /سقوط العالم الاسلامی...............ص٢٣٣

## بەشی نویەم

- ڕێگەی دەربازبوون
- هۆکاری ناوخۆییەکانی سەرهەڵدانی داعش
- هۆکاری دەرەکی
- ئیرهابی فکری کۆڵەگەی سەرەکی داعشە

# رێگەی دەربازبوون

ئەوەی بخوازێ لەبنچینەوە ئەو جۆرە رەوتانەی داعش ئاسا چارەسەر بکا و کۆتای بەکاریگەریەکانیان بێنێ، دەبێ لەبنچینەی هۆکاری سەرهەڵدان و بەرفراوانبوونی ئەو جۆرە رێکخستانانە بکۆڵێتەوە و لێکۆڵینەوە لەهۆکاری پەیەیدابوون،دەرگەی بنبڕکردن واڵا دەکات،هەر بۆیە یەکجار پێویستە هەر هێزێک کە پەیدا دەبێت لەرووی گشتگیریەوە سەیری بکرێت نەک تەنیا لەرووی سەربازی و ئەمنییەوە!!! ، چارەسەریە یەکلایەنییەکان تەنیا پینەوپەڕۆ دەبێت و چارەسەری کاتی لێدەکەوێتەوە!،ئەم جۆرە چارەسەریە گشتگیرییە لەعەقلێکی دەسەڵاتخوازانە ناوەشێتەوە بەرجەستەی بکات!!؟ ، تەنیا ئەوانە دەتوانن بیهێنە دی کە دەخوازن کۆمەڵگە لەبنەڕەتدا بگۆڕن و ئەمنیەتی هەمیشەییان بۆ بپارێزن و چارەنووسی روونیان بۆ دەستنیشان بکەن ، داعش ئامرازێکە لەپرۆسەی کۆمەڵێک هۆکار پەیدا بووە نەک هەر گروپێک ئەمریکا ئاقلی نەبڕێت و" دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت تیرۆرست نییە[1] وەک هەنێ لایەن وای بۆ دەچن!!، کاتێ یەک هۆکار هەڵدەبژێردرێت ، ئەوە وەک سەیرکردنی وێنەی فۆتۆییەک دەبینرێ نەک ڤیدیوییەک ، کە پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆسەیە بەدەست بکەوێت ،یاخۆد لەسەر گردەکە سەیر بکرێت نەک لەلاتەریکێکی گردەکە ، کاتێ تەشخیسات هەمەلایەن بوون ، چارەسەریش هەمە لایەنە دەردەچن ، زۆربەی چارەسەرییەکانی کە کراوەتە بەر، بەرامبەر بە داعش هەر لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێز خۆی دەبینێتەوە ، نەک چارەسەری گشگرەوە!، ئەو رێوشوێنانەی کراوەتە بەریش دژ بە داعش تەنیا ئەو رێوشوێنانە کە هەڵبژاردەوە کە دەسکەوتی سەربازی دژ بە داعش دەست دەکەوێت ، نەک رێگەگرتنی قەبەبونی سیاسی و جەماوەری و ئەو کەلتوورەی کە داعش

[1] د.عبدالوهاب المسيري/ الهوية و احركية الاسلامية- تحرير: سوزان حرفي - طبعة الاولى ٢٠١٠

**خوازیاریەتی بیسەپێنێ بە زۆر بەسەر خەڵکی هەراودا، رەنگ بێ ئەوەی زەنیشی بۆ ببرێت لەپراکتیکدا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی دیکەی لێ بکەوێتەوە کە بۆ هۆکاری دیکە بڕوا !!! و لەراستیشدا چارەسەری هەرەشەکانی داعش و یەکلاکردنەوەی بۆ چارەسەری بنەڕەتی بردن ، پێویستی بە تێڕوانینی هەمەلایەن و لێکدانەوەی قوڵە ، راستە "هەموو هێزە ئیسلامییەکان یەکێتی ئامانجیان هەیە ئەوەی لێی جودان لەوسائیلدایە٢، ئەو هێزانەی کە بانگەشەی ئایینی دەکەنە ماسک بۆ مەرامی سیاسی ، هەڵوەستەی جدی و هەمەلایەنی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی و ناتوانرێ بە رۆژوو دووێک بێتە دی و بێنێکی دەستی شۆڕشگێڕانەی گەرەکە ، راستە مەسەلەی داعش تەنیا "هۆکارە ناوخۆییەکان نییە و لایەنی ئایینی گەلەک گرنگە و ئیجتیهادی زۆرتری دەوێت٣ و هۆکارە دەرەکیەکانیش هاندەری ئەو قەبەبوونەن ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بزاندرێ کە هۆکارە ناوخۆییەکان و زەمینەی رەخسانی ئەو هێزیە ، هانی ئەوەدەدا کە هۆکارە دەرەکییەکان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان گەمە بەو جۆرە هێزانە دەکەن ، لایەن وایە کە هاندەرە دەرەکییەکە بۆ قەبەبونی ئەو جۆرە هێزانەیە. ، خاڵێکی دیکە ، شارو لادێ(عەقلانیەت و ئازایەتی) هەیە و هەر یەکە خوازیارە بەهاکانی کەلجەری خۆی بەسەر هەموو دونیا و مرۆڤایەتی زاڵ بکات ، بلانس نەدان بەو دوو کەلکەرەو هەوڵ نەدان بۆ تەفاعل نەکردنیان بۆ خزمەتی ئینسانی ، ئەوا ئەو جۆرە کێشانە رودەدات لەنێو کۆمەڵگەدا بە تایبەتی کۆمەڵگەیەک کە بەهاکانی ئایین کۆمەڵگە هەڵ دەسوڕێنێت!!!**

---

[2] علاءعبدالعزيزابوزيد/ الحركات الاسلامية و انظمة الحكم .. ص٧٩

[3] مجموعة من كتاب/ المدرسة التفكيكية و جدل المعرفة الدينية/دار الهادى .. ص ٢٠٣

# هۆكارە ناوخۆييەكانی سەرهەڵدانی داعش

ئەو هۆكارە ناوخۆييانەی كە بوونەتە سەرهەڵدان و قەبەبونی ئەو جۆرە هێز و رەوتە سەلەفيانە ، ئەوا دەبێ هەڵوەستە لەسەر لايەنی ئابووری و سياسی و كەلچەری و سايكۆلۆژيەتی ئەو كۆمەڵگەيە بكرێ ، خوێندنەوەی زانستيانە بۆ ئەو جۆرە بوارانە و هەڵەكردن لەپلاندانی هەر جۆرە چارەسەرييەكی ئەو پرۆسەيە مەسەلەكان وەردەگێرتەوە بۆ پێچەوانەكەيەوە، بۆ ئەوە دەرفەت نەدرێتە پاڵنەرە دەرەكێيەكان بۆ قۆزتنەوەی زەمينەسازييەكانی نێو واقيعی كۆمەڵگەی ئيسلامی ، ئەوا پێويستە "ئەو كونەی بای لێ دێت بگيرێت" ، نەک پەردەپۆشی بۆ بكرێت!!. كە گرنگترينان لەچارەسەری قەيرانە ئابوورييەكانی كۆمەڵگەيە و لەبنبڕكردنی هەژاری و بێكاری و هەوڵدان بۆ خۆشكردنی باروگوزەران و نەهێشتنی نەخوێندەواری و باوبوونی ژيانی مەدەنييەت و ديموكراسيەت ، بەتايبەتی لەلايەنی پەروەردەوە كە لەخوێندنگە و ئەو ژينگەيە كۆمەڵاتييەی كە لەسەرەتاييەكاندا سايكۆلۆژيەتی مرۆڤی تيادا چەكەرە دەكا و لەداهاتوودا رێچكەی بەرجەستەكردنی تيادا بەدی دێت، ئەوەتا كۆمەڵگەی عارەبی و بگرە ئيسلامی بينای سايكۆلۆژيەتی لەسەر ئەوە دەكات كە بێجگە لەئيسلام ، ئايينی ديكە قەبوڵ ناكات و هەموو دونيا هەڵەن و تەنيا ئايينی ئيسلام بە ئايينی خودايە! وجيهاديش لەو پێناوە بەفەرزێكی ئيسلامی دەناسێنێ و سەلەفييە جيهادييەكان تۆختريان كردۆتەوە ، ئەوەی جيهاد نەكات بە جاهيلی دەمرێ!!!!! ، هەموو رێگە چارەيەک رەوايە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤايەتی بهێنرێتە سەر ئەو ئايينە، موسڵمان باشترين ئومەتی دونيان "خير امة اخرجت للناس" ، ئەم جۆرە بيرۆكەيە هاندەری ئەوە دەبێت كە بۆ جارێكی ديكە بير لەداگيركردنی وڵاتان ديكە دووبارە بكرێتەوە ، "بەرێگەی توندوتيژی وتيرۆر بەرامبەرەكەی وا لێبكات قەبوڵی

**بکات[٤] . تا چارەسەری هەژاری و بێکاری و کێشە پەنگخواردەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە کەهێز لەنەبوونی و دەستکورتی تاک وەردەگرێت ، نەکرێت، مەحاڵە بتوانی بپرژێیە سەر چارەسەری بوارەکانی دیکەی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو مەسەلانە !!، ئەوەتا لەنێو ئامارەکان دەردەکەویت، "ساڵی ٢٠١٥لەدونیا ٧٩٥ ملیون کەس هەیە کە ناتوانێ وەک پێویست خواردنی دەست کەوێ و ئیستا گەیشتۆتە ١٢،٩% دانیشتوانی دونیا [٥] کەچی لەوڵاتانی عارەبی ئەو رێژەیە لەزیادبووندایە و تا ئێستا "بێکاری ١٤% تێپەڕاندوە، لەدونیا ٦،٢% و ساڵانە ئەو بێکارییە بە رێژەی ١،٥% زیاد دەکات، مانای وایە ١٧ ملیون بێکار هەیە لەکۆی ٣٥٠ ملیون کەسی وڵاتانی عارەب ساڵی ٢٠٠٩"[٦] کەچی ساڵی ٢٠١٤ گەیشتۆتە ١٧%[٧] لەهەمان کات هەژاری لەهەڵکشانەدایە و لە٢٢دەوڵەتی عارەبی ،٧،٤ % دانیشتوانی بە ١،٢٥دۆلار دەژین!!؟ ، لەسودان ٤٦،٥% و یەمەن ٤٥،٢% و لوبنان٣٨% وعێراق ٢٥% لەژێر هێلی هەژاریدایە [٨] ، عێراق رێژەی هەژاری خۆی لە٣٤% دەدات، ئەما "رێژەی نەخوێندەواری لەوڵاتانی عارەبی ٢٧% و ٦٠% ئەو نەخوێنداریە ، لەنێو پیاوانە !! و ٦% منداڵن لەتەمەنی ٧_٨ ساڵان دەبن و ٧_٢٠% ئەو منداڵانەی دەچنە بەر خوێندان لەساڵی یەکەمەوە لەخوێندنگەکان رادەکەن و ٦٣_٨٠% لەئاکامی شەڕ لەخوێندن بێبەش بوون[٩] ، هەربۆیە دەکرێ بگوترێ "هەر داعشێکی بێ سەواد کە دەوڵەمەندە عارەبەکان لەهەژاری رزگاری دەکەن، کە فکری سەلەفی جیهادی هەڵدەگرێ تەکفیری دەکات [١٠]، لە لایەکی دیکەوە لەخوێندنەوەدا ئەوەی یەک هاوڵاتی**

---

٤ حنة ارندت / فى العنف – ترجمة ابراهيم العريس – دار المساقي- الطبعة الاولى ١٩٩٢ بيروت- لبنان

٥ The what وات/العدد١٣........................ص١٣٤

٦ مجموعة من اساتذة الجامعيين / علاج ازمة البطالة من منظور الاقتصاد الاسلامي ... ص١٨

٧ The what/ دراسات حول داعش/ داعش خلاصة الفقر و الامية ووالبطالة .........ص٤٧

٨ سمير التنير / الفقر والفساد في العالم العربي ص٤٧

٩ The what / .العدد (١)......... ص٤٥

١٠ احمد جمال سالم/ التعليم فى العالم العربى - سایتی الالوكة ..٢٠١٣/١٢/٢١+ ذوات العدد ١٢ .ص١٣١

ئەمریکی دەیخوینتەوە لەساڵێکدا ئەوا یەک ملیون عارەب دەیخوێنتەوە کە ١١ پەرتووکە"[١١] هەر بۆیە چارەسەرییەکان لەلایەنی سیاسەت دەسوڕێنەوەو بەرنامەڕێژی ئابووری وڵاتانی ئیسلامی ، بە پێچەوانەی دونیای رۆژئاوادا، زۆربەی کات سیاسەت ئابووری بەڕێوە دەبات ، ئەو هۆکارانە وا دەکات بێ ئومیدی و بۆشایی دەروونی لەلای تاکی ئیسلامی پەنگ لە نێو هەناوی خۆی بخواتەوەو رێچکەی چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، لەلای دیکە "نزیکەی ٨٠٠ ملیار دۆلار عارەب لەدەرەوی وڵاتەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن کە دەتوانێ زۆر کەلەنی ئەو بێکاریەی کۆمەڵگەیانە پر کاتەوە[١٢]، بەهۆی نەبوونی ئەمنیەت لەوڵاتەکەیدا کەچی ئەو سەرمایە لەدەرەوە تەوزیف دەکا نەک ناوخۆ. لەراستیدا نایەکسانی و ناعەدالەتی لەدونیادا یەکجار زۆرە ، ئەوەتا لەدونیا ئەوڕۆدا " ئەو وڵاتانەی باڵاداهاتن کە رێژەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان بە بەراورد بە دانیشتوانی جیهان ١٤،٩% پێکدەهێنی ، داهاتی ٧٩%ی داهاتی دونیایان لەژێر دەستە ، بەڵام وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کە٨٦،١% دانیشتوان پێکدەهێنن ، ئەوا تەنیا ١٥ % داهاتی دونیای لای گڵ دەبێتەوە!؟ "[١٣]، بە گشتی رێژەی هەژاری و بێکاری و بی ئازادی وزولم لێکردنی رۆژئاوا لەوڵاتانی ئیسلامی کە بەلوت بەرزییە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن ،هۆکاری بێ ئومیدی و غوبنکردنە بە تایەبەتی لەلای گەنجانی موسلمان بیر لەتۆڵە وئیجبارکردنی بەرامبەرەکەیان" رۆژئاوا" بکەن دەست لەو کەمزانینەیان هەڵگرن ، بۆیە پەنا دەبەنە بەر تیرۆر و هێزی تیرۆرستی قەبەدەبن !!! ، عارەبەکان دەڵێن لەئەلمانەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم پتر رەزیل کراوین کەچی هیتلەرێکمان لەنێو پەیدا نەبووە!![١٤] ، بنلادنیش لەشەریتێکی ڤیدیۆیی کە لە ٢٠٠١/١٠/٧ بڵاوکراوەتەوە

---

[١١] The what / العدد ٨ .......٢٠١٥...ص١٢٩

[١٢] هەمان سەرچاوە . ..ص١١٧

[١٣] د. کامل علاوی کاظم / البطالة فی العراق..............ص١٢

[١٤] مجموعة من اساتذة / علاج ازمة البطالة ....... ص١٨

**هەمان قسە بە شێوازێکی دیکە دووبارە کردەوە و گوتی " بەسوک سەیرکردنی ٨٠ ساڵەمان پێویستی بە هەڵسانەوە هەیە ١٥، ئەمەو لەکاتێکدا ئیسلام خۆی بە باشترین ئومەتی سەر دونیا دادەنێ و رۆژئاواش وای مامەڵەی لەگەڵ دەکات و بۆشایی بێ دەسەلاتی دەوڵەت دروست دەبێ لەژێر هۆکاری کاریگەرییە ناوخۆییەکان و بە کەڵک وەرگرتن لەزوڵمی مەزهەبی و هەژاری" سێیەکی ٢٧% وڵاتانی ئیسلامی نەخوێندەوارن ، کە زۆربەیان لە نێرینەکانن ئەوجا گەنجەکان١٦، ئەو فەزاییە بێ سەروبەریەی لەسوریا و عێراق و لیبیاو هەندێ وڵاتی دیکە ، تیرۆرستان توانیان بوارەکە بقۆزنەوەی سەرکەوتنی خێراو گەورە بەدەستبهێنن وزەخمی مرۆیی و پانتای جوگرافی، زیاد بکەن لە ماوەیەکی کورتزەمەندا.**

---

[١٥] سمیر التنیه/ الفقر و الفساد فی العالم العربی...................... ص٤٧

[١٦] هەمان سەرچاوە ..................... ص٦١

# هۆكاره دەرەكییەكان

رۆژئاواو دۆستەكانی لەدەورانی شەڕی ساردا چاوپۆشی وسازشی زۆریان لەگەڵ ئیسلامگەرەكان كرد، ئەمریكا "هێزه ئوسلی و سەلەفییەكان بۆ دژایەتی سۆڤیەت و چەپەكان بەكار دەهێنا[17]، بە تايبەت لەشەڕی ئەفگانستان لەگەڵ سوپای سۆڤیەت ، كەچی ئەو سەلەفیانە قاپی ئەمریكایان گرتەوە ، ئەوەتا دوای ئەوەی ئەمریكا ساڵی ١٩٩١ عێراقی لەكوێت دەركرد ، بنلادن لەئەمریكییەكان هەڵگەڕایەوەو كەوتە دژایەتی كردنیان!!! ، ئەنوەر سادات چەندە گرنگی بەو ئیسلامگەرایانە دا دژ بە ناسرییەكان بەكاری هێنان، كەچی ئەو ئیسلامگەریانە سەریان خوارد و بەرۆژی رووناک تیرۆریان كرد!!، ئەمریكا پشتیوانی لە كۆدەتا سەربازییەكەی محەمەد زیاء حەقی ئوسولی پاكستانی كرد دژ بە زولفەقار عەلی بۆتۆی عیلمانی!! ، ئیسرائیل، حەماسی دامەزراند دژ بە رێكخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی عیلمانی وئەمریكا پشتەوانی لەتالیبان كرد دژ بەهێزه ئیسلامییەكان ئەفگانستانی میانڕەو[18]، كە ئەمریكە ،عێراقی داگیر كرد بە گشتی هێمنییەک لەو وڵاتە دروست بوو دوای لەسەركارلادانی سەدام حوسێنی دیكتاتۆرو نەژادپەرست ، ٧٠_٩٠% ی ئەوانەی چاوەڕوانی ئازادی بوون لەلایەن ئەمریكییەكان بەهەڵەگیران و سوكایەتی زۆریان پێكراو لەرەوشێكی یەكجار خراپێ گرتووخانەكان ژیانیان بەسەربرد وبەپێی زانیارییەكانی هەواڵگری سەربازی ئەمریكی نزیكەی بەسەدان هەزار لەخەڵكی عێراق كوژران و بێ سەروشوێن كران و یان گیران ' بۆیە ژمارەی تیرۆرستان تا تشرینی دووەمی ٢٠١٤ لەعێراق لە پێنج هەزارەوە بازی دا بۆ بیست هەزار[19] ، جۆن كیری وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریكا لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنی سالی ٢٠٠٤ رایگەیاند "كەئیدارەی بۆش

[17] نعوم تشومیسكي/ السلطان الخطیر....................ص٤٣

[18] هەمان سەرچاوە ................ص٤٤

[19] دیڤید كین / حرب بلا نهایة ...............................ص٢٦

**توانی ٧٥% سەرکردایەتی ئەلقاعیدە بگریّ کەچی ژمارە ئەندامانی ئەلقاعیدە هەر لەقەبەبوندابوو ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتبووە ١٨ هەزار٢٠، تا یەکیان لەناو دەبرێن بە دەیانی دیکە دروست دەبنەوەو پەیوەندی بە رێزەکانیان دەکەن، هەربۆیە بیّ سەروبەری لەشەڕی تیرۆر و بەکارهینانی بۆ مەبەستی سیاسی و ئەولەویەت دان بە هەندێکی دیکە پیش ئەو شەڕەو خاوی سستی لەدژایەتی هەندیّ وڵات بە تایبەتی سعودیاو پاکستان کە سەنتەری تیرۆرن ، سعودیا پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ پنتاگۆن و توانایەکی پارەی هیشکەی بە ١٨٠ ملیار دۆلار هەیە ٢١و پاکستان بە ئاشکرا هەواڵگری سەربازی رەگوڕیشەی ئیسلامگەراییان هەیە و چەندین جار هەلیکۆپتەرەکانیان بنلادنیان لەدەستگیرکردن رزگارکردوە، کەچی بۆ دژایەتی کردنی هیند ، چاویّ لێدەپۆشیّ!!! ، لەراستیشدا مرۆڤ بەردەوام ئەو کات خۆی بە ئینسانی ئازاد دەزانی کە لەلایەن هیچ کەسیك و لایەنێکەوە نەچەوسێتەوەو سارتەر بە غەریزەی خۆ فەرزکردنی داناوەو ڤۆلتیر بەوەی داناوە لەزەت لەوەدەرگیری کە بەپێی هەڵبژاردەی ئەو مرۆڤە هەڵسوکەوت بکات سوکایەتی پیّ نەکرێت ، ئەوکاتە توندوتیژی و تیرۆر دروست دەبێت، وەک کاردانەوەیەکی ئەو چەوسانەوە یاخۆد" توندوتیژی بۆ ئەوەیە تاوەکوو بەرامبەرەکەت ناچار بکەی هەرچی بتەویّ بۆت بکات"٢٢.لە کۆتاییدا وەک ڤۆلتێر گۆتەنی "ئەوانەی وات لێدەکەن لەدەرەوەی عەقلانییەت کاربکەی، ئەوا هەموو تاوانێکت پیّ ئەنجام دەدا"٢٣**

---

[٢٠] هەمان سەرچاوە...................................ص٢٦

[٢١] باتریک کوکبیرن/ ترجمة میلشین حبیب ...... ص ٦٧ص

[٢٢] حنة ارندت / فی العنف ..........................................ص٣٢

[٢٣] عادل ضاهر/ الامحقول فی الحرکات الاسلامیة........................ص٥

# ئیرهابی فکری کۆڵەگەی سەرەکی داعشە

سەلەفییە جیهادییەکان کاروانڕێ نیین لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا ، بەڵکوو لەو ژینگە پەیدا بووینەو قەبە و رسکاینە لەسەر کۆمەڵێک هۆکار ،یانی لەبۆشاییەوە دەرنەکەوتوون ! ، بەڵام جەوهەرەکەیان پشت دەبەستێت بە فکر و عەقیدە ، کە شەرعی ئیسلامە، لەگەڵ تەواوی ئیسلامگەراییەکانی دی بنەما سەرەکی شەرعیان هاوبەشە ، ئەوەی داعش لەوانەی دیکە جودا دەکاتەوە ، رادیکاڵترین و توندڕەوترین و یەکلاکەرەوترین ڤێرژنی جیهادیین لەبواری تیوری و مومارەسەدا ، لەبنەڕەتیشدا قەیرانەکە ، قەیرانێکی عەقائیدی کەڵەکەبووەو بۆ دەرباز لەو قەیرانە داعش ئەو شرۆڤانەی هەڵبژاردوە بەو توندڕەویەدا کە خۆی باوەڕی پێیەتی و هێندەی بۆی بکرێ و دەسەڵاتی هەبێت لەبەرامبەر دۆست و دوژمەکانی ،راستەوخۆش پیادەی دەکات !!! ، مژارەکەش لەوەدایە فکر هەڵسوکەوت دەبزوێنێ و مەدای بۆ دەست نیشان دەکا و فۆرمی بۆ دادەڕێژێ!!! ، هیچ کەسێکی پێ موسڵمان نییە بێجگە لەخۆی و هیچ شوێنێکی پی رەوا نییە جگە لەو ناوچانەی بن دەستی خۆی!!؟.

بە پێی راپۆرتێکی ئەمریکی " ١٣١ موشەریع بەشدارن بۆ فەتوا شەرعییەکانی داعش کە رەگەزیان بۆ٣١ وڵاتی دونیا دەگەڕێتەوە ، بڕوبیانوو بۆ قسەو کردەوکانی ئەو رێکخراوە دەدۆزنەوە کە هەندێکیان ئەکادیمی و چالاکوان و زانای ئایینین"[٢٤]، ئەگەر چی لەلایەن هێزەکانی دیکەی ئەو رەوتە جیهادییە تەکفیرییە بە توندی دژایەتی دەکرێن و ئەوەتا ئەلقاعیدە سێ زانای هەرە بەتوانای خۆی کە تیورستی فیکری سەلەفی جیهادین کە بۆ رەتدانەوە و نەفیکردنەوەی فەتوایەکانیان داناون ، " ابو محمد المقدسي و ابو قتادة الفلسطيني وابوبصير

---

[٢٤] د. عبدالطیف الحناشی/ مجلة _ ذ وەت/ المخارج النظرية و العملية الكفيلة بالتصدی............................ص٢٧

الطرطوسي [٢٥]، سەرەڕای ئەوەی وا زەندەکرێ داعش زۆر متجانس وتۆکمە بێت ، بەڵام لەراستیدا وا نییە و چەندین کون وکەلەبەری تێدایە لەرووی تیوری و شەرعەوە کە یەکێتییەکەی دەخاتە بەردەم هەڵوەشانەوە و لەبنەما گشتییەکانی شەرع دوورە و لەگەڵ واقیعی هەڵسوکەوتی داعشییەکان خۆی پێکدادات کە دەیانەوێ لەسەر عەردا بەجێی بگەیەنن [٢٦] ،لەگەڵ ئەو هەموو رەخنەبارانییە هەمەلایەنیەی دەکرێتە سەریان، داعش نەک هەر توانیویەتی خۆی لەبەرامبەریان راگرێ وبەڵکووو بچێتەوە خانەی هێرش نەک داکۆکیکار!!، هەربۆیە بەرەنگاربونەوەیان لەبواری عەقائیدی وشەرعدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لەمەدلولاتە رەمزییەکانی (لاهوتیەت) و داڕشتنە کەلامییەکانی شەرعدا تەجرید بکرێن و لە ئامیزی جەماوەر و هەوادارایان دەربهێنرێن و بخرێنە نێو رایەڵەی یاساکانی کەتن و تاوانباری و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن ، بەم شێوەیە دەتوانرێ موفرەداتی ئیسلام کە داعشییەکان زەوتیانکردوە و بەدڵی خۆیان شرۆڤەی دەکەن بهێنێرێتەوە سەر مەدلولاتە راستەقینەکەی ئایینی !!. بەم شێوەیە دەتوانرێ ئەو رەگوڕیشەی کە شەرعیەت دەداتە داعش لەبواری ئایینی ، ئاوی لێ دەخواتەوە ،هەڵتەکێنێ و ئەولەویاتی هەوڵەکانی بنبڕکردنی تیرۆر بێت و پێویستە بوار بۆ زاناکانی ئایینی کە قوڵبونەتەوەو لەدین و شەرێعەتی ئیسلامی لێبوونەتەوە ، برەخسینرێ و چیدیکە ئەو "غلوة"و توندڕەوییە بەبەر ئایین نەکن و رێز لە فرە لێکدانەوە و میانڕەوی ئایین و ئایینزا جوداکان بگرن و زەمینەی ئۆقرەیی و ئاشتەوایی لەناو کۆمەڵگەدا وەبەر بهێنەوەو، هەروەها گرنگی بە کەناڵەکانی راگەیاندن بدرێ و تەشوێش نەخرێتە سەر ئایین و مەدلولاتی ماناکانی، لەناو خێزان و قوتابخانەو پەروەردەو ئەو مەسەلەی گرنگی پێبدرێ و رۆشەنبیری مەدنییەتی مۆدێرن بە هەند وەربگیریت لەو نێوەندەدا.

---

[٢٥] سمير الحمادى / الظاهرة الجهادية تعبير اعتراضي ......مجلة ذ ومت/ .....ص ٤٢
[٢٦] هەمان سەرچاوە ....................ص٤٢

## پوختەی باس

سەلەفیەتی جیهادگەری نەک بۆتە بەڵا بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی ، بەڵکوو مەترسی گەورەیە بەسەر دونیا ، وەزیری بەرگری ئەمریکا گۆتەنی "دەبێ بەجدی لەسەر ئەو مەترسییە بوەستین "، نەخۆشییەکە لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامی دەمێکە بە رێگەوەیە و تازە بەو پراکتیزەیە پەلدەهاوێتەوە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی و باشترین خزمەتی ناحەز و نەیارانی ئیسلامی دەکات و بە ئایەت و حەدیس و فیقهی ئیسلامی دژایەتی ئیسلام دەکات!!،زۆر راشکاوانە و راستگۆیانە هاتۆتە مەیدان و ، سازش لەگەڵ تێزەکەیان ناکەن و خوازیارە فەتحی ئیسلام بەردەوام بکا و بیپەڕێنتەوە بۆ ئەورپا و لەئیتالیاو نەمسا و ڤیەنا لەدەرگا ئەو کیشوەرەوە بچێتەوە ژوورەوە و ئەوەی محەمەد فاتیح بۆی نەکراوە تەواوی بکا، و تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە کۆمەڵگەی جاهیلی وێنا دەکاو تەنیا هێندەی بندەستی خۆی بە موسڵمان دەزانێ و ئەوەی ناهێتە بن باڵی دەسەڵاتی بە "جاهیل" دەیناسێ و بە وەحشیگەرترین و دواکەوتووترین شێواز حوکمیشی لەسەر دەدات !!، رەنگە مرۆڤی نیادرتاڵی نێو ئەشەکەوتەکانیش ئەو ەفتارانەیان لێ روو نەدابیت و وێنایەکی یەکجار ناشیرین بە ئایینی ئیسلام دەدەنە دونیا ، وای لێهاتووە ئەوروپاییەکان بە هەموو دەمارە ساردانەکانیانەوە بڵێن هۆپ موسڵمانینە و بڕۆنەوە وڵاتی خۆتان و "ئەورپایەکی بێ موسڵمان ئارامی و ئۆقرەیی دەستە بەردەکات" .

داعش کە ئێستا سەرقافڵەی ئەو رەوتە دواکەوتوو و وەحشیگەریەیە، بەناوی ئایینی ئیسلام و خودا ئەورپییەکان بڵێن" ئەو ئیسلامەی دیلی دەستی شێتانە " ناوزەدی بکەن، و لەکارە خۆتەقاندنەوەکاندا لەبری ئاسمان بڕیار دەدات و ٧٢ حۆریەکە لەسەر عەرد دەبخشێتە خۆکوژەکان!!؟ و مل پەڕاندن وگۆشاوگۆش سەربڕین و سوتاندن و هەڵدانی مرۆڤ لەبەرزاییەکان بە لەپێشترین ئەرکی ئایینی دەزانێ ،

لەبەرامبەریشدا رەوتەک پەیدا بووە لەدژایەتیکەرانیان و شەڕەکەیان بردۆتە ئاسمان ، لەکاتێکدا مارکس گۆتەنی" شەڕ لەسەر عەردە نەک لەئاسمان " ، راستە ئایین بەشێکە لەچالاکییە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگەو ژێرخان و سەرخان بەشدارە و رەتکردنەوەی بۆ ئەوانەی بابەتیانە بیردەکەنەوە ،لاتەرقەوچ هەڵدەکەوێت!! ، بۆیە دەبێ دان بە بواری ئەو چالاکییە بنێین و هاوکاری خستنەوە سەر سکەی راستەقینە و نوێکردنەوەی درەنگە وەختەشی بدرێت، و راستە تیرۆر لەختوخۆڕای پەیدا نابێ و پاشخانی خۆی هەیە ، لەگەڵ ئەوەش شەڕەکە شەڕی ناسنامەو کەلتوورە و لەسەر پاشخان و کەلتووری عارەبی بەڕێوە دەچیت نەک ئایینی !!!، ئاخر چۆن دەکرێت عارەبچێتی و ئایینی ئیسلام چۆن لێکتر هاوێرد کەیتەوە ،لەکاتێکدا ئیسلام لەدوورگەی عارەبی و بە زمانی عارەبی و لەسەردەستی عارەب بڵاو بۆتەوە!!!،ئەو ئایینە چۆن دەتوانێ بە هاسانی لەو کەلتوورە خێڵەکییە خۆی قوتار بکات!!،لەئیسلام و هەموو ئایینەکان سەریڕینی ئاژەڵ ، دەستوور خۆی هەیە ، لەکاتێکدا بە وەحشیگەرانەترین شێوە گۆشاوگۆش سەربڕین بەسەر مرۆڤ ئەنجامدەدرێت کە لەئیسلام و هەموو ئایینەکاندا هاتووە مرۆڤ لەسەر شێوەی خودا دروستکراوەو بە فوی ئەو گیانی هاتۆتە بەر، کەچی نەوەکانی ئەبوجەهل وئەبو لەهەب و ئەبو سوفیان ،........ی، ئەوڕۆ لەجیاتی ئاسمان بە هوڤیانەترین شێوە ئەو روحە دەکوژن!!، بەردبارانکردنی مرۆڤ نەریتێکی جولەکەیە و لەئیسلامدا جەلدە هەیە ، کەچی ئەو زیندە بەچاڵپەرستانە "وأد بنات" نەریتی جولەکەیان خستۆتە پێش ئایینی محەممەدەوە، تاڵان و برۆ و کەنیزە لەئیسلام تەنیا بەرامبەر ئەو کافرانەی شەڕیان کردون کراوە ، کەچی نەوەکانی ئەبو جەهل، بۆ تێرکردنی ئارەزووە ئاژەڵییەکانیان ، جاهیلی ئاسا بەڕێوەی دەبەن و بەسەر هەموو کەسێکی بەجێ دەگەیەنن ، هەموو هەڵسووکەوتەکانیان هێمای جاهیلییەت لێ دەچۆڕێتەوە ، کەچی زۆربەی ئیسلامییەکان لەسەر شتێکی یەکجار کەم، دونیا دەهەژێنن ، لەبەرامبەر ئەو دووبارە گەڕانەوە بۆ جاهیلییەت ، قوڕقەپیان

هەڵبژاردوەو زاتی ئەوە ناکەن تەکفیریان کەن.خاڵێکی گرنگی تر لێرەوە پێویستە دەستنیشانی بکەین ، زۆربەمان مەزەندەی ئەوەمان دەکرد ، داعش بۆ گیانی شیعە و دووبارەکردنەوەی شەڕی جەمل هاتۆتە مەیدان ، کەچی لە بن بەغداو لەنێو فرۆکەخانەکەی سوکانی ماشێنەکەی وەرگێرا بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستان هات و لەوەو پێشیش شەڕی رۆژئاوای کوردستان بە عەتا بۆ تورکیا دەکرد، ئەو گۆڕانکارییەی ئاراستەی بەرەکانی شەڕ بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و باشووری کوردستان ، ئەوەی سەلماند کە داعش کۆمپانیەکەو قۆنترات دەگرێ و دژایەتی باشووری لەبری ئەردۆگان و ئاکپارتی و ناسیونالیستە عارەبەکانی قەتەر و سعودیا گرتووە و لەجیاتی ئەوان شەڕ دەکات و هێرشە بەربڵاوەکانی سەر کۆبانی و باشووری کەرکوک و گرێسپی دەستی خەرواره دڕاوەکەی هاتەدەر لەو مەسەلەدا، ئەگەر چی ئازاری ژانەکە قورس و برینەکان بە سفت و سۆییە ، لەگەڵ ئەوەش بەرهەمی ئەو ئازارە لەپرۆژەی نەتەوەیی کوردستانی نزیک دەخاتەوەو ئالیکار دەبێت بۆ ئەو مەبەستە.

بۆیە لێردەا دەکرێ بگوترێ کە ریفۆرمی ئایینی لەنێو خۆدی ئایینەوە پێویستە و کارێکی لەپێشینەی ئەخلاقی و پەروەردییە بۆ ئەو مەبەستە :

- ئایین لەمەدای خۆی رۆلی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوەو بوار نەدرێت بخرێتە ژێر رکێفی سیاسی و بەرژەوەندخوازی و وەعاز بۆ سوڵتانەکان.
- دەق پەرستی سواوە باوی نەماوەو پێویستە دەق و ئەقڵ هاوکێشەی بۆ هەبێت و دەقی روت لەمەدلولاتی زمانەوانی دەربچێت و بێتە سەرمەدلولاتی ناوەڕۆکی ئایین.
- عەقلانییەت ئایین پتەو دەکات نەک لەماقوڵییەتی کەم دەکاتەوە.

- تەنیا بە لایەنی سەربازی و ئەمنییەوە ئەو مەسەلەیە چارە ناکرێ و بگرە پێویستی بە چارەسەرێکی  بنچینەی هەمە لایەنی هەیە ، بۆ ئەوەی هەر کۆنێک ئەو بایەی لێ بێت دەبێ بگیرێت.

# سەرچاوەکان


١- ابراهيم الحيدري / سوسيولوجيا العنف والارهاب – دار الساقي - ٢٠١٥

٢- ايريک هوبزباوم/ العولمة والديمقراطية و الارهاب – نقله الى العربية: اكرم حمدان و نزهت طيب- الطبعة الاولى ٢٠٠٩

٣- ئازاد قەزاز/ داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە – کوردستان - چاپخانەی موکریان – کوردستان_ ٢٠١٥

٤- احمد كاتب/ تطور الفكر السياسي الشيعي من الشورى الى ولاية الفقيه الطبعة السادسة٢٠٠٨ بيروت لبنان

٥- احمد كاتب/ تطور الفكرالسياسي السني– نحو خلافة ديمقراطية-الطبعةالاولى ٢٠٠٨- بيروت لبنان

٦- احمد سالم / اختلاف الاسلاميين الخلاف الاسلامي- الاسلامي (حالة مصر نموذجا)- مركز انماء للبحوث و الدراسات

٧- الاجتهادوالتجديد في فكر الاسلامي المعاصر دراسات مهداة الى المفكر رضوانالسيد_تقديم احمد عماد _الطبعة الاولى ٢٠١٣

٨- الشيخ محمد رضا الحكيمي، الشيخ جواد املي، الشێخ علي ملكي الميانجي ، السيد جعفر سيدان، الشيخ رضا استاذي، السيد حسن اسلامي ، الشيص

سعيد رحيميان،/ المدرسة الرفكيكية و جدل المحرفة الدينية- دار الهادى
٩- ايدوي بلينيل/ من اجل المسلمين - ترجمة عبداللطيف القرشي-الطبعة الثانية منشورات لاديكوفيرت باريس فبراير٢٠١٥
١٠- امارتيا صن –ترجمة سحر توفيق- الهوية و العنف وهم المصير الحتمي – يونيو ٢٠٠٨
١١- باتريك كوكبيرن/ترجمة ميلشين حبيب/ دار الساقي/ طبعة الاولى / بيروت ٢٠١٥
١٢- جاك دريد/ ما الذي حدث في حدث ١١ سپتيمبر_ترجمة : صفاء فتحي-مراجعة: بشير السباعي – الطبعة الأولى ٢٠٠٣
١٣- جدو كريشنامورتى/ الحرية من المعلوم- ترجمة ايمار سلوم
١٤- جمال البنا / قضايا القرأنية- الطبعة الاولى بيروت لبنان ٢٠١١
١٥- ديڤيد كين/ حرب بلا نهاية-وظائف خفية للحرب على الأرهاب- نقله الى العربية معين الأمام- الطبعة العربية الاولى – ٢٠٠٨
١٦- د. عادل ضاهي/الامعقول فى الحركات الاسلامية المعاصرة-سوريا-٢٠٠٨
١٧- د. عبدالوهاب المسيري/ الهوية و الحركية الاسلامیّة -اتحرير سوزان حرفي – الطبعة الثانیّة ٢٠١٠

١٨- د.هبة رؤوف عزت/ الخيال السياسي للأسلاميين ما قبل الدولة و ما بعدها- الطبعة الثانية – بيروت ٢٠١٥
١٩- هادي العلوي/ فصول من تاريخ الاسلام السياسي- الطبعة الثانية ١٩٩٩- نيقوسيا- قبرص
٢٠- وائل ب.حلاق/ الدولة المستحيلة – الاسلام و الاسياسة و مأزق الحداثة الأخلاقي- ترجمة ؛ عمرو عثمان- ترجمة ثائر ديب- الطبعة الاولب بيروت- تشرين الأول اكتوبر٢٠١٤
٢١- روجيه غارودي / الاصوليات المعاصرة اسبابها و مظاهرها- تعريب د. خليل احمد خليل- دار عام الفين باريس
٢٢- رضوان السيد/ سياسات الاسلام المعاصر –مراجعات و متابعات-الطبعة الثانية ٢٠١٥ لبنان
٢٣- حنة أرندت/ فى العنف – ترجمة ابراهيم العريس – دار الساقي–الطبعةالاولى–بيروت-لبنان١٩٩٢
٢٤- حامد عبدالصمد/ سقوط العالم الاسلامي –نظرة في مستقبل أمة تحتضر
٢٥- مايكل ج . بيري / الدين في السياسة – جوانب دستورية و اخلاقية- الطبعة الاولى –بيروت-٢٠١٤
٢٦- مارسيه غوشيه / الدين في الديمقراطية – ترجمة د. شفيق محسن – مراجعة بسام بركة- الطبعة الاولى ، بيروت، تشرين الثاني "نوفمبر"٢٠٠٧
٢٧- محمد اركون/ نحو تاريخ مقارن لاديان التوحيدية – الطبعة الاولى ٢٠١١

٢٨- مصطفى جحا/ محنة العقل الاسلامي _- الطبعة الاولى١٩٨٢
٢٩- مجموعة من الباحثين/ مفهوم الدولة"الدولة الاسلامية" "الدولة الخلافة"_ ملف بحثي - ٢٠١٥
٣٠- نعوم تشيومسيكي و جبلير الاشقر/السلطان الخطير – السياسة الخارجية الامريكية في الشرق الاوسط
٣١- سمير التنية/ الفقر والفساد في العالم العربي – دار الساقي-الطبعة الاولى- بيروت- لبنان-٢٠٠٩
٣٢- سمير الجحاوي/ الظاهرة الجهادية
٣٣- عبدالكريم سروش/ التراث والعلمانية-البنب والمرتكزات الخلفيات والمعطيات-ترجمن احمد القبانچي-٢٠٠٧- دار النشرالفكر الجديد –العراق_ النجف
٣٤- فايزعزيزمحمد اسماعيل- اعداد/ الاسلام وتجديد دين الامة في عصرالعولمة–دارالايمان ...................
٣٥- صدرالدين القبانجي/ المذهب السياسي في الاسلام
٣٦- صمائويل هنتنغتون/ صراع الحضارات_ترجمة:طلعت الشايب،تقديم:د.صلاح القنصوة- الطبعة الثانية ١٩٩٩.
٣٧- صالح الحصين / العلاقة الدولىّة بين المنهجالاسلام و منهج الحضارة المعاصرة_ الطبعة الاولى- ٢٠٠٨

## گۆڤارەكان:


١- الحصاد/ مجلة تصدرها الاتحاد الوطني الكردستاني – مكتب الاعلام
٢- مجلة ذوات/ مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود لدراسات والابحاث- العدد الاول- سمير الحمادي/ الظاهرة الجهادية تعبير اعتراض اعتراضي متطرف عن بۆسسنا العربي و الاسلامي
٣- مجلة ذوات/ مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود لدراسات والابحاث- العدد الاول_دراسات حول داعش.
٤- محمد دويک /مجلة ذوات/ مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود لدراسات والابحاث- العدد الاول_ داعش دولة الكفر ام دولة الاسلام.
٥- د .عبداللطيف الحناشي/ مجلة ذوات/العدد الاول- المخارج النظرية والعملية الكيفية بالتصدي للظاهرة الداعشية
٦- عادل الطاهري/ مجلة ذوات/ مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود لدراسات والابحاث- العدد الاول_ داعش " قل هو من عند انفسكم".
٧- گوڵان/ گۆڤارێكی هەفتانەیە –ژمارە(١٠٠٨) كانونی دووەمی٢٠١٥
٨- ياسر اورين/مجلة ذوات/ مجلة تصدرها مؤسسة مؤمنون بلا حدود لدراسات والابحاث- العدد الاول- في السياق السياي لظهور الظاهرة الداعشيه.

# تویژینەوەکان

١- احمد جمال سالم/ التعليم في العالم العربي ... مشكلة تبحث عن حل- الاولكة- ٢٠١٣/١٢/٢١

٢- بوشامة مصطفى ، محفوظ مراد/ ظاهرة الفقر في العالم العربي والاسلامي ، اسبابها، آثارها- جامعة سعد دحلب البليدة .

٣- د. جمال نصار/مركز الجزيرة للدراسات- ظاهرة الارهاب: محدادته و حقيقة المواجهة و التناقضات الدولية – ١٥ نيسان ٢٠١٥

٤- د.كامل علاوي كاظم / البطالة في العراق- الواقع ، الاثار، اليات التوليد و سبل المعالجة – جامعة الكوفة كلية الدارة و القتصاد- ايلول ٢٠١١

٥- حسن ابو هنية/ مركز الجزيرة للدراسات / البناء الهيكلي لتنظيم الدولة الاسلامية٢٣/نوفمبر٢٠١٤

٦- حسن الزربيجاوي/ تخلف المسلمين في العصر الحديث- المظاهر و الاسباب

٧- طارق عثمان/ مركز ال مركز الجزيرة للدراسات _مفارقات (داعش) : الامال السياسية التى خابت- ٢٣ نوفمبر٢٠١٤

٨- لينا خطيب / مركزكارنيغي للشرق الاوسط – استارجية تنظيم الدولة الاسلامية : البقاء والتمدد ٢٩حزيران-يونيو٢٠١٥

٩- محمد مسعد العربي/ مابعد الاسلاموية: الأوجه المتغيرة للأسلام السياسي – ١٨نوفمبر .٢٠١٤
١٠- معتز الخطيب /مركز الجزيرة للدراسات / جزيرة للدراسات/تنظيم الدولة الاسلامية : البنية الفكرية وتعقيدات الوا قع- ٢٣نوفمبر٢٠١٤
١١- محمد ابو رمان/ مستقبل الحرب على تنظيّم الدولة الاسلامية٢٣٢٠١٤٠نوفمبر
١٢- مركز الجزيرة للدراسات/ اتجاهات الحرب الدولية على تنظيم الدولة الاسلامية – ٢٩سپتيمبر ايلول٢٠١٤
١٣- مراجعات كتب اليقظة العربية – الاسلام والشرق الاوسط الجديد- تاليف طارق رمضان – عرض :محمود محمد الحرثاني-٧ تشرين الثاني ٢٠١٢
١٤- شفيق شقير/مركز الجزيرة للدراسات / الجذورالايدولوجية لتنظيم االدولة الاسلامية ٢٣/ نوفمبر/٢٠١٤
١٥- عبد الواحد علواني/ التحدي الحضاري في فكر المثقف المسلم- باحث من سوريا
١٦- علاء عبدالعزيز ابوزيد/الوطنية و الحركات الاسلامية/مجلة ثقافتنا للدراسات والبحوث-٢٧-١٤٣٢_٢٠١١

١٧- فاطمة الزهراء بلحسين،عادل بونقل، محمد كنوش / علاج أزمة البطالة من منظور الاقتصاد الاسلامي مع الاشارة الب الدول العربية

١٨- ويكيبيديا / الحرب ضد الدولة الاسلامية ١٩ ايلول ٢٠١٤

١٩- ويكيبيديا/ الدولة الاسلامية في العراق والشام ٤ سبتيمبر

# Daesh "ISIS"

or

# Tribe state Arabic at the modern time

## دولة اسلامية فى العراق و الشام (داعش)

## ام إعادة دولة القبلية فى زمن التحديث

**kawa nader qader**

**Kurdistan _Hewler**

٢٠١٦

# Daesh "ISIS"
# or
# Tribe state Arabic at the modern time

دولة اسلامية في العراق و الشام (داعش)
ام إعادة دولة القبلية في زمن التحديث

kawa nader qader
Kurdistan _Hewler

2016

**دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام**
**(داعش)**
**یان دەوڵەتی خێڵەکی عارەبی  لەدەورانی مۆدێرندا**

ناوی نوسەر: کاوە نادر قادر

دیزاینی بەرگ : بانو سالار

دیزاینی تێکست :

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

ساڵی چاپ : ٢٠١٦

چاپخانە :
تیراژ  :  ٥٠٠

نرخ  :

ژمارەی سپاردن :

هەولێر _ کوردستان